تابلۆی سەمای ژنانی کورد لە نەورۆزدا،

## هێمای بەگژدا چوونەوەی تاریکی و چڕینی بیری ئازادە


# ژنان ٥٢

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ**

خاکەلێوەی ١٤٠٠ - April 2021





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێرست


| | |
|---|---|
| ل.٢ – | بەبۆنەی ٧٥ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوی یەکییەتی ژنانی دێمیموکراتی کوردستان |
| ل ٥– | پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان |
| ل.٦– | پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ١١١ـەمین ساڵوەگەڕی ٨ی مارس |
| ل.٨– | پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٧٥ەمین ساڵی خەبات و تێکۆشانی |
| ل.١١– | پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە |
| ل.١٢– | ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ ئەو ڕۆژەی کە ژنی دێموکراتی برە جیهان ناساند |
| ل. ١٤– | ڕۆژی جیهانی ژنان ڕۆژی سەرکوتکردنی بزوتنەوەی چالاکوانانی ژنان لە ئێران |
| ل.–١٦ | ناسنامەیەکی نیوسەدەیی ژنێک بەناوی گوڵبەهار |
| ل.١٧– | لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێکی سەرکەوتوو و ئازایە |
| ل.١٨– | کۆچی ناوەختی ئامینە خانی ڕاتبی .... |
| ل.١٩– | ئەوان خۆیان قەڵا بوون |
| ل.٢٠– | کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە قالبی توندوتیژی دژ بە ژنان |
| ل.٢١– | چالاکی |
| ل ٣٠ | کۆڕۆنا و کێشەکانی ژنانی لەشفرۆش و گیرۆدەی ماددەی سرکەرەکان |
| ل ٣١ | کێشەکانی کاری ژنان لە ساڵی ڕابردوودا |
| ل ٣٢ | ئەدەبی (کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی شەهید سوهەیلا قادری....) |
| ل ٣٤ | هەواڵ و چالاکی |
| ل ٣٨ | سوژە ئاوڕێک لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستان |
| ل ٤٤ | پەیامی ڕێکخراوەی کاروباری ڕێکخراوەکانی حیزب |
| ل٤٦ | پەیام و پیرۆزبایی دڵسۆزان |
| ل ٥١ | هەواڵ و چالاکی |
| ل.٥٢ | بزوتنەوەی ژنان هاوشان و هاوکاتە لەگەڵ ویستەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی و ئایینی و.... |
| ل. ٥٣ | تجاوز در بستر زناشوویی |
| ل.٥٥ | ئاڵبۆمێک لە جوانترین وێنەکانی میوانداری ٧٥ەمین ساڵی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کودرستان |


## دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان


ژمارە ٥٢ی گۆڤاری ژنان
ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان



بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان:
y.jnan.dk.@gmail.com
009647518770093



دیزاینی گۆڤار:
نەسرین یوسفزادە
بەرگ:
ئەیوب شەهابیڕاد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەروتار

# به بۆنەی ٧٥ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**عیسمەت نستانی**

مێژووی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ٧٥ ساڵ لەمەوبەر، واتە سەردەمی کۆماری کوردستان. دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر ٢٢ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٦ی زایینی نوقتە گۆڕانێکی گەورە لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک دووهەمین حکوومەتی کوردی لە نیوەی سەدەی بیستەم، بە یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی شۆڕشی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی دادەنرێ.

کۆماری کوردستان سەرەڕای تەمەنی کورتی، لاپەڕەیەکی گرینگە لە مێژووی گەلی کورد، بە شێوەیەک کە نووسەرانی کوردو غەیرە کورد بە گرینگییەکی زۆرەوە لێیان ڕوانیوە و بە زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیا وتار و توێژینەوەی زانستیان لەسەر نووسیوە. لەساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانی بەتایبەت دوای داگیرکردنی بەشی زۆری ئێران لەلایەن بەریتانیا و یەکیەتیی سۆڤیەتەوە، ساڵی ١٩٤١ی زایینی بارودۆخێکی لەبار بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەخسا. ئەو دەرفەتە مێژووییە لەماوەیەکی کەم دا هێندێک گۆڕانکاری لێکەوتەوە، بە مانای هاتنە کایەی جووڵانەوەیەکی سیاسیی ڕێکخراو لەو بەشەی کوردستاندا، کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان گەیشتە لوتکە.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەو کات و سەردەمەدا، لە کاتێکدا بوو کە کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەتی، کۆمەڵگەیەکی فیئۆدالی و لەهەمان کاتدا سوننەتی بوو.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان فەزایەکی ئەوتۆی بەڕووی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردیدا کردەوە کە بتوانن خۆیانی تێدا بینیەوە. ژنانی کوردیش کە چەوساوەترین توێژی کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان بوون، توانیان تا ڕادەیەک بە ماف و ئازادییەکانیان ئاشنا بن و هەوڵی وەدەستهینانی بدەن و لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و... هتد بێنە مەیدان و بەشداری بکەن. لەو سەردەمەدا خوێندەواری بەتایبەت خوێندەواری کچان و ژنان زۆر کەم بوو. لە گوندەکان یان هەر نەبوو یان ئەگەر هەشبوو زیاتر چینی باڵادەستی کۆمەڵگە بوون. کۆماری کوردستان بۆ یەکەمجار بەزمانی شیرنی کوردی دەرگای بەڕووی کچان و کوڕانی کورد بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی کردەوە. لە ئەنجامی بیری پێشکەوتووخوازانەی ڕێبەرانی کۆمار و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد، مەرحوم مینا خانمی خێزانی پێشەوا قازی محەممەد، حیزبی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان دادەمەزرێنن.

دامەزراندی کۆماری کوردستان و دواتریش یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاوی واتا ٧٥ ساڵ لەمەوبەر دامەزرا. بۆ یەکەم جار بوو کە ڕێکخراوێکی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا. دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ژنان دەرفەتێکی زێرین بۆ ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و بوو بە هەوێنی چالاکی و خەباتی ژنی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

سەرچاوە مێژووییەکان بەتایبەت ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان کە وەک بەڵگە لەبەردەست دان، ئاماژەیان بە ژنانی چالاک لەو سەردیمدا داوە و بۆ وێنە لە ژمارەکانی ٣٨ و ٣٩و ٤٠ی ئەو ڕۆژنامەیەدا هاتووە کە چەندین ژنی وەک کوبڕا عەزیمی، عیسمەت قازی، شاه سوڵتان فەتاح قازی، خانمۆڵی ئیمامی، کلسووم قنادی، گەوهەر دادوەرزادە، وەلیمە سەیادیان، خدیجە حەیدەری و... هتد لە کۆنفرانسی یایان لە ١٧ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاوی وتاریان پێشکەش کردووە و ژنانیان بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانیان و پشتیوانی لە کۆماری کوردستان هانداوە.

یەکیەتیی ژنان لە ماوەیەکی کورتی دوای دامەزراندنی دا توانی بەشێکی زۆری ژنانی خوێندەوار کە زیاتر لە شارەکان وەک مامۆستا و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بوون لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و دەست بە چالاکی و تێکۆشان بکا. ئامانجی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پەروەردە کردنی ژنی کورد بە گیانێکی نەتەوەیی و هاوکاریی دروست کردنی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بوو کە تێیدا مافەکانی ژنان ڕێزیان لێ بگیرێ.

لە ژمارە ٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار ناوی چەندین ژنی وەک: مەرزیە بلەزاد، خەدیجە حیدەری، خەدیجە باباسوری و وەلیمە سەیادیان هاتووە کە لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان وتاریان پێشکەش کردووە وەک پشتیوانێکی بەهیزی کۆماری کوردستان جێ پەنجەیان لەهەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابوری و... هتد دیار بووە. لە ژمارە ٣٣ بۆ٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان ناوی چەندین ژنی وەک کوبرا عەزیمی، مەرزیە بلە زادەو .....هتد هاتووە کە لە بڵاوکراوەکانی سەردمی کۆماری کوردستان لە بواری پەروەردەیی وتاریان نووسیوە و دایکانی کوردستانیان هان داوە بۆ پەروەردەکردنی جگەرگۆشەکانیان بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی داهاتووی کوردستان، هۆشیار و زانا بن.

لە ژمارە ٤٩ی ڕۆژنامەی کوردستان هاتووە کە ژنان لە بواری ئابووریدا پشتیوانییەکی بەهێزی کۆمار بوون و ژنانی وەک مینا خانم خێزانی پێشەوا، ئامینە الهی، سدیقە وەلی زادە و...هتد وێڕای پیاوان یارمەتییماڵییان بە کۆماری کوردستان کردووە کە ئەوکات پێیان گوتوە (بار و بوو).

کۆماری کوردستان لە هەموو پرسەکاندا مافی ژنانی لەبەرچاو گرتووە بەتایبەت لە پرسی قانوونی شەرعی دا، لە ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لەلایەن حاجی سید بابا شێخ دوو پەسەندکراو لەبارەی دوو مەسەلەی کۆمەڵایەتی بڵاوکردنەوە کە یەکێک لەو دوو پەسەندکراوانە پەیوەندیدار بە مافی ژنان بوو کە ڕفاندنی ژنان و کچانی قەدەغە کرد.

کۆماری کوردستان لە هەموو بوارەکاندا پشتیوانی لە ژنانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان کردووە. مخابن بە نەمانی کۆماری کوردستان، یەکیەتیی ژنانیش چالاکیەکانی پەکی کەوت. لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە سالی ١٣٥٧ی هەتاوی و زیندوو بوونەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی ژنان بە هاوکاری و پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەسپێکی خەباتی خۆی دەستپێکردووەتەوە کە ئەوجارە ڕادیکاڵتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان بووە کە ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە ژنانی کورد زیاتر خوێندەوار ببوون، کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەتی لە هەموو بوارەکان دا بەرەو گەشەی زیاتر ڕۆیشتووە. هەربۆیە لە ماوەیەکی کەمدا توانی لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان بنکە و کۆمیتەکانی بکاتەوەو چالاکی بنوێنێ. یەکیەتیی ژنان هەوڵی دا ژنان هان بدات بۆ چالاکی لە کاری ڕێکخراوەیی لە بواری پەروەردەیی، فەرهەنگی، نیزامی... هتد و هەروەها بڵاوکراوەی «دەنگی ژنانی کورد» دەربکات کە بەداخەوە تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچوو. شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر کوردستاندا بووە هۆی ئەوەی کە کار و چالاکی ئەو ڕێکخراوەیە بەرەو کزی بڕوات و تەنیا لە چوارچێوەی هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کورت ببێتەوە کە وەک بەرگریکارییەک لە مان و مەوجوودییەتی خەڵکی کوردستان خەباتیان دەکرد.
لە دوای شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داگیرکردنی هەموو ناوچەکانی کوردستان، بە هاوکاری و پشتیوانیی دووبارەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو بەشە لەو ژنانەی کە لە ڕیزەکانی حیزبدا وەک پێشمەرگە یاخود بنەماڵەی پێشمەرگە بوون، یەکیەتیی ژنانیان خستەوە سەر پێ و دەستیان بە کار و چالاکی کردەوە و پێڕەوی ناوخۆی کاتییان بۆ ئەو ڕێکخراوەیە دارشت و سەرەنجام ئەو بەرنامە و پێڕەوە لە کۆنفرانسی یەکەمدا پەسند کرا.
ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وێڕای پەروەردە کردنی ژنان لە بواری سیاسی، فەرهەنگی، نیزامی و کۆمەڵایەتی ...هتد توانیویەتی پەیوەندیی لەگەڵ زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان و داکۆکی کارانی مافەکانی ژنان لە باشووری کوردستان و دەرەوە و ناوخۆ دابمەزرێنێ و ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست. ڕێکخراوی یەکێتی ژنان تا ئێستا توانیوێتی سێ کۆنفرانس و پێنج کۆنگرە بگرێ و هەرجارە ڕێبەرایەتییەکی نوێ بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکی ئەو ڕێکخراوەیە هەلبژێرێ و پێی بسپێرێ. ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دوو سکرتێری وەکو شەهید نەسرین حەداد و شەهید سۆهەیلا قادری پێشکەش بە بارەگای ئازادی و یەکسانی کردوون. ئەوەش لە ئەنجامی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بوو. ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی خەبات و تێکۆشانی دا توانیویەتی چەندین کادری لێهاتوو و بە ئەزموون لە دەرەوە و ناوخۆی یەکیەتیی ژنان و ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەروەردە بکات و ئەرکی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانیان پێ بسپێرێ. ڕاستە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان تا ئێستا ناتوانێ بەشێوەی ئاشکرا و قانوونی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکی بکات،



بەلام هەوڵی داوە ژنانێکی زۆر چالاک لە نێوخۆو دەرەوە پەروەردە بکات. ئێستا بەخۆشیەوە ڕەوتێکی ڕوو لە گەشە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەمیان دەبینرێ. ڕێکخراوی یەکێتی ژنان بە هۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەی کە لە زۆربەی ماوەی تێکۆشانی دا هەیبووە کە ئەوەی کە بەشی زۆری تەمەنی ٧٥ ساڵەی لە دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە، ڕاستەوخۆ نەیتوانیوە کەڵک لە دەرفەتەکان وەرگرێ و بێگومان نەیتوانیوە وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دابنێ، بەلام سەرەڕای ئەوەش نفوز و کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی ناو ئەو حیزبە وایکردووە ئەو ڕێکخراوەیە ئێستا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان جێگەو پێگەیەکی دیاری هەبێ.
حوزوور و بەشداری ژنانی ڕۆژهەلات لە چالاکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، ژینگەپارێزی، و وەرزشەوانی...هتد نموونەی بەرزی ئەو جووڵە و حەرەکەتانەی ژنان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانن، کە بەداخەوە ئێستا دەسەلات کەوتۆتە سەرکوتی جووڵە و حەرەکەتە مەدەنییەکانی چالاکوانی مەدەنی ڕۆژهەلاتی کوردستان و سەدان چالاکوانی مەدەنی و فەرهەنگی ڕاپێچی زیندانەکان کراون، زارا محمەدی چالاکی بواری فەرهەنگی و مامۆستای زمانی کوردی بە سەپانی پێنج ساڵ زیندان بەسەریدا نموونەی ئەو چالاکوانە ژنانەن. جگە لەوەش چەندین چالاکوانی ژنی دیکە ئێستا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا چارەنووسیان نادیارە.
لە ساڵوەگەڕی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا داوا لە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە بەرامبەر ئەو سەرکوت و نا عەدالەتییانە و پێشێلکردنی مافی چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بێدەنگ نەبن و ئەو پێشێلکارییانە لە قاو بدەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
# بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
**مرکز همکاری احزاب کردستان ایران**

**خەڵکی خەباتکاری کورد**
**هاونیشتمانیانی خۆشەویست**
**ژنان و پیاوانی مافخواز**

به درێژایی زیاترله سەد ساڵە کە ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژن ناسراوە و لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان ئەو ڕۆژە بەرز دەنرخێندرێ و ڕێزی لێ دەگیرێ. لەو ڕۆژە جارێکی تر پێداگری لە سەر مافی بەرانبەری ژن و پیاو دەکرێتەوە و ئەو ڕاستییە چەندپات دەکرێتەوە کە هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێ ئازادی و دیمۆکراسی ڕاستەقینە بە خۆیەوە ببینێت ئەگەر مافی نیوەی دانیشتوانی خۆی لەبەر چاو نەگرێت.

لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوو بە هۆی گەشەی دیمۆکراسی و بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگای بەشەری پێگەی ژنان هەڵکشانی بە خۆیەوە بینیوە و تا دێت ژنان پتر جێ پێی خۆیان قایمتر دەکەن. دیارە ئەمە تەنیا هەنگاوێکی کورتە کە هەڵگیراوەتەوە و ئەو مافە ڕەوایانە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت لە زۆربەی وڵاتانی دنیا هەر بە ئاشکرا پێشێل دەکرێ ، ڕوانینی نەریتخوازانەی پیاوان و تەنانەت بەشێکیش لە ژنانیش بەربەستێکی گەورە بووە لە بەر پێی بەرەوپێش چوونی دۆخی ژنان لە سەر ئاستی جیهانی دا.

کەم نین ئەو ژن و پیاوە ئازادیخوازانەی کە لە ساڵانی ڕابردوو بە باوەڕمەند بوون بە مافی ژنان و هەوڵ و تێکۆشانی زۆر، خزمەتی گەورەیان بە وەدی هاتنی ئەم دەسکەوتانەی هەتا ئێستاش کردووە و تا دێت لە سەردەمی نوێ دا بەرەنگاری و دژایەتی لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی ژنان بۆ بەرهەڵستکارانی قورستر و دژوارتر دەبێتەوە. لە کەس شاراوە نییە کە مافی ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو و یاسامەنددا زۆربەی هەرە زۆری لەمپەرەکانی وەپاش ناوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژنانی خاوەن دەسەڵات و جێگەو پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی ڕوو لە هەڵکشانە بەڵام، لەو وڵاتانەی کە دیمۆکراسی نەیتوانی جێ بگرێت ئەم مافانەش پێشێل دەکرێت و گەشەی نەکردووە و لەبەر چاو نەگیراون.

بە داخەوە لە ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیش هەتا ئێستا ئەو مافانە بایەخی زۆر کەمیان پێدراوە و ئەو ئاستەش لە پێشکەوتن کە هەیە دەسکەوتی ژنان و پیاوانی مافخواز و باوەڕمەند بە ئازادی و بەرابەری ژن و پیاوە. لە ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتە ئایینییە تا سەر ئێسقان دواکەوتوو و کۆنەپەرەستەی کۆماری ئیسلامی دا و بە پێی ئاسای دژە مرۆییانەی کە دایانمەزراندووە، ژن هەتا ئێستاش بە نیوەی پیاو دێتە ئەژمار و وەک ئامرازێک بۆ ژیانی ئاسوودەتری پیاوان چاوی لێدەکرێ و ژنانی لە هەموو مافەکانی بێبەش کردووە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنینەوە دەبینین کە هەزاران و بگرە میلیۆنان مرۆڤی ئازادیخواز لەم ماوەیەدا لێبڕاوانە خەباتیان بە وەدی هاتنی ئازادی و دیمۆکراسی لە ئێران کردووە کە مافی ژنان بەشی جیانەکراوەیەتی. بۆ وەدی هاتنی ئەو ئامانجانە قوربانی زۆری بۆ دراوە،کۆت و بەند و زنجیری بۆ تەحەمول کراوە و سەختی زۆری لە پێناو دا کێشراوە بەڵام، هەتا ئێستاش ئەم خەباتە بەردەوامە. ژنان و کچانی کوردیش وەک سیمبولی بەرەنگاری بەرانبەر بە زوڵم و زۆر و نەریتخوازی هەر دەم پێشڕەو بوون و شان بە شانی پیاوان سەنگەری پێشمەرگانەیان بۆ مۆقاوەمەت و خەبات ئاوەدان ڕاگرتووە و بوونەتە جێگەی شانازی و سەربڵیندی نەتەوەی کورد و لە هیچ تێکۆشانێک درێخیان نەکردووە.

ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەبە باوەڕمەند بوون بە مافی یەکسانی و دادپەروەری بۆ ژنانی کۆمەڵگای ئێران، داوا دەکات کە ژنان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ یاسا و ریساکانی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی وەک چۆن تا ئێستا پێشەنگ بوون، لە داهاتووشدا لە مەیدانی خەباتدا پێشڕەوی موبارزات بن.

بەرز و بەڕێز بێت ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

**١٧ی ڕەشەممەی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**٨ی مارسی ٢٠٢١ زایینی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# ڕۆژی جیهانیی ژن پیرۆز بێ




بەبۆنەی هاتنەوەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن پیرۆزبایی بە هەموو ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز دەڵێم. ئەم بۆنەیە دەرفەتێکە بۆ هێنانەوە بەر باسی پرسی یەکسانیخوازیی ژنان و بەرزنرخاندنی خەباتی مافخوازیی ئەوان.

ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژای مێژوو، بە تایبەت لە ماوەی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیدا چ لەنێوخۆی وڵات و چ لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خەباتیان بۆ مافەکانیان کردووە و ئازایانە و بوێرانە لە مەیداندا بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەخسی پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆککۆمار و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ٧٥ ساڵ بەر لە ئێستا بە بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان و کاریگەرییان لە بەرەوپێشبردنی پرسە گرینگەکانی کۆمەڵ، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراندووە. ژنان هەم لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا و هەم لە ڕیزی ئەو یەکیەتییەدا بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان و بۆ بەرابەری و یەکسانیی ژن و پیاو خەباتیان کردووە و قوربانییان داوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کە باوەڕی قووڵی بە مافە مرۆیی و جیهانداگرەکانی ژنان هەیە و ئەو مافانەی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندووە و بەکردەوەش هەوڵی جێبەجێ کردنیانی داوە؛ خۆی بە پشتیوانی هەمیشەیی خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان دەزانێ.

هیوادارم ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی مافخوازانەیاندا درێژە بە تێکۆشان و چالاکیی مەدەنیی خۆیان بدەن و دژ بە زوڵم زۆر و چەوسانەوە و کولتووری دژە ژن هەردەم لە مەیداندا بن. بەرەوپێشچوونی پرسی مافەکانی ژنانیش بە گۆڕینی قانوونەکان و کولتوور و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ و ئەو ئامانجە بەرزە مرۆییەش وەک ئەرک دەکەوێتە سەر شانی پیاوان و ژنان کە بە یەکەوە بۆی تێبکۆشن و هاوکاری یەکتر بن.

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**٨ی مارسی ٢٠٢١**

**١٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٩**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ١١١ مین ساڵوەگەڕی

# ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان



**هاونیشتیمانیانی بەڕێز!**
**خەباتکارانی کوردستان!**
**ژنان و پیاوانی یەکسانخواز!**
**ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان!**

بە بۆنەی ٨ مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، لە لایەن بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین. هیواداریـن خەباتی هەمە لایەنە و یەکگرتووانەی هەموو ژنان لە جیهان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە گرتووتر و بەرەو یەکسانی و بەرانبەری زیاتر هەنگاو بنێ.

٥٣ ساڵ دوای نارەزایەتیی ٨ ی مارسی ١٨٥٧ کە ژنان لە کارگەیەکی ڕستن و چنینی نیۆیۆرکی ئەمریکا، بە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی، حەقدەستی زۆر نا یەکسان و زوڵم و چەوسانەوە بە دژی ژنان هاتنە گۆڕەپانی خەبات، لە ساڵی ١٩١٠دا، لە کۆپێنهاکی پێتەختی دانمارک، لە دوویەمین کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی سوسیالیستەکان، بە ئیلهام لە سوسیالیستەکانی ئەمریکایی، و لە سەر پێشنیاری لۆییس زیتس، سوسیالستی ئاڵمانی و پشتیوانی کلارا زێتکینی سوسیالیستی پێشڕەوی ئاڵمانی ئەو رۆژە دوای ساڵێک بەرەو نێونەتەوەیی بوون هەنگاوی نا.

لەو کۆنفڕانسەدا کە ١٠٠ ژن لە ١٧ وڵات ڕا تێدا بەشدار بوون، ئیدەگەلی وەک، بڵاوکردنەوەی مافی وەک یەک و مافی دەنگ دان بۆ ژنان پەسند کران. بەڵام لە ساڵی ١٩١١ واتا ١١٠ ساڵ لەوەپێش، لە ئاڵمان، ئوتریش، دانمارک، و سویس ٨ی مارس وەک رۆژی «نێونەتەوەیی ژن»، بۆ یەکەمین جار ناسێندرا.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانیش ساڵی ١٩٧٧ ئەو ڕوژەی وەک «رۆژی مافی ژنان و ئاشتی نێونەتەوەیی» بە فەرمی ناسی. ئەو بابەتە زۆر جێی سەرنجە کە بۆچی مافی ژن لە مافی مرۆڤ جیا کراوەتەوە؟ مافی ژن چەمکێکە کە ئاماژە بە مافی ژنان لە هەموو ساڵەکانی تەمەنیدا دەکا.

ئەو مافە، بە هۆی یاسا، داب ونەریت یا خوو وخدە (ئەخلاق) لە کۆمەڵگەیەک دا، بە فەرمی بناسرێ یا نەناسرێ، جیاکردنەوەی تایبەتی هەیە لەگەڵ مافی گشتی، کە مافی مرۆڤە. چونکە بە پێی ئەو بۆچوونە ماف، لە کاتی لە دایکبوونی هەر مرۆڤێکەوە بە فەرمی دەناسرێ. بەڵام داکۆکی کاران لە مافی ژنان، دەیسەلمێنن کە، بەهۆی مێژوویی و فەرهەنگی ژنان زیاتر لە پیاوان لەو مافە بێبەش و لە پەڕاوێز خراون.

کاکڵی مافی ژنان، پترمافی جەستەیی و دەسەڵات بەسەری دا، مافی دەنگ دان و بەربژێری، مافی کار، مافی حەقدەستی وەک یەک بۆ کاری وەک یەک، مافی خاوەنداری، مافی خوێندن، مافی بەشداری لە ئەرتەش، مافی هاوبەشی لە گرێبەستە یاساییەکان، مافی سەرپەرشتی منداڵان، هاوژین گیری و مەزهەبی یە.

ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان، هەموو ساڵێ لە ٨ ی مارس، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، و بە ڕۆژ ژمێری هەتاوی لە ئێران ڕۆژانی ١٧ یا ١٨ی ڕەشەممە ڕێزی لێدەگیری. ئەو ڕۆژە ناوەندێکە لە هێمای جووڵانەوە و مافخوازی ژنان دا، بەڵام شێوە و شکڵی جیاوازی هەیە و لە هەموو وڵاتان و ئەو ناوچانەی کە ڕێز لەو رۆژە دەگرن، وەک یەک نییە. لەسەر یەک جێژنێکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که دەستکەوت گەلێکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە.

کۆماری ئیسلامی لەسەرەتای هاتنە سەرکاری یەوە، رووپۆش یا حیجابی زۆرە ملێی داسەپاند. پاشان، دانی دەسەڵاتی تەڵاق بە پیاوان، فرە ژنی و سیغە یا مارەکردنی کاتیی ژنانی بێ ئەژماربە پیاوانی شێعە مەزهەب، نەدانی کار لە زۆر بوار بە ژنان ، هێنانە تەمەنی زۆر خواروو بۆ هاوسەرگیری منداڵان، ئیزن پێ نەدانی سەفەر بە ژنانی خێزان دار بۆ دەرەوەی ئێران بە بێ ئیزنی مێردەکانیان، سزای زۆر سووک و دەست ئاواڵە بوونی پیاوان وەک: مێرد، باب، برا و باپیر، بۆ کوشتنی ژنان و کچان بە ناوی سازکراو و بێ بنەمای «قەتڵی ناموسی»، ئەسید پرژاندن بە رووی ژنان و دژایەتی لە گەڵ جوانییەکانیان، دەستدرێژی لە زیندانەکاندا و ئازاری جەستەیی ژنان و کچانی زیندانی، کە نوێترین وێنەی، لە قاو دانی ئازاردانی خاتوو نێرگسی محەممەدییە لە گواستنەوەی شوێنی زیندانییەکەی دا و هەروەها ئێعدامی زارا ئیسماعیلی کە پێش هەڵاواسینی، دڵی لە لێدان کەوتبوو!!!

کێشە ساز کردن لەنێو بنەماڵەکان و لەنێو خەڵک دا، بە تایبەتی ئەوانەی رێژیم نەویست و ئازادی ویستن و مرۆڤ تەوەرانە هەڵسوکەوت دەکەن و لە کاتی پێشهاتە ناخۆشەکان دا، بە هانای خەڵکەوە دەچن. بۆ وێنە، بوومەلەرزەی کرماشان و دەرووبەری و کۆرۆنای بەڵای نوێ، کە بەداخەوە جیهانیشە.

لە ماوەی پتر لە ٤ دەیەی رابردوو دا، ژنان بە دژی سیاسەتە دژە گەلییەکانی رێژیم و سەرەرۆییە مەزهەبییەکەی بەگشتی و بۆ ماف و ئازادییەکانی خۆیان بەتایبەتی بەردەوام خەباتیان کردووە و لانی کەم لەبواری رەعایەت نەکردنی حیجابی زۆرەملی دا، رێژیمیان بە بونبەست گەیاندووە. هەروەها لە هەڵبژاردنی رەنگ و شێوەی لەبەرکردنی جل وبەرگ و چارشێوی رەش، و سەرپەرەشتی منداڵان دا، تا رادەیەک لەنێو ئەو تاریکستانە فکری و رەفتارییە دا، سەرکەوتوو بوون.

ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەرای هەموو ئەو بەربەستانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە یاسا دواکەوتووە دژە ژن و دژە چالاکییە مەدەنی و نەتەوەیی دا ئەنجامیان دەدا، وەک گرتن و زیندانی کردن، ئەشکەنجە و ئیعدام و ئەمنیەتی کردنی فەزای کوردستان، شپرزەیی ئابووری، زۆر زیاتربوونی هێلی هەژاری، بڵاوکردنەوەی بەرفراوانی مادە هۆشبەرەکان، کوشتن و بریندار کردنی کۆڵبەرانی پیاو - کە ژنانی کۆڵبەریش بەداخەوە، بەرچاون و ژیان و گوزەرانی ناخۆش لەبەر بێکاری خوڵقاندوویەتی، هەوڵ و چالاکی زۆر مەزنیان ئەنجام داوە.

بەشداری کردن لە ئەرکی گرینگی فێرکاری و مامۆستایەتی و فێربوونی زمانی دایک، وێنەیەکی گرینگی سەرکەوتن و بەرز راگرتنی شوناسی نەتەوەیی یە. وێنەی نوێی ئەو خەباتە مەزنە خاتوو زارا محەممەدی یە، کە لەبەر درووستکردنی رێکخراوی مەدەنی و فێرکاری خۆبەخشانەی زمانی کوردی، لەگەڵ هاوبیرانی، بە تۆمەتی بێ بنەمای «تێکدانی تەناهیی نەتەوەیی» بە پێنج ساڵ زیندان مەحکووم کرا. بەڵام هەڵسوکەوتی بوێرانەی ئەو خاتوونە تێکۆشەرە لە لایەک پشتیوانی لە دنیای مەجازی و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و حیزب و رێکخراوە سیاسییە جێی ئومێدەکانی ماف خواز و ئازادیخوازی کورد، لە لایەکی دیکە، رێژیمی بە چاڵێش کێشا.

گێرانی دوو مانگ لەوە پێشی کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی، ژینگە پارێزی و فەرهەنگی کە نزیکەی ١٠ ژن و کچیان تێدایە، نیشانەی زیندوویی کۆمەڵگا لە رۆژهەڵاتی کوردستان دایە و خەباتی چەند لایەنەیی ژنان، بە هۆی چاوکراوەیی زیاترلە پێشوویان، جێی ئومێدی پتری گەل و نیشتیمانە.

**بەرێزان!**

لە بواری خەبات و تێکۆشانی رێکخراوەیی ژنان، کە ٧٥ ساڵ لەوەپێش بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دەستی پێکرد؛ ئێستا بەخۆشییەوە دەبینین کە زۆربەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، پشتیوانی لە چالاکییە مەدەنییەکانی ژنان دەکەن. بە خۆشییەوە خەباتی نێوخۆیی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش روو لە زیاد بوونە. تێکۆشانی پڕ تێچووی ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە باشووری نیشتیمان، گیان لێ ئەستاندنی جێی داخی دوو سکرتێری یەکیەتییەکەمان، نەمران مامۆستا نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری، بە تێرۆریسمی مووشەکی کۆماری ئیسلامی، هەنگاویان شل نەکردین. چالاکییەکانی ئەندامەکانمان لە دەرەوەی وڵات و ئەندامەتیمان لە رێکخراوی سوسیال- ئینتێرناسیونالی ژنان دا، چالاکییەکانمان بەرفراوانتر بوون.

ژنان لە سەرانسەری جیهاندا هەتا ئەمرۆ، لە خەبات بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسانی خواز بەردەوامن و ساڵانە لە رۆژی ٨ی مارس دا، چالاکی گەلێکی زۆر بەرێوە دەبەن.

زیاتر لە سەد ساڵ بە سەر مێژووی دەست نیشانکردنی رۆژی ٨ ی مارس، وەک رۆژی جیهانی ژن تێدەپەرێ. بەڵام هێشتا هۆکار زۆرن بۆ ژنان و پارێزەرانی مافەکانی ژنان، کە لەم رۆژەدا لە سەرتاسەری جیهان و بە هاوکاری و پاڵپشتی پیاوانی یەکسانی خواز، بێنە مەیدان بۆ بەرگری لە مافە گرینگەکانی خۆیان و خەباتە رەواکەیان.

هیوادارین، لە یەکەم وەرزی ساڵی ١٤٠٠ ی هەتاوی و دەستپێکی سەدەی پازدەیەمی دا، بەڵای کۆرۆنا بەرۆکی گەلان لە دونیا بەردا. هیواداریین پێکوتەکانی دژە کۆرۆنا، کە بەرهەمی عیلم و زانستی نوێی دوو دەیەی سەدەی بیست و یەکەمن، هەوڵی زانایانی مرۆڤ دۆستی پزیشکی و تاقیگەکان، کادرەکانی نەخۆشخانەکان و زەحمەتەکانی هەموو دڵسۆزان بۆ مافی پتر و ژیانی مرۆڤەکان، سەرکەتوو بن.

جارێکی دیکەش، ٨ی مارس لە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز پیرۆز بێ.

بەردەوام و بەربەرین بێ خەبات و تێکۆشانی ژنان، بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانیان.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**٨ ی مارسی ٢٠٢١ زایینی**
**١٨ ی رەشەممەی ١٣٩٩ هەتاوی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٧٥ مین ساڵی خەبات و تێکۆشانی






**ژنان و کچانی تێکۆشەر!**

**ئازادیخوازن و یەکسان خوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان!**

**خەباتکارانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان!**

پەنجاودوو (٥٢) رۆژ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان و حەوتوویوک دوای ٨ ی مارس، بە هیممەتی نەمر مینا خانمی قازی و ژمارەیەک لە ژنانی ئۆگری ئازادیی و مافی یەکسانی، بە پشتیوانی پێشەوای نەمر قازی محەممەدی سەرۆککۆمار، لە ٢٤ ی رەشەممەی ١٣٢٤ (١٩٤٦) دا، حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا.

ژنان لە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان دا، و دواتر و بەتایبەتی دوای دامەزرانی حیزبی خۆیان، تێکۆشان و چالاکییەکانیان بە تین و گورتر، لە رۆژنامەی کوردستان و کۆبوونەوەکانی ژنان و فێرکاریی لە قوتابخانەکانی منداڵان و گەورە ساڵان دا، زۆر زیاتر کرد.

بیری ژیریی دامەزرانی حیزبی ژنان کە لە حیزبەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی ئوروپاییش لەو کات دا، کەم وێنە بوو و لە بزووتنەوەی ژنانی سەرانسەری ئێرانیش دا، دوا نەکەتبوو. لە ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) دا، «حیزبی ژنانی ئێران» دامەزرابوو و ساڵێک بەو ناوە چالاک بوو. ئەو وەزعە ئەوە دەگەیەنە کە، کۆمەڵگەکانی ئەوکاتی ئێرانیشدا، کەمتر بیری حیزبی سەربەخۆیی تایبەتیی ژنانیان بۆ دەلوا. بۆیە بەرێوەبەرانی کۆمار و پێشەوای مەزن کە لە ماڵی خۆی را هاندەریی پێکهێنانی ئەو حیزبە بووە و ژن و کچانی خۆی بەشدارانی چالاکیی بوون، بێشک ئەگەر کۆماری کوردستان مەودای مانی بوایە و بەرەو هەڵبژرادن چووبایە، ژنان هەم مافی دەنگ دان و هەم بەربژێری حیزبی خۆیان، بۆ هەڵبژاردنەکان دەبوو. وەک: لە ئازەربایجان کە ئەو هەلە رەخسا، ژنان بەشداریی هەڵبژاردنی مەجلیسی میللی بوون، کە لە تەورێزیی پێتەختی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بەرێوەچوو.

گرینگی دانی حیزبی دێموکڕاتی ژنان بە خوێندن و خوێندەواریی و پەرەپێدانی ئەو مەسەلە هەم وەک پێداویستی کۆمەڵگەی دواکەتوو هێشتراوەکەمان و خوێندەواریی سەرەووی نەود لە سەد (٩٠٪) و هەم دووره دیمەنی، ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی بەدروستی لێکدرابۆوە. بۆیە دوای ساوکۆژکردنی کۆماری کوردستان لە وەسییەت نامەی بەرەبەیانی ١٠ خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧)، پێشەوا قازی محەممەدیش دا، پێش لە سێدارەدانی، خوێندن و خوێندوار بوونی، بە چەکێکی گرینگی رۆڵەکانی ئەمگناسی گەل بۆ ئازادیی، مافی نەتەوەیی چاوکراویی و ژیریی، لەگەڵ یەککرێزی دادنێ؛ کە پڕ رەنگترین، بەشی ئەو وەسییەت نامەیەن.

کاتێک لە بیروەریی لە نەسل و وەچەکانی دوای کۆمار، لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دا، دەبینیین یا دەبیسیین، بنەماڵەکانی زۆربەی ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی ژنان، لەبەشی پەروەدەیی و خوێندەوارکردنی منداڵەکانیان دا، دریخیان نەکردوە، لە دوورخرانەوە، زیندانی کرانی خەباتکاران و جووڵانەوەی بەرگریی چەکدارییان دا، یار و پشتیوانیان بوون. ئەو بەستێنە ئومێد بەخشە، لە نارەزایەتییەکان ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨)، ژنان لە ریزەکانی هەرە پێشووی، خۆ پێشاندانەکان بە دژی «سەرەرۆیی مۆدرێزن»ی شا دا، رەنگی دایەوە. تێکۆشانی چەند مانگەی ژمارەیەک لە کچان و ژنان ، لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەرمیی ڕێپێوان و نارەزایەتییەکان لەشەقامەکانی مەهاباد دا، و دەرچوونی چەند ژمارە گۆڤاریی مانگانەی «دەنگی ژنی کورد»، دەرخەرەیی ئەو هەستەن کە دوای ٣٠ ساڵ لە ئاسمانی پێتەختی کۆماریی کوردستان دا، دەتوانێ خۆی نوێ کاتەوە.
لە دوای بە مێژوو سپێرانی ٥٧ ساڵ دەسەڵاتی کوودێتایی پەهلەوییەکان و دەسپێکی ڕێژیمی نوێ بە جەوهەریی ئیسلامی سیاسی، ژنان، لە متینگی پتر لە ١٠٠ هەزار کەسیی شاری مەهاباد دا، میوانداریی و خزمەت و حورمەتیی هەزاران کەسی لە لایەک، بەشداریی لە مێتینگەکە و چەک لە شانی ژمارەیەک لە لایەکی دیکە، ئاستی وشیاریی و ژیریی، کچان و ژنانی پتر نیشان دا.
لە ساڵی پڕ ڕووداوی ١٣٥٨ دا، لە بەهاریی خوێناوەیی سنەدا، لە بەشداریی نەکردنی زۆربەی گەلی کورد لە «ڕاپرسی» بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا، لە ڕووداوی داسەپاو و نەخوازراوی شەڕی نەغەدە، لە ستادیۆم و نێوشار و گەڕەکە کوردییەکان دا، لە هەڵبژاردنی نوێنەریی مەجلیسی خیبرەگانی یاسای بنچینەیی دا- کە لاوە بەهەستەکەی کۆمار و پیاوە بلیمەتەکەی درێژەدەریی ڕێبازی کۆمار- دکتورعەبدولڕەحمەنی قاسملوو، بە نوێنەری گەلانی کورد و تورکی ئازەریی هەڵبژێرا. کاتێک ١٦ ڕۆژ دواتر هێرشی سەرانسەریی بە فەرمانی ئاتوڵڵا خومەینی بۆ کوردستان کرا، و سێ مانگیی پڕ خوێن و وێرانی لێ بەرهەم هێنرا، ژنان لە هەموو چین و توێژەکان لە خەباتی ڕەوای بەرگریی دا، لە هەموو ڕەهەندەکان، بە تایبەتیی پێشمەرگایەتیی دا، داستان گەلێکیان خولقاند، کە لە مێژوویی نووسراو و نەنووسراو دا، فەرهەنگی بەرخۆدان و بڕوا بە خۆبوون، یەکگرتوویی و هاوخەباتیان تۆمار کردەوە.
پاشان کە دەسەڵاتدارانی قوم و تاران، ناچار بە قبووڵی ئاگربەست بوون و «هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد» دروست بوو. چوارچرا شاهیدی مەزنترین کۆبوونەوە بوو. پێشمەرگە و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان هاتنەوە نێو شار و گوندەکان. خەبات و سازماندەیی ئۆگرانی ئازادیی، مافی نەتەوەیی و یەکسانی، نوێ کرانەوە و پێشمەرگەبوونی ژنان و کچان، بوو بەشێکی گرینگ، لە تۆمارکردنی مێژوویی نوێ دا.
لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) دیسان بە دوویەمین ڕێفڕاندۆم، بە یاسای بنچینەیی، مادەگەلیی ئیسلامیی فیقهی و داسەپاندنی ویلایەتیی فەقیە «نا» گوترا. ڕێپێوان گەلێکی پشتیوانی لە «هەیئەتی نوێنەراتی گەلی کورد» ئەنجام دەدران.
لە ڕەشەممەی ١٣٥٨ (١٩٨٠) دا، کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (ئێران) لە مەهاباد، لە ژێر سێبەری تانک و تۆپ، ئەرتەش، پاسدار و بەسیجی ئامادە بە جبەخانەی تەیار، لە چیا و بەرزاییەکان شار و پادگان و مۆڵگە نیزامییەکان، گیرا.
بۆ یەکەم جار، دوایی ٣٣ ساڵ دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنانی کوردستان، هەر لە مانگی ڕەشەممەدا، کچێکی نەمران پێشەوا قازی محەممەد و یای مینای قازی- یەکەم بەرپرسی حیزبی ژنان- خاتوو فەوزییەی قازیی، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێردرا.
هەر لە ڕەشەممە دا، یەکەمین هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی، لە کەش و هەوایەکی فرە حیزبی و ڕێکخراوەیی و بە بەربژێریی سەربەخۆکانیش، سالمترین و ئارامترین هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، کە ژنان و کچان تەبلیغات و بەشدارییەکەیان زۆر بەرچاو و دیار بوو.
لە پاییزی ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠) وە، ئاگربەست لە لایەن ڕێژیم شکا. هێرش و شەڕەکانی نەخوازراو لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستیان پێکردەوە. زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردی بڕیاریی بەرگریان دا. ژنانی و کچان چ وەک پێشمەرگە و چ وەک بنەماڵەی پێشمەرگە، زیاتر لە ٤٠ ساڵە، لە بەرگریی و بەرخۆدان لە بەرانبەر داگیرکاریی لە لایەک و بۆ ڕێکخراو سازیی و سازماندەیی سینفی خۆی لە لایەکی دیکە هەوڵ دەدا.
لەو ڕەوتە دا، لە ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥) یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دامەزرا. لەو قوناغە دا، کاری ڕێکخراویی ژنان، پێشمەرگایەتی و تێکۆشانی نێو حیزب لە کوردستان دا، تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵاو بوون. هەرچەند ڕێکخراویی ژنان لە لایەن حیزبەوە، یارمەتی دەدرا، بەڵام سازماندیی و تەشکیلاتی خۆی جیاواز و لە چوارچێوەی مەدەنیی و فەرهەنگیی دا، زۆربەی چالاکییەکانی ئەنجام دەدا.

### بەڕێزان!

ئێمە لە حالێک دا، ٧٥ مین ساڵی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان یاد دەکەینەوە کە زیاتر لە ٤٢ ساڵە لەگەڵ ڕێژێمێکی دژی گەلیی، خوێنڕێژ، تێڕۆریست، ماف پێشێلکار و سەرەڕۆیی دینی و مەزهەبیی خەبات دەکەین.
درێژی خەبات، و ئاوارەبوونی تێکۆشەرانمان، خەبات و تێکۆشانی ئێمەی بەرفراوانتر کردەوە و لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئوروپایی، کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانمان چالاکن. تێکۆشانی ڕێکخراوەکەمان لە تاراوگە بۆتە هۆی پێوندیی ئێمە لەگەڵ هێندێک ڕێکخراویی ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو، تۆمار کردنی ناوەکەمان لە ژمارەیەک لەو وڵاتانە دا، کە لە سەرووی هەموان ئەندام بوون لە ڕێکخراویی ژنانی ئینترناسیونال- سوسیالیستە.
ئیمزای سێداو بۆ خەبات دژی نەهشتنی توند تیژی، یەکێک لە گرینگترین بەڵگەکانی خەباتمان لەو ڕێکخراوە جیهانییە دایە.
لە ماوەی دو دەیەی رابردوو دا، کار و تێکۆشان و چالاکییەکانی یەکیەتیی بەرفراونتر بووە و لە کاریی ڕێکخراوەیی دا، پێشکەوتنی زۆر باشی لە مێژوودا، تۆمار کردوە. سێ کۆنفرانس و پێنج کۆنگرەی گرتوە و لە بەشی فەرهەنگیی دێمۆکڕاسی و ئاڵوگۆڕی بەرپرسان و بەڕێوەبەریی دا، کارنامەیەکیی درەوشاوەی هەیە. مەخابن دوو سکرتێری بەوەجیشی بە تێڕوریسمی مووشەکیی کۆماریی ئیسلامی، شەهیدان، مامۆستا نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری لە گەڵ ١٤ ڕێبەر، کادر و پێشمەرگەی دێمۆکڕاتەکان شەهید بوون. هەروەها، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێینمان بریندار و زامداربوون و زەبرێکی زۆر بەژان تووشی یەکیەتیی ژنان، بەڕێوەبەریی و چالاکەکانی و کتێبخانەی گشتیی بوو.
بەڵام بە هیممەتی ژنان و کچانی تێکۆشەر، سەرەڕای کێشە و گیروگرفتەکانی ژیانی پێشمەرگانە و پێشمەرگە ئاسایانە، زۆر گیروگرفتی، نەریتیی، ژیانی ئاسایی و کەم داهاتی و مەترسی تەناهی، تێکۆشەرانی یەکیەتیی ژنان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بواری خەبات و بەرخۆدان لە باشووری کوردستان، ژنان لەنێوخۆ و لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان، لە دەرەوەی نیشتیمان، بەخۆشییەوە زۆر چالاکن. ئێستا کە ٧ کچ و ژن، لە ڕێبەری حدک و یەکیەتیی ژنان دان، شانازییەکی گەورەیە بۆ ڕەوتی خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسان خواز دا.

ئەو هەول و تێکۆشانانە لە حاڵێک دایە کە پتر لە ٤٠ ساڵە لە نێوخۆ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، ژنان لە ڕیزی هەر پێشەوەی خەباتێکی سەخت و دژواری چەند ڕەهەندی دان. کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا، بەربەرەکانی لەگەڵ رووپووش یا حیجابی زۆرە ملێ، کۆبوونەوەی بەردەوامی دایکانی پارکیی لالەی تاران، چوار شەممۆ سپییەکان، هەوڵەکانی دایکان، خوشکان، هاوژینەکانی شەهیدان، بنەماڵەی ئێعدام کراوەکان، لە خاوەران و گۆڕستانەکان و مەزاری تاک و کۆیی شەهیدان لە کوردستان، کچانی شەقامی شۆڕش، بەشداریی بەرین لە شەقامەکانی نارەزایەتیی گەلاوەرینی ٩٨ و گیان لێئەستاندن و بریندار کردنی دەیان ژن، کچ و منداڵ، هەوڵ دان بۆ ئازادیی گیراوەکان، لە بەر دەرگای زیندان و بێدادگاکان، ملاقاتی بەردەوام و شێلگیریی زیندانییەکان.

لە قوتابخانە و زانستگەکان دا، لە سەنگەریی خوێندەواریی و فەرهەنگیی دا، لە فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردیی واتا زمانی دایک دا، بەشداریی لە ئەنجومەن گەلیی ئەدەبی، نووسینی کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دا، بەشداریی لە تیمەکانی شاخەوانی و وەزیشوانی دا، لە نەخۆشخانەکان و بازاریی کار و لە چوارچێوەی کار دا، کارە تاقەت پڕووکێنەکانی، ئاشپەزیی، خاوێن کردنەوە و شوشتن، قورسایی ژیان و منداڵ بە خێو کردن، کۆڵبری کردن، لەگەڵ جۆرها توندوتیژیی بەڕووبوون.

لە گیران و زیندانی کران و ئازاری جەستەیی دران و لاقە یا دەستدرێژی کردنە سەریان، شکاندیان کەرامەت و ئینسانییەتیان و دیاردەی قێزەوەنی «پەرەستوو سازیی» لێیان. ژیانی زورە ملێ و کوشتن بە ناوی نادرووستی « قەتڵی ناموسی»، کە بە جۆرێک جێی «سەنگساری» گرتۆتەوە. ئیزنی سەفەر پێنەدانی بێ ڕەزایەتیی مێرد، باوک، برا، سەربەخۆ نەبوون لە بواری ماڵی ژنان و کچان دا و چاو لەدەستبوونیان لە پیاوان، هێشتنەوە لە ماڵ و ئیزنی گەشە پێنەدانیان، بەشێکن لە ڕەهەندەکانی ژیانی ژنانن.

سەرەڕای هەموو ئەو کێشە و ناخۆشیانەی ئاماژە پێکراو، ئێمە لە ئێران، لەگەڵ ڕێژیمێک بەرەوڕووین کە یاساکانی دژە ژنن. ژن بە ناتەواو، لە شاهیدی، لە میرات، لە جەستە دەزانن. لە خۆ بەربژێرکردن بۆ سەرکۆماریی، لە بوون بە وەزیر و وەکیل و قازی، لە سەربەخۆیی بڕیاردان بۆ زۆربەی هەرزۆری وەزعییەتی ژیان، مەحرووم کراون. بەگشتیی ژن وەک مڵکی پیاو سەیر دەکەن.

ئێمە کە دوایین ڕۆژەکانی سەدەی چواردەیەمی هەتاوی تێپەڕ دەکەین، ڕێژیم پتر لە سێ ساڵە، لە بەفرانباری ١٣٩٦ وە هەتا ڕەشەممەی ١٣٩٩، تووشی بەرخۆدانی زیاتر لە لایەن هەموو چین و توێژەکان لە تاران و شارە گەروەرەکان بۆتەوە و لە نێو نەتەوە نافارەسەکانیش دا، بەتاییەتی، گەلانی کورد، بەلووچ و عەرب دا، نارەزایەتییەکان پتر لە پێشوون. سێ دەستەی ١٤ کەسی نامەیەکیان واژۆ کرددەوە و خوازیاریی دەست لە کار کێشانەوەی عەلیی خامنەیی – ڕێبەری نیزامن- دوو دەستەی ئەوان ژنان، کە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەژین. ژنان و پیاوانی نێوخۆی ئەوکارە بوێرانە و نەترسانەیان کرد، و هێلێکی زۆر سووریان شکاند، زۆربەی هەرەزۆریان زیندانی کراون و ماوەیەکی زۆریان زیندان بەسەرداسەپاندوون!!!؟؟؟

کۆماری ئیسلامی لەبەر دەستیوەردانەکانی ناوچەیی و پێکهێنانی شەڕ و ئاژاوە تێیان دا، و گەیشتن بە «هیلال و مانگی شیعی» و گەیشتنەوەی زۆربەی هەرەزۆری سەرداوەکانی تێرۆڕ لە وڵاتانی ئورووپایی بۆ لای ئەو، هەم سپای پاسداران لە لیستی تێرۆر دایە و هەم بە وتەی کەیهانی شەریعەتمەداریی سەر بە بەیتی ڕێبەریی ١٥٠٠ گەماروی لەسەرە.

سەرەڕای شپەرزەیی ئابووری، ئاوسانی بەردەوام و بێ نرخی پووڵ و گەندەڵی میلیاردییەکان، چووکە بوونەوەی زۆربەی سفەرکانی ژیان، شۆڕبوونەوەی هیلی هەژاریی بۆ چینی مام ناوەندیش، درۆ و دەلەسە و فێڵ و تەڵەکەکانی لە چوارچێوەی «تەقیەی شیعە دا» و ناکارامەی نیزامەکەیان، کە بە بەرجام سەری گەلانی ئارایی لە ئێران گەرم دەکەن.

بۆ نەهێشتنی ئەو هەمووە دەر و ئازارانە، دوو ڕەهەندیی خەبات زۆر گرینگن، کە دەروەستمان دەکەن.

یەکەم، خەبات و تێکۆشان بە دژی ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران و نەهێشتنی سەرەڕۆیی دینی، بە یەکگرتویی هەموو گەلانی ئێران ، بە تایبەتی یەکگرتوویی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی و لە نێو ئەوان دا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکرات و بەربرین کردنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ئیتلاف و جۆرێک کۆ خەباتی هاوبەش لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان لە دەرەوە و پشتیوانی و بەهێزکردنی بزووتنەوەکانی نێوخویی. هەروەها، یەکگرتوویی هەموو ڕێکخراوەکانی مەدەنیی ژنان لەو راستایە دا.

دوویەم، هاوبەشی ژنان لەگەڵ پیاوانی یەکسان خواز، بۆ ئازادی و یەکسانی و گەیشتن بە مافی نەتەوەییە. لەو ڕەوتە دا، ژنان و کچان وەزە و توانایی زۆریان هەیە کە دەتوانن ڕۆڵی زۆر گەورە بگێڕن.

پەرەگرتوو بێ خەباتی هەمەی لایەنە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی و گەیشتن بە یەکسانی.

**سەرکەوێ خەبات و تیکۆشانی فرە چەشنییەکان، بە بەشداریی هەرچی پتری ژنان و کچان.**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٩ بەرانبەر بە ١٥ ی مارسی ٢٠٢١**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە به بۆنەی ۲۴ی ڕەشەممە



**بەڕێز یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**سڵاوێکی گەرمی برایانە**

٢٤ی ڕەشەمەی ئەمساڵ ٧٥ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنان (یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێستا)دا تێدەپەڕێ. دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنان تەنیا شەش مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ٥٢ ڕۆژ پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان نیشانەی تێگەیشتنی بەرزی پێشەوا قازی موحەممەد لە نەخشی ژنان و پێویستیی بەشداربوونیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندایە. هەروەک هاندانی ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ ئەندامەتیی ئەوڕێکخراوە و وەرگرتنی بەرپرسایەتیی یەکەمی ڕێکخراوەکە لە لایەن مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەواوە بەڵگەی بەخەمبوونی پێشەوا بۆ پەرەستاندن و پێشکەوتنی ژنانی کورد و حیزبەکەیان لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیدایە.

لە تەنیا نۆ مانگ کار و چالاکیی ئاشکرای ئەو ڕێکخراوەدا ژنی کورد لێوەشاوەیی خۆی بۆ وەرگرتن و بەڕێوەبردنی کار و بەرپرسایەتی نیشان دا و ئیسباتی کرد ئەگەر ژنان دەرەتانی کار و تێکۆشانیان بۆ بڕەخسێ هیچیان لە براکانیان کەمتر نیە. ئەندامانی ڕێبەری و کادری پێشەوەی حیزبی دێموکڕاتی ژنان لە نووسین و وتاردان و کاروباری هونەری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا وەک دەڵێن: «جوان درەوشان» و شانازییان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت.

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانیش کە میراتگری حیزبی دێموکڕاتی ژنانە، لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا شانازیی گەورەی دەست کەوتوە و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە نەک هەر لە چالاکیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، تەنانەت لە بواری پێشمەرگایەتییشدا نەخشی پڕشانازییان هەبووە و لەو ڕێبازەدا زۆریان قوربانی داوە. ئەو قوربانیدانە بە شەهیدبوونی دوو بەرپرسی یەکەمی یەکیەتیی ژنان لە مووشەکبارانی ساڵی ١٣٩٧ی قەڵای دێموکراتدا گەیشتە لووتکە. یادی شەهیدان نەسرین حەدداد و سوهەیلا قادری و تێکڕای شەهیدانی یەکیەتیی ژنان و هەموو شەهیدانی ژن بە خێر و ڕووحیان شاد.

بەمجۆرە یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان هەم ڕابردوویەکی پڕشانازیی لە پشتە و هەم داهاتوویەکی پڕ ئەرک و بەرپرسایەتیی لەپێشدایە. بۆ هەموومان هەرچەندی ڕابردوو پڕ دەسکەوتتر بێ ئەرکی خەباتگێڕانەی داهاتوو قورستر دەبێ. لەسەر یەکیەتیی ژنانە کە بە کار و تێکۆشانی بێوچان و هەوڵی بردنەسەری پلەی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ئەندامانی پتر سەرنجی ژنانی کوردستان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و چەندی بکرێ زیاتر ژنانی کورد لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێک بخا.


لە کاتێکدا بە بۆنەی یادی ٧٥ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان پیرۆزبایی لە ئێوە و هەموو ژنانی کوردستان دەکەم ئاواتەخوازم لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەر شانتاندا سەرکەوتوو بن و نیشان بدەن کە بەهەق میراتگری شانازییەکانی ئەو ڕابردووەن و سەرکەوتنی زیاتر بۆ داهاتوو چاوەڕێتانە.

**سڵاوی دووبارەم قبووڵ بکەن.**

**دڵسۆزتان عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

**٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤

## ئەو ڕۆژەی کە ژنی دێموکراتی بە جیهان ناساند

٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ (٢٠٢١)، ٧٥ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستانە. بە هەموو ژنان و کچانی ئازادیخواز، تێکۆشەر، نیشتمانپەروەر و یەکسانخواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ایران)، بە تایبەتی بنەماڵەی مەزنی دێموکرات، تێکۆشەران و ئەندامان لە حیزبە دێموکراتەکان و ئەو دێموکراتانەی لە دەرەوەی نیشتمان دەژین، پیرۆزبایی دەڵێم.

لە کاتێکدا، لە گەرمەی شەڕی دووهەمی جیهانی و لە خەرمانانی ١٣٢٠ (١٩٤١)ـدا، دەسەڵاتی سەرەڕۆی پەهلەویی یەکەم (ڕەزاشا) نەما، کە پتر نیزامی و لایەنگری ئاڵمان بوو. دەسەڵاتی ناوەندی لاواز و ئێران بە دوو بەشی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەتی و بریتانیا - ئەمریکادا دابەش بوو.

لە ماوەی ٤ ساڵدا، بۆشاییی دەسەڵات و هاتنە ئارای هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک مەدەنی وەزعێکی نوێی لێ چێ کرا، کە بناغەی خەباتێکی دوورودرێژی بە ماوەیەکی کورت بڕی. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک)، ڕێکخراوی لاوان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەوڵەتی جمهووری کوردستان و حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دامەزران.

لە ساباتی خەباتی ژنان هەتا چوار دەیەن و نیو تێپەڕینی سەدەی بیستەم، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خاتوو مەستوورە ئەردەڵان، یەکەمین ژنی مێژوونووس، ئەدیب و شاعیر لە سەدەی ١٩دا و خاتوو قەدەم خێری لوڕستانی تێکۆشەری ڕێی ئازادی لە زەمانی ڕەزاشادا، لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمدا، خەباتی ژنان و کچان کەمتر لە بەرچاون. دیارە نەقشی ژنان و کچان لە پشتیوانیی خەباتکاران، سەروەرزی بەردەوام و جیا نەکراوەیە، لە هەموو قۆناغەکانی جووڵانەوەکاندا. بەڵام ڕێکخراوێکی ئەوتۆی کوردیی تایبەتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو.

بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان، وەرزێکی دیکە و بەهێز کە تا ئەوکات پتر لە ماڵان و لە نێوماڵانیشدا، لە چێشتخانە و دەوروبەری تەندوورەکانی نان و تاقەتکردنی ئاژەڵان، دەخولانەوە. ئەو ڕێکخراوە هەوڵی دا، ئەوەندەی بکرێ بە تایبەتی لە مەهاباد زۆربەی ئۆگرانی تێکۆشان و بە تایبەتی مامۆستایانی قوتابخانە لە دەورەی یەک کۆ کاتەوە، کە زۆربەی باس و خواسەکان، مشوور خواردنی گەشەی "دەوڵەتی جمهووریی کوردستان" و حیزبەکەی خۆیان بوو.

لەو بارەیەوە، لە بیرەوەریی خاتوو شیلان حەسەنپووردا، بەم جۆرە نووسراوە: "... هەر لەگەڵ ئیعلامی جمهووریی کوردستان، لەبیرمە ژنەکانی سابڵاغێش و ئەوانی عێراقیش [گەرمێن] کۆبوونەوەیان هەبوو، حیزبی ژنانیان پێ دەکوت. ماڵ و منداڵ و هەزار کوێرەوەری! دەرفەتی ئەوەم نەبوو هەڵێشە بچم. جا ژنی مەلا مستەفای [یادی بەڕێز بێ] دەیکوت: بۆ خۆت دەشارێوە؟ وەرە بۆ لامان! قسەت خۆشە، عاقڵ و خوێندەواری دەبێ هەر ئەتۆ بێی، واز لەو ماڵ و منداڵە بێنە! ئەویش لە سەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو."

**– کتێبی دەچمەوە سابڵاغ، شیلان حەسەنپوور، ل ١٣٩، بیرەوەری، چاپی دووهەم، سوئێد، کتێبی ئەرزان–**

کاتێک چاو لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار دەکەی، بە تایبەتی ژمارەی ٢٥ و لاپەڕی ٣، کە لە چوارچێوەیەکی چووکەدا، ئەو هەواڵە گەورەیە بڵاودەکاتەوە، کە: "سازکردنی حزبی دموکرات (لە لاین ژنانی کوردستان) روژی جمعە ٢٤-٣-١٣٢٤ لە لاین یای پیشوای کوردستان لە ژماریەکی زور لە یایەکانی تیگەیشتوی کوردستان گیردرایەوە و لە ساتی ٣ پاشنیوەرو لە انجمنی فەرهەنگی کوبونەوە و بە سەروکەتی یای پیشوای کوردستان (یای مینا ...) حزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا و ژماریکی زور لە یایان نیونوسیان کرد و مانگانەی ئەندامەتیان لە تمەنیک تا دە تمەن وەئەستۆ گرت."

**– [ڕۆژنامە]ی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٥، سالی یکەم، یەک شەممو ٢٦ رەشەمە ١٣٢٤، ل ٣.**

چالاکیی ژنان و کچان، لە ژمارە و لاپەڕەکانی دوایی‌دا، بەرچاو و بەرچاوتر لە پێشوو دەبن. مەدرەسەی کچان لە بەیانی هەتا درەنگانی شەو لە چالاکیی و تێکۆشاندان. بەیانی وانە و دەرس بە کچان دەڵێن. دوانیوەڕۆ کۆبوونەوەی ژنان و کچان، شەوانەش فێرگەی گەورەساڵان، بوو.

بە بۆنەی جێژنی جمهووری لە مەدرەسەی کچان، بە بەشداریی پێشەوا قازیی محەممەدی نەمر و قسە جوان و جێی دڵخۆشییەکانی، وتاربێژانی وەک یاد بەڕێزان، یایەکان، ویلیما سەیادییان، پەروانە حەیدەری، کوبڕا عەزیمی، عیسمەتی قازی [کچی پێشەوا قازی] عیشرەت عەزیمی، مەرزیە بلەزادە، فەریدە زەندی، ئێرانی بلووری و... گرینگیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان، پتر دەردەخەن.

ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە، لە ساڵی ١٣٢٠ـەوە هەتا ١٣٢٤ ( ١٩٤١- ١٩٤٥) لە تاران و تەورێز و شارە گەورەکانی دیکەش، بە پشتیوانیی سەرۆک وەزیری ئێران (قوام‌السلطنه) و جێگرەکەی (مظفر فیروز) و هاندان و پشتیوانیی حیزبەکەیان (حزب دموکرات ایران) – کە بۆ بەرهەڵستیی حیزبی توودەی ئێران دروست کرابوو – دەستپێشخەرییان بۆ دامەزرانی "حیزبی ژنانی ئێران" کردبوو، دوای ساڵێک ناویان نا "شووڕای ژنانی ئێران". "حزب دموکرات زنان ایران"، دواتریش "کانون بانوان ایران" واتا ناوەندی ژنانی ئێران. لە لایەن حیزبی توودەی ئێرانیش، "سازمان دموکراتیک زنان ایران" و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیش "حیزبی ژنانی فیرقەی دێموکرات" دامەزران.

**– سایت آسو، مریم حسین‌خواه، تجدید حیات جنبش زنان**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




**در دهەی ١٣٢٠–**

چالاکانی ژنان لە تاران، ئەو کات، یاد بەڕێزان "صفیەی فیروز، صدیقەی دولتآبادی، هاجر تربیت، فاطمە سیاح"، لە نووسەرانی پێڕەوی حیزبی ژنانی ئێران بوون. "مریم فیروز" (فەرمانفەرما)، "مهربخش آذرنوش" و.. لە دامەزرێنەرانی تەشکیلاتی ژنانی حیزبی توودەی ئێران بوون.

**– سەرچاوەی پێشوو–**

جێی ئاماژەیە کە، خەباتی ژنان لە نێو فارسان و شارە گەورەکان و بە تایبەتی تاران، پاشخانێکی زۆر دوور و درێژتری لە کوردستان هەبووە. ئەوان لە زەمانی ناسرەددین شای قاجارەوە ڕابردووی خەباتی مەدەنییان – بە خوێندنەوەی ئێستا – هەبوو. بەڵام لە کوردستان لە ماوەی ٤ ساڵدا، کە هەل ڕەخسا؛ لەو کۆمەڵگە زۆربەی هەرە زۆری نەخوێندەوار و عەشیرەگەری و مەزهەبییەدا، لە چوارچێوەیەکی کەمی جوغرافیاییدا، ئەو کارە مەزنە ئەنجام درا.

چالاکییەکانی دوای لەدایکبوونی، حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان، لە لایەن یایەکان کە بە هاندان و پشتیوانیی پێشەوای نەمر و بەشداریی چالاکی یای مینای قازیی نەمر و کچەکانی، دواتر هاوسەرانی بەرپرسانی دیکەی حیزبی دێموکرات و کچانی خوێندەوار و کەسایەتییەکانی ئەو کات، بە کۆبوونەوە و کاری بەردەوامیان گوڕوتینێکی تایبەتیان دا، بە ژیان و تێکۆشان لە ماوەی نزیک ١٠ مانگ تەمەنی پڕ دەستکەوتی کۆماری کوردستاندا.

لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی ژناندا، حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان ڕێنمۆن و ڕێنیشاندەری خەبات بوو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە هەموو ساڵ لە دوای ٢٤ی ڕەشەمەوە چوونە نێو ساڵێکی دیکەی لە خەبات و تێکۆشانی ژنان بە ئەژمار دێ. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێستا، درێژەی حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستانە کە، شانازیی گرتنی سێ کۆنفرانس و پێنچ کۆنگرەی هەیە. سەدان بەرپرس، ئەندام و لایەنگری، لە نێوخۆ، باشووری کوردستان و دەرەوەی نیشتماندا، تێیدا چالاک و پشتیوانن.

هەروەها لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوەدا، دوو سکرتێری چالاک و تێکۆشەر، مامۆستا نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری، لەگەڵ ١٤ هاوڕێ و هاوخەباتیان بە تێرۆریزمی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، شەهید و بە کاروانی نەمران پەیوەست بوون. ئەو دوو ئەستێرە گەشەی ڕێی ئازادی، یەکسانی و مافی نەتەوەیی لە ئاسمانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بۆ هەمیشە، دەدرەوشێنەوە.

لەو هێرشە جینایەتکارانەدا و خوڵقانی کارەساتێکی دڵتەزێن، دەیان کەسیش بریندار و زامدار بوون، کە زۆرترین کەسەکان، بەداخەوە منداڵان و مێرمنداڵان، کچان و ژنانی نێو قەڵای بەرخۆدانی دێموکرات بوون. ئەوە دەرخەری تێکۆشانی بەردەوامی ژنان و کچان بە شێوەی مەدەنی، فەرهەنگی و سیاسین، کە بە پێی پاشخانی حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستانە کە، ڕەوتی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پێواوە و دەپێوێ.


هێرش بە چالاکانی، مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی و دەستبەسەرکرانی کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی ئەو بوارانە، لە ٢٠ـی بەفرانبار هەتا نزیک ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، کە نزیکەی ١٠ ژن و کچیش، لە لایەنی هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکارەکان، گیران؛ نیشانەی زیندووبوونی، خەباتی فرە ڕەهەندە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ٧٥ ساڵ لەوەپێش تۆوی تێکۆشەری و هەوڵدان بۆ ئازادی، مافی یەکسانی و نەتەوەیی، تێدا چێندران.

٧٥ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی، حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان، جارێکی دیکەش پیرۆز بێ.

**سەر کەوێ خەباتی فرەڕەهەندی و یەکگرتووانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران).**

**بەڕێزەوە: حەسەن حاتەمی، ٢٠ ی فێبرووریی ٢٠٢١ (٢ ی ڕەشەممەی ١٣٩٩).**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وەنەوشە کەریمزادە

# ڕۆژی جیهانیی ژن، ڕۆژی سەرکوت کردنی بزووتنەوەی چالاکوانانی ژنان لە ئێران

٨ـی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان دیاری کراوە. بە پێی ڕۆژژمێری هەتاوی دەبێتە ١٨ی سێهەم مانگی زستان کە ئیسفەندی پێ دەگوترێ و ئەم ڕۆژە خاڵێکی هەرە گرینگ و ناوەندیی بزووتنەوەی مافی ژنانە. لە هەموو دنیا، بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە بۆنەگەلی جۆراوجۆر ڕێک دەخرێت کە هەر کامیان بە پێی وڵاتەکان و ناوچەکان شێوازی جیاوازیان هەیە، بەڵام نێوەرۆکی بابەتی هەموو بۆنەکان تەرکیز دەخاتە سەر بەرگری لە مافی ژنان و هان دانی ژنان بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە.

ڕۆژی ژن، لە سەرەتادا وەکوو ڕووداوێکی سیاسیی سۆسیالیستی لە نێوان حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەمریکا، ئاڵمان و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا بوو، بەڵام ئیتر ئەم ڕۆژە تەنیا تایبەت بە ژنانی وڵاتە پێشکەوتووەکان نییە، بەڵکوو وڵاتانی دیکەش بە شێوازێکی بەرفراوان و نوێ ڕێز لەم ڕۆژە دەگرن. بزووتنەوەی چالاکی ژنان سەرکەوتوو نەدەبوو بەبێ پاڵپشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەککگرتووەکان کە کۆبوونەوەی چڕوپڕیان لە مەڕ گرینگیدان بە مافی ژنان و دان‌نان بە بوونی ڕۆژێکی دیاریکراو بە ناوی ژن، ڕێک خست. هەروەها ئەم ڕێکخراوەیە یارمەتیی ژنانی کرد هەتا دەنگیان بەرز بێ و ڕێگەیان پێ درا بۆ گەشە کردن لە بوارەکانی سیاسی و ئابوورییەوە.

لە ئێران بە شێوازێکی جیاواز لەگەڵ وڵاتانی دیکە، ڕێز لە ڕۆژی ژن دەگیردرێ و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی ئایینی، لەبەر ئەوەی ڕۆژی ژن لە ئێران، ساڵڕۆژی لەدایکبوونی فاتیمە کچی پێغەمبەری ئیسلام و هاوسەری عەلییە، کە زیاتر ڕۆژی دایکی پێ دەڵێن.

دوو هۆکاری گرینگ لە پشت ئەم مەبەستە هەیە: یەکەم هۆکارەکە دینی و مەزهەبییە کە وڵاتی ئێران دەیەوێت ڕەنگ و بۆنی ئایینی بەم ڕوژە بدات و فاتیمە وەکوو سەمبولێک بۆ ژنانی وڵاتەکەی بناسێنێت بۆ ئەوەی زۆرتر لە خزمەتی مێرد و بنەماڵەکەیان‌دا بن.

دووهەم هۆکار ئەوەیە کە ژن بە ناوی دایک پێناسە بکرێ نەک مرۆڤێکی سەربەخۆ. لەبەر وەی ئایدۆلۆژیی حاکم لە ژن تەنیا بەشی منداڵ هێنان و گەورەکردنەوەی خێزانی لە لا گرینگە و تەرکیز لە سەر مافی ژن و حەقانیەتەکانی ژن ناکرێ. ژن لە ئێران وەکوو ئامێرێک بۆ بردنەسەرێی ژمارەی خێزانە و ئەم بابەتە خۆی دەبێتە بەربەستێک بۆ گەشەی سیاسی و فیکریی ژنان.

هەڵبەت حکوومەتی ئێرانیش تا ڕادەیەک بە ئامانجی خۆی گەیشتووە لەبەر وەی ڕۆژی دایک نە تەنیا ڕەنگ و بۆنێکی سیاسیی نییە، بەڵکوو دەرفەتێکیشە بۆ پیاوان کە بتوانن خۆشەویستیی خۆیان بەرامبەر ژنان دەرخەن.

سەرەڕای ئەوەی کە لە ئێران، ئەسڵی بابەتی سیاسی بووەتە ڕۆژی ژن و بواری مافی مرۆڤ بوونی ئەم ڕۆژە کە لە لایەن ڕێکخراوەی نەتەوە یەککگرتووەکانەوە ئەم گرینگییەی پێدراوە، سەرکوت دەکرێ؛ بەڵام بەو حاڵەشەوە هەن ژنانێک کە لەو فەزایەی ئێران‌دا لایەنی سیاسی و ئازادیخوازانەی ڕۆژی ژن لە بەرچاو دەگرن.

بەڵام تەنیا ئاستەنگی بەردەم بزووتنەوەی ژنان سەرکوتی حکوومەت نییە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

حکوومەتی دینی بەربەستێکی بنەڕەتی لە ڕێگای بزووتنەوەی ژنان لە ئێران‌دایە. لەبەر وەی ڕیشەی زۆربەی ئەو نابەرابەری لە ڕەگەزی نێر و مێ لە بیروبۆچونی دینی و ئایینی‌دایە. ئایینی ئیسلام، بنەمای یاسایی و قانونیی لێکدانەوی ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگەدایە و، بەو پێیە لە هەموو بوارەکان‌دا دەبێ جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا هەبێ، هەر بۆیەش هەندێک لە چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنان، هۆکاری جیاوازیی نێوان ژن و پیاو، دەگەڕێننەوە سەر ئایینی ئیسلام.

نیزامی پیاوسالاری لە ئێران ڕیشەیەکی پتەوی هەیە کە بەربەستێکی دیکەیە لە سەر ڕێگای بزووتنەوەی ژنان. مەبەسەت لە نیزام لێرەدا سیستمێکی بەرفراوان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەڵک‌دایە. ئەو سیستمە هەم لە بونیانی خێزان و هەم لە بواری گەورەتر وەکوو سیاسی و ئابووری بوونی هەیە.

لە بونیانی خێزان‌دا، ڕۆڵی ژنان، ڕۆڵێکی دەرجە دوو و سێیە کە لەبەر هۆکاری ڕەگەزی و گەورە کردنی خێزان وەک زۆر کردنی ژمارەی ئەندامانی بنەماڵە، گرینگیی پێ‌دەدرێت.

لە سیاسەتیش‌دا ژنان ڕۆڵێکی گرینگیان نییە، بۆ نموونە ژنان ناتوانن ببن بە سەرۆکی حکوومەت و زۆر بە کەمی پلە و پایەی سیاسی یان وەزیریان پێ دەبەخشرێ.

لە بواری ئابوورییشەوە هەمان شت، ژنان گەر لە بواری ئابوورییەوە پێویستیان بە پیاوان نەبێت و سەربەخۆ بژین، چیتر لە ژێر سوڵتە و قودرەتی نیزامی پیاوسالاری‌دا نابن.

کەواتە ڕوانگەی پیاوسالارانە فەرمانڕوایە و مەیدانی بۆ خەباتی ژنان و گەیشتن بە مافەکانیان تەنگەبەر کردووە. هوکارێکی دیکەی سەر ڕێگای خەباتی ژنان، ژنانن. بەشێک لە ژنان کە نەخش و بزووتنەوەی پلە دووهەمی خۆیان قەبووڵ کردووە، وەها لەو نەخشەدا تواونەتەوە کە بێجگە لەوە هیچی تر وە ئەستۆ ناگرن.

ژنانیش دەبێ یاسای بەرابەری لەگەڵ پیاوانیان هەبێ بۆچوون ئەوەیە کە «ژنیان ژن کوتووە و پیاویان پیاو، ژن دەبێ ژنایەتیی خۆی بسەلمێنی و پیاویش پیاوەتیی خۆی.» ئەو ژنانە خۆیان چەند دەسەن، ئەوانەی کە خوێندەوارییان نییە و شارەزاییی نەریتی و ناڕاستیان لە پێگە و ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەدا هەیە. هەروەها گرووپێک لەبەر پێبەندی بە باوەڕی ئایینی بەرابەریی یاسایی ژن و پیاو قەبووڵ ناکەن. بێجگە لەمانە ژنانێکی تریش هەن هەرچەندە کە خوێندەوارییی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




زانکۆیان هەیە بەڵام بە هۆی جێ نەکەوتنی ئەو شێوە داب‌ونەریتە بە دوای مافی یاسایی بەرابەری لەگەڵ پیاوان نین.

ئەگەر لە ئێران بزووتنەوەی ژنان بتوانن بە یارمەتیی ژنانی ئێران دەس بە خەبات بکەن بێگومان زۆر سەرکەوتوو دەبن، بەڵام بەداخەوە خەباتکارانی مافی ژنان نەیان‌توانیوە لەو بوارەدا سەرکەوتوو بن. ڕەنگە بتوانین بڵێین لە ئێران ژنانی دژی یەکسانخوازیی ڕەگەزی زیاترن لە ژنانی هاوڕای یەکسانخوازیی ڕەگەزی و ئەوە بەرگرێکی زۆر گەورەیە بۆ بزووتنەوەی ژنان. بەم پێیە ڕێگای خەباتکاران لە ئێران زۆر دژوار، درێژ و ناڕێکە چون لە لایەک لەگەڵ حکوومەتی سیاسیی سەرکوتکەر و لە لایەکی کە لەگەڵ کۆمەڵگەی نەریتی و بەستراو ڕووبەڕوون و، لە هەموو خراپ‌تر ئاگادار کردنەوەی ئەو ژنانەیە کە خۆیان لەگەڵ ژیانی دووپاتەبووی ڕۆژانە گیرۆدە کردووە و هیچ نیگەرانییەکیان بە ناوی یاسای بەرابەری و لابردنی جیاوازیی ئافرەتان نییە.

پرسیار ئەمەیە، بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ژنانی ئێران بە تایبەت چالاکوانانی ئەو گۆڕەپانە چ هەنگاوێک دەتوانن لەو ڕۆژەدا هەڵێننەوە؟

هەر چەند لە ئێران ٨ی مارس، ڕۆژی جی‌هانیی ژن بە توندی لە لایەن حکوومەتەوە سەرکوت کراوە و بە کردەوە لە دوای ساڵی ١٣٨٥ هیچ شێوە کۆبوونەوە و ڕێ‌وەڕەسمێک بەڕێوە نەچووە، بەڵام چالاکوانانی مافی ژنان دەبێ باش بزانن کە ئەو ڕێگرییانە نابێ ببێ بە هۆی کەم تیشک کردنی خەبات بۆ مافی بەرابەری، هەروەها ئەو خاڵە لە یاد نەکەین کە ٨ی مارس ڕۆژی جی‌هانیی ژنانە و لەو ڕۆژە لە سەراسەری جی‌هان‌دا، ژنان داخوازییەکانی خۆیان بە شێوازی جۆراوجۆر دێننە بەر باس. بۆیە بۆ لابردن و نەهێشتنی هەڵاواردنەکان دەبێ لەو ڕۆژەدا هەرچەند بەرتەسکیش بێ پێویستە بە شێوازی جۆراوجۆر هاوار بکەن و دەنگ دەربڕن.

ئەمڕۆکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە جێگایەک بۆ خەبات لەگەڵ هەر چەشنە جیاوازی و نادادپەروەری دژ بە گرووپی جۆراوجۆری کۆمەڵگە. بێگومان ئەو شوێنە بۆ چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێ بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جی‌هانیی ژنان. بەرهەم‌هێنانی پۆستەر بە نێوەرۆکی لابردنی جیاوازیی ڕەگەزی، بەڵێ بۆ یەکسانخوازی و هەروەها نەشیاو بوونی نیزامی پیاوسالاری دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ. ناردنی پەیام بە هەشتەگی ڕۆژی جی‌هانیی ژن و نا بۆ جیاوازیی ڕەگەزی دەتوانێ ڕێکارێکی تر بێت لە سیستمێکی سیاسیی سەرکوتکەر و بەستراو بۆ هاودەنگ بوون لەگەڵ ژنانی سەرانسەری دنیا لەو ڕۆژەدا. بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی مەجازی بە بنەمای بەرگری لە مافی ژنان و خەبات لەگەڵ جیاوازیی ڕەگەزی هەوڵێکی کە بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جی‌هانیی ژنانە، ئەڵبەت کۆماری سەرکوتگەر لەو بارودۆخەدا هەروا دەس لەسەر دەست دانانێ و لە مانگێک پێش ئەو ڕۆژە هەوڵ بۆ دروس کردنی کەشی ترس و خۆف دەکا تا پێشگیری لە ناڕەزایەتیی ژنان بکات، بەڵام ژنان و چالاکوانان دەبێ هەنگاوێکی باش بۆ ڕوون‌کردنەوەی فێڵی سیاسی و کەم‌کردنەوەی گرینگیی ڕۆژی ژن دژ بە حکوومەت ئەنجام بدەن، چونکە ئەو خاڵە زۆر گرنگە کە ڕۆژی جی‌هانیی ژن نە ڕۆژی دایکە، نە ڕۆژی ئەوینداران و نە لەو دوولایەنە پێک هاتووە.


ڕۆژی جی‌هانیی ژنان ڕۆژی بەربەرەکانی لەگەڵ جیاوازیی ڕەگەزییە، جیاوازییەک کە ژنانی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران زۆریەک لە ماف و یاساکانی خۆیان لە دەست دا. ڕێگایەکی زۆر درێژیان لە پێشە هەتاکوو لە مافەکانی خۆیان بەهرەمەند بن و ئێستاش زۆربەی ژنان لە نێو بنەماڵە و شوێنی کار و کۆمەڵگە لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجە بەڕەو ڕوو دەبنەوە و توندوتیژیی خێزانی تا جیاوازیی ڕەگەزی ڕۆحی ژنان ئازار دەدات، بەڵام لە بیرمان نەچێت کە ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی جی‌هانیی ژنان دەرفەتێکی بەنرخە تا چالاکوانانی ئەو گۆڕەپانە دەنگی خۆیان بە دنیا ڕابگەیەنن و دژ بە زوڵم و ناڕەواییی ستەمی ڕەچەڵەکی و ڕەگەزی ڕاپەڕن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناسنامەیەکی نیوسەدەیی ژنێک بەناوی گوڵبەهار



تامان محەممەد


هەویەی ئەندامی
کومەلی پاراستنی مافی ئافرەتان
ناوی تەواو گولبهار محمد
ناو نیشان سلیمانی
تەمەن ٥٠ سال
شوی کردویان نا بەلی
ئایا ئەنوسی و ئەخوینی نەخیر
میژوی ئەندامیە بو کومەل ١٥/٥/٩٥٩

چەندین ساڵ لەمەوبەر چۆن داکۆکی لە ژن کراوە ،،، لە هەڵدانە وەی لاپە ڕەکانی مێژوی شاری سلێمانیدا ڕوخسارێکی گەشی تایبەت بە یەکخستنی دەنگ بۆ داکۆکی لە مافی چین وتوێژە جۆراوجۆەکانی کۆمەڵگا یەکێک لەو دیکۆمێنتانەی لێرەدا دەیخینە ڕوو پەیوەندی بە ڕێکخراوەی ژنانی سلێمانی، یەکێک لە شارە کانی باشوری کوردستانە.

پتر لە نیو سەدە لەمەوبەر ناسنامەی ئەندامێتیان بە کچان و ژنانی شارە کە بەخشیوە لە پێناو بەرگری بە شێوەی ئۆرگانیزە کراو لە مافەکانیان ئەم ناسنامەیە کە ئاماژە دەدات بە بوونی ڕێکخراوەیەکی ناحوکمی بە ناوی کۆمەڵی پاراستنی ئافرەتان مێژوی بەڵگەنامەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردو کە ئە مە ش گوزارشتە لە دێموکراسی لە بەشداری ژنان لە ڕێکخراوە جەماوەریەکان و ئاستی ڕۆشنبیری و کولتوری ئەو سەردەمەی بەشێک لە خانمانی ئەم شارە ئەویش بە مەبەستی بەشداری لە کاری ڕێکخراوەیی و بزوتنەوە و چالاکیە سیاسی و مرۆیەکان زانیاری دەربارەی ئەم ناسنامەیە کە لە پێناسەکەدا نوسراوە "هەویەی ئەندامی کۆمەڵی پاراستنی ئافرەتان" بە ناوی گوڵ بەهار محەممەد کە لە گەڕەکێکی شاری سلێمانی بووە کە لە ئەو سەردەمەدا تەمەنی ٥٠ساڵ بووە ژنی ماڵەوە بووە خوێندەواریشی نە بووە مێژوی ئەندامێتی لە کۆمەڵ ١٥- ٥-١٩٥٩یە.

شایانی باسە خوالێخۆشبوو خاتوو(گوڵبەهار) خاوەنی ئەم پێناسەیە لە ساڵی ١٩٠٩ی زاینی لە دایک بووە هاوسەری خوالێخۆشبوو (عەبدولقادری سە رشە قام) بووە کە ئێستاش نەوەکانی لەم شارەدا دەژین ،،،

مێژووی نەنووسراوی کورد زۆری لەو ژانانە تێدایە کە بەسەر نەخوێندەوارییاندا عەقڵییەتێکی کۆمەڵایەتی دروستیان هەبووە و لە سەردەمێک کە کۆمەڵگە بە هەموو جۆرێک دژی هاتنە دەرێی ژن بوون ژنێک توانی ببێتە ئەندامی ڕێکخراوەیەک و ناسنامەیەکی هەبێ ئەوەی لێرەدا باسمان کرد نموونەیەک لەو خاتوونانەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێکی سەرکەوتوو و ئازایە



شەهلا کاوە



ژن پێش ئەوەی دایکی منداڵ بێ دەتوانێ پیاویش پەروەردەبکات. زۆر جار باسی ئەوەکراوە، کە لەپشت هەر پیاوێک قەڵایک هەیە بەناوی ژن. ئەوکەسانەی بەبایخەوە باسی پێگەی ژنیان کردوە، بۆ نموونە.

ناپلیۆن، دەڵێت، ژن دەستێکی لانکەیە و بە دەستەکەی تری هەموو جیهان رادەژێنێ، ژن لەپەروەردە کردنی بنەماڵە رۆڵی سەرەکی دەبینێ. زۆر جاریش دەڵێن ئەو، ژنەی ئازا و بەهێزە و دڵسۆزە، پیاوی ئازاو بەهێز و دڵ سۆز دەخوولقێنێ. پێم خۆش بۆ باسێک لە ئەو ژنانە بکەم کە تەمەنێک لەنێو ڕیزەکانی شۆرشدا شان بە شانی هاوسەرە پێشمەرگەکانیان، خەباتیان کردووە.

پێم خۆشە ئیشارە بەوەی بکەم ئەو پیاوانەی کە لە کۆماری کوردستاندا تا ئیستاشی لەگەڵ بێ بوون بە سەرکردە، کادری باش و بە ئەزموون پێشمەرگەی ئازا و بوێر، بە هەر شێوەیەک لەشێوەکان خەباتیان کردووە، یان جێگە و پێگەیان دیارە لەنێو شۆرشدا، سەرکەوتوو بوون ئەوە بێگوومان ژنی ئازا و بەتوانای لەپشتە . بە بۆچوونی خۆم ئازایتی و بوێری ژن نەبێ، ئەستەمە بتوانن زۆر لە کارەکانیان بەسەرکەوتوویی تەواو بکەن. بۆ نموونە چۆن بە ٦مانگ دەچنەوە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵات؟ چۆن دەچن بۆ شاخ و بە مانگ دەمێننەوە؟ چۆن منداڵ پەروەردەدەکەن؟ بەڵێ ئەوە هەمووی لە سایەی سەری ئەو ژنەیە کە پشتیان پێ بەستووە پێگەیشتوون، زۆربەی منداڵی نێو شۆرش بە باشترین شێوە پێگەیشتوون، مامۆستای قوتابخانە، دوکتور، ئەندازیار، پارێزەر و...هتد؛ هەموویان بەخۆشیەوە کەسانێکی باش و سەرکەوتوو و لێهاتۆتە دەرێ.

دەڵێن ژنی نێو شۆرش، زۆر حەساوەن، من دەڵێم وانیە هەر ئەوەی کە تەحەمولی ترس و غەریبی و لەدەست دانی ئازیزترین کەسەکانیان دەکان بۆخۆی ئازایتی و بوێری ئەوان دەردەخا.

بۆیە دەیلێمەوە، لەپشت ئەو پیاوە سەرکەوتوویانە، ئەو ئافرەتە بەتوانایانە و ئازایانە نەبێ ناتوانن ئەو خەباتەی کە لە پێناوی میلەتەکەیان ژیانی خۆیان فیدا دەکەن بۆ وەدەست هێنانی مافەرەواکانی سەربکەون.

لە کۆتاییدا ئاواتم سەرکەوتنی و سەربەرزی هەموو ئەو ژنانەیە کە بە هەموو توانایان هەوڵ دەدەن ژیان خۆش کەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کۆچی ناوەختی ئامینە خانی ڕاتبی بوو بە هۆی شڵەژانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

مەلا رەسوڵ پیش نماز

بنە ماڵەی هۆنەرمندی گەورەی کوردستان و بنەماڵەی حەمەدی مەولودە چرچی, دوو بنەماڵەی بە ناوو دەنگن لە کوردستان دا لە باری سیاسی و هونەریەوە , هەر دووک بنەماڵە جی دەستیان دیارە, کاحەمەدی موولودی, یەکیک بوو لە ئەفسرانی کۆمارو کەسیکی نیزیکی پیشەوا قازی محەمەد بوو, ئەو پیاوە کە دەبیتە بابی ئامینە خان لە دەورانی جەمهوری کوردستان دا هەم دەوری ئەفسەری دەبینی و هەمیش پیشمەرگەیکی ئازا و قارەمانی بەرەکانی شەڕی ناوچەی سەردەشت بوو.

ئەو کاتەی کە ئەرتەشی خوین ریژ و کورد کوژی پاشایەتی ئازربایجان و کوردستانی گرتەوە, پیش ئەوەی بگەنە سابلاغ, پیشەوا قازی محەمەد پادگانی سابلاغی بە کا حەمەد سپارد بۆ ئەوەی بارزانیەکان هەرچی چەکی پی یان هەڵدەگیری بیان داتی و پاشان رینوینیان بکا هەتا لە سابڵاغ دوور دەکەونەوە

بە دوای گیرانی قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازیش دا کاحەمەد سەری بۆ حکومتی شا نەوی نەکرد و بە خۆیو چەند کەسیکەوە ماوەیکی دوور و دریژ وەشاخ کەوت, چەند ساڵیک لە باشوری کوردستان لای شیخ لەتیفی شیخ مەحمودی ملیکی کوردستان مایەوە هەتا دوایی خویی گەیاندە ئیتحادی جەماهیری شورەوی و بە داخەوە هەر لەو وڵاتەش سەری نایەوە و چاوی بە زیدی خۆی و کەسوکاری , نەکەوتەوە.

بنەماڵەی ماملی چەندە هونەرمەند و دەنگ خۆش بوون و ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە ئەو بنەماڵەیە بە دەنگە خوشەکانیان خوشی دەخەنە دڵی هاو وڵاتیانیان و هەموو کوردیک و لە عەینی کات دا هەموو شیان نیشتمان پەروەرو وڵات پاریز بوون.

ئامینە خان هەر دە دوازدە ساڵان بوو, کە لە نازی بابی بی بەش بوو و کەوتە ماڵە خاڵە کانیەوە کە لە خوارماڵی ئیمە لە گەرەکی ئەرمەنیان بوون ئامە یەکیک لەو کچە لە سەر هەستەی شارەکەمان بوو, بەو تەمەنە منداڵیەوە کەوتە فەعالیت و تیکوشان لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات , نەگەیشتبۆ ١٨ ساڵ لە لایەن لاوانی مەهابادەوە ناردرا بۆ بوخاریست بۆ فستیواڵی لاوان.

هەر لەو سەرو بەندیش دا ساڵی ١٩٥١ی زاینی بە تەمەنی ١٥ساڵی شوی کرد بە شەهیدی بی سەرو شوین کاک ئەسعدی خودایاری کە یەکیک لە ئەفسەرە هەرە ئازاو تیکوشەرەکانی ئەو کات بوو, لە ناوچەی بیجاڕ ڕا هەڵاتبوو هاتە مەهاباد و لە ریزەکانی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات دا تیکوشانی دەست پیکردو پیوەندیەکەشی لە گەڵ ئامە خان بەشیکی دەگەرایەوە بۆ کاری سیاسی, بەرهەمی پیوەندی شەهید ئەسعدو ئامە خان کچو و کوریک بوون بە ناوەکانی روونـاک و سولەیمان.

بە دوای شەهید بوونی کاکە ئەسعد بەو شیوە گوماناویەوە ئامە تووشی زۆر گیرو گرفت و ئاوارە بوون بو بۆ باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٦٠ کە هاتەوە مەهاباد لەگەڵ کاک محەمەدی ماملی گەورە هونەرمەندی کوردستان هاوسەرگیری کرد, لە هەموو ژیانی ئامینە خان دا ئەوماوەیە ئاهیکی خوشی بە خۆیەوە دی کە بوو بە هاوسەری کاک محەمەد چونکە کاک محەمەد زۆر دڵسوزانە و سادقانە باڵی بەسەر خویو منداڵەکانی داکیشاو لەگەڵ باقی منداڵەکانی فەرقی پی نەدەکرد, بەڵام بەداخەوە بە دوای شەهید بوونی کوڕەکەیان دا بەدبختی و نەهامەتی ئامە خان دەستی پیکردەوە و کاک محەمەدیش توشی نەخۆشی کویرزەینی (ئالزایمیر) هات و ماوەی حەوت ساڵ بە هەموو وجودیەوە هەتا مردن دەخزمەتی دابوو.

هەر ئەو خاڵەیە کە ئەو شیرە ژنە ماوەی حەوت ساڵ خەوو و ژیانی لە خۆیی حەرام کرد و بە بەردەوام لە خزمەت کاک محەمەد دا بوو, بۆ ئەوەی دەبی بە خاڵیکی وەرچەرخانی زیرین بووی ژمار بکری و خەڵکانی تریش دەرسی وەفاداری لی وەربگرن.

لە کوتای دا هاودەردی و هاوخەمی خۆم لەگەڵ هەموو منداڵەکانی و هەر دووک بنەماڵەکانی ماملی و مەولودی رادەگەینم و بە هیوام خەمی لەو شیوە یە هەژینەر ڕوو لە ماڵەکانیان نەکاو ئامینە خانیش خوا بە بەهەشتی بەرینی نازڵ کا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەوان خۆیان قەڵا بوون



نەسرین یوسفزادە





ساڵانێکە لە نێو حیزبە سەختی کەند و کۆسپێکی زۆری کێشاوە دڵنیام ئەگەر دانیشی و گوێ لە دەردی دڵی بگری ئەوەندەی داستان پێیە بۆ گێڕانەوە کە دەکرێ بە کتێبی لەسەر بنووسرێتەوە.

لە کونەمشکێی سەردەشتەوە دێت و سەری برا پێشمەرگەکەی دەدا کە لەگەڵ کاک مەولوود عەزیزی چاویان بە یەک دەکەوێ و کورد وتەنی دڵیان یەک دەگرێ و لەسەر ئیزنی گەورەکانیان هاوسەرگیری دەکەن.

ئەوکات کە گەرمەی شەڕی چەکداری بوو و مان و نەمانی پێشمەرگە بە ئانێک و چرکەیەک بەند بوو و لەوانەیە زۆر پێشمەرگەش بووبن کە لە ترسی ئەوەی کە نەوەک شەهید بن خۆشەویستی و هاوسەرگیریان لە بیر خۆیان بردووەتەوە و خۆیان داوەتە دەستی قەزا و قەدەر بەڵام کاک مەولوود و باجی ئامین وایان نەکرد و ڕێگای عەشقیان گرتە بەر و عەشقی خاک و نیشتمانەکەیان ئاوێتەی ژیانیان کرد و بەسەر هەموو دژوارییەکانی ژیاندا ئەگەر سەریش نەکەوتبێتن کۆڵیان نەدا و هەموو ساتەکانیان ئەگەر پێکەنین و قاقاش نەبووبێ بوونیان لەلای یەک ئومیدی پێ بەخشیون.

بەڵێ باسمان لەوەی کرد کە دەبێ مرۆڤ زۆر بوێر و ئازا بێ و خۆشەویستی خاک و نیشتمان وای لێبکا کە بیهەوێ ڕێبازی شەهیدان بگرێتە بەر و ببێ بە پێشمەرگە و بە بڕوای من بوێری و ئازایەتی دەیان بەرابەر زیاتری دەوێ کە ژنێک لە ئاوا بارودۆخێکدا بێت و ببێ بە ژنی پێشمەرگە.

بەڵێ باجی ئامین مەحموودی لە بار و دۆخێکدا ڕێبازی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و خۆشەویستی ئەو حیزبە و برای پێشمەرگە و هاوسەری پێشمەرگەی تێکەڵ بە یەک کرد کە حیزب لە هەستیارترین ساتەکانی دابوو دوو منداڵی لە جەنگەی شەڕ و لە قەندیل و شیوەڕەز هاتوونەتە دنیا.

لێرەدا دەمهەوێ باس لە باجی ئامین و کارەساتی مووشەکی کۆماری پەت و سێدارە بۆ سەر قەڵا دوژمن تۆقینەکەی دێموکرات بکەم، ئەو ڕۆژە باجی ئامین و سنوور خزری کە لە ژمارەکانی داهاتووی ئەم گۆڤارەدا باسی دەکەم میوانی ماڵی خۆیان، بنکەی یەکیەتیی ژنان بوون.

شەوی پێشتر تەکبیر و ڕای خۆیان دەکەن و بڕیار دەدەن کە بەیانی بێن و میوانی ماڵە خنجیلانەکەی خۆیان بن و دیدارێک لەگەڵ هاوڕێیانی خۆیان لەو بنکەیە تازە کەنەوە. بەیانی هەڵدەستن بە جوانترین شێوە خۆیان دەڕازێننەوە جلی جوان دەپۆشن و دێن بۆ قەڵا.

وەک لە زاری خۆیانم بیستووە لە ساتەکانی یەکەمدا چاویان بە شەهیدی سەرەکردە شەهید سوهەیلا دەکەوێ و تاوێکی لەگەڵ هاونشین دەبن تا ئەوەی کە ئەو دەچێ بۆ کۆبوونەوە و ئەوان لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە بەجێ دەهێڵێ دەقیقەکان و چرکەکان بە دوای یەکدا تێدەپەڕن کاتژمێر دەگا بە دە و چل و پێنج دەقیقە کە سامناکترین دەنگ هەموو قەڵا هەڵدەگرێ هەموو هاتنە دەری، چ بوو؟ کێ بوو؟ لە کوێ درا؟

مووشەک بوو، و لە سکرتاریا و ئامانج پلونیۆم بوو!

سەربانی سکرتاریا بنکەی یەکیەتیی ژنان بوو یانی ئەگەر بە مووشەک یان هەر هێرشێکی هەوایی لێیدابێ لەوێش دراوە. بەڵێ لەوێش درا و ڕێکخراوە مەزنەکەی یادگاری کۆمار تەنیا دوو سکرتێری یەک لە دوای یەکی لە دەست نەدا بەڵکوو چەند کەس لە بەڕێوەبەری و ئەندامیشی زامدار بوون کە باجی ئامین (ئامینە مەحموودی یەکێک لەو زامدارانە بوو.

باجی ئامین زۆر بە قووڵی و لەلای سەری و پشتی و کەلەکەی بریندار بوو ئەو دەنگی زۆر سامناکی لە ژیانی حیزبایەتی خۆیدا بیستبوو بە دەیان جاری تۆپ باران و کاتوێشا باران بینیبوو تەمەنێکی لە نێوان مەترسی و دژواری زیادە لە ڕادە ژیابوو بەڵام هیچ کامیان بەڕادەی دەنگی مووشەکەکانی کە قەڵایان پێکا سامناک نەبوون ئەو لە یەکەم لێداندا بە توندی بریندار بوو و هاوڕێ لەگەڵ بریندارەکانی دیکە ڕادەستی نەخۆشخانە کرا دیارە بەهێز بوو و بەسەر برینەکانی جەستەیدا زاڵ بوو بەڵام ئەویش هەر وەکوو هەموو ئەوانەی کە ئەوینداری پێشمەرگە و قەڵا بوون بە لە دەست دانی کۆمەڵێک لە خۆشەویستترین و نیزیکترین هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی لە ناخی دڵەوە تاسا و ئەو غەمە بۆی بوو بە گەورەترین غەمی ژیانی.

ئامینە مەحموودی (باجی ئامین) زامی مووشەکی هەڵگرت و ئازاری لەدەستدانی هاوڕێکانی بوو بە ئازاری ڕووحی بەڵام هێزی دا بەر خۆی و بەرەو قەڵا دوژمن تەقینەوەکەی گەڕاوە و ئەمجارەیان میوان نەبوو بەڵکوو چوو بۆ ئاشپەزخانە و بوو بە دایکی هەموو کادر و پێشمەرگەکان.

هیوامان سەربەرزی و سڵامەتی باجی ئامین و هەموو ئەو خاتوونانەیە کە بە بوونیان بوونەتە هیوا و ئومێد و ئەوینیان بەخشیوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە قالبی توندوتیژی دژ بە ژنان



سوراڵە وەیسی




بەرپرسانی حکومی کاتێک قسە لە دایاردەکان کە خۆشیان ئامارێکی درووستیان لە دەست نییە دەکەن چونلە ڕاستیدا ڕێگە بە هیچ ناوەندێکی توێژینەوە ڕێگەی پێ نادرێ لەسەر هیچ دیاردەیەک لێکۆڵینەوە بکا و لە کاتی تۆمارکردنی بابەت یا کەیسێکیش زۆرجار بەلاڕێدا بردراو و بە دروستی تۆمار نەکراوە و پێشم وایە کە ئەوە کاتێک دەکرێ کە هەڵکشانی دیارەردەی کۆمەڵایەتی بۆبەرپرسان ببێتە «خەم» و بەدواداچوونی بۆبکەن و لە ڕێگەی چارەسەری دابن. ئەوە حاشای هەڵنەگرە کە تا ئێستاش ئەوە بابەتی لاوەکی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

ئێستا لە ئێرانیش و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دۆخی ژنان و پەرەسەندی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندن دایە. لەو مەجالە کوورتە دەکرێ ئاماژە بە هەندێک لەو کێشانە بکەین کە هۆکارن بۆ تندوتیژی دژ بە ژنان.

لەوانە ویەکەم هۆکار یاسای دژی ژنەکان کۆماری ئیسلامی کە هەڵاواردن و بە یاسایی کردنووە و دەستی باب وبرا و مێردو... ئاواڵە کردووە بۆ خاونداریێتی کردنی ژن، ئایینی ئیسلام کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تێکەڵ کردنی دین وسیاسەت بۆ بەرژەوەندی خۆی ژنی پێی دەچەوسێنێتەوە، کولتووری باوی پیاوسالاری و گوزەری کۆمەڵگای خاوەرمیانە لە سوننەتی بۆ مۆدرنێتە و نەبوونی زانیاری ئەوتۆی خەڵک لەم بارەوە، دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی کە لە خزمەت سیاسەتی بە کەم گرتنی ژنانە لە ئێرانە و زۆر جاریش شاهێدی بێرێزی بە ژنان بووین. ئەوانە وادەکەن کە کۆمەڵێک دیارەدەی نوێی وەک بازرگانی کردن بە کچانی مێرمندال کە تەمەنی خوار ١٤ ساڵیشی تێدایە، تەجاوز، خۆکوژی، کوشتن، خیانەت، تەلاق، بێبەش کردن لە خوێندن، کۆڵبەری و...

هەموو دەزانین کە سوشیال میدیا لە ئێستادا بۆ پێوەندی گرتن جیهانی وەک گوندێک بچووک لێکردووە، ئەرکی ئێمە لە پلەی یەکەم وشیاری دانە بە کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکاندایە، پاشان هەوڵدان بۆ لەقاودانی پێشێلکارییەکان بە نیسبەت ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەیاندنی دەنگی ئازار چێشتووی ژنان بە ڕێکخراوە جیهانی کە بۆ داکۆکی لە مافی ژنان کاردەکەن.

سەبارەت بە کەمینەنەتەوەکان دەتوانم ئاوا بڵێم کە زەرەرمەندی یەکەمی توندوتیژییەکان لە نێوکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنانن.

چون خەمی سەرەکی دەسەڵاتی حاکم خەڵک نیە و ئاور لە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەداتەوە ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی هەرە زۆری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەسایەی سەری سیاسەتی سەقەتی کۆماری ئیسلامییە کە دەستی پیاوانی بۆ ئاواڵە کردووە و یاساش پێشتیوانییان لێی دەکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێکهاتنی سمینارێک لە پێشوازیی ٢٤ی ڕەشەممە، ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە پێشوازیی ٢٤ی ڕەشەمە، ساڵیادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانیدا، سمینارێکی بۆ بەڕێز حەسەن شێخانی، ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان، لەژێر ناوی "جنسیەت و دەسەڵات"دا پێکهێنا.

حەسەن شێخانی لە دەسپێکی باسەکەیدا پێناسەیەکی لە سروشتی مرۆڤ کرد؛ چونکە هەر پێناسەیەک کە لە مرۆڤ بکرێ کاریگەری لەسەر ئەو ڕێکارانە هەیە کە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ دەخرێنە ڕوو. مرۆڤ بوونەوەرێکی فرەنیاز و فرەمەیلە و هونەری مرۆڤ لەوەدایە کە چۆن هاوئاهەنگی لەنێوان نیاز و مەیلەکانیدا دروست دەکا و چۆنیان ڕێک دەخا. جنسیەت وەک تایبەتمەندییەکی وجوودیی ئینسان، لە دەرەوەی سیاقە مێژووییەکان ڕاڤە ناکرێ و لە سەردەم و قۆناغە مێژوویيە جۆراوجۆرەکاندا، تێڕامانی تایبەت و دیاریکراو بۆ جنسیەت کراوە. مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازاد و موختارە، بەڵام ئەم ئازادی و ئیختیارە لەنێو بەستێنەکاندا پێناسە و بەکردەیی دەکرێ. هونەری مرۆڤ لەوەدایە کە ژیانی بکاتە بیاڤێکی هونەری، چاودێری و کۆنترۆڵی بکا و جوانتری بکا. ئازادیی مرۆڤ لەوەدا نیە کە خۆی بداتە دەست مەیل و چێژەکانیەوە، بەڵکوو دەبێ بە ژیری و ڕاهێنان کارگێڕی و مودیریەتیان بکا و خۆی لە زێدەڕۆیی بپارێزێ.

ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و کردارەکانی دواهات و دەرەنجامی کۆمەڵایەتییان هەیە؛ مرۆڤ بەتەنیایی و دابڕاو لەئەوانی دیکە ناژی، بۆیە دەبێ سەنتێزێکی مەعقوڵ لەنێوان وەڵامدانەوە بە نیاز و حەزەکانی و نۆڕم و بایەخ و ڕێساکانی کۆمەڵگە پێک بێنێ؛ بۆ ئەوەی هەم ئازادیی خۆی مومارسە بکا و هەمیش شیرازەی کۆمەڵگە تێک نەچێ.

حەسەن شێخانی لە کۆتایی باسەکەیدا باسی لە پێوەندیی نێوان جنسیەت و دەسەڵات کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ڕەوشبەرزیی مەرجێکە بۆ ئەو کەسانەی لە بواری گشتیدا بەرپرسیارێتی وەردەگرن. بۆ ئەوەی بەرپرسیارانی کاروباری گشتی لە کۆمەڵگەدا قسەیان لێوەرگیرێ و ئۆتۆریتەیان هەبێ، پێویستە سەرەتا بەسەر خۆیان زاڵ بن و خۆیان و ژیانی تاکەکەسیی خۆیان بە باشی کارگێڕی بکەن. ناوبراو جەختی لەسەر پێوەندیی نێوان پێگەی مرۆڤەکان لە جڤاک و چۆنیەتی مامەڵە و پێناسەکردنی بواری تایبەتیی مرۆڤەکان کرد و گوتی کە شێوازی پەیوەندیی لەگەڵ خود، کاریگەری لەسەر پێوەندی لەگەڵ کەسانیتر هەیە و ئەو کەسانەی بەرپرسیارێتی جڤاکی وەردەگرن، پێویستە خۆیان بە پرۆسەیەکی خودسازیدا تێپەڕ کردبێ تا ببنە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سێمینارێک لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ شەونم هەمزەیی جێگری کومیتەی ناوەندی



لە بەرەبەری ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان و ٢٤ی ڕەشەمە ساڵیادی ٧٥ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، سێمینارێک لە ناوەندی سێی حیزبی دێموکرات، بە بەشداریی ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب، بەڕێوە چوو.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی ڕەشەمەی ٩٩ی هەتاوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی زنجیرە چالاکییەکانی‌دا سێمینارێکی لە ژێر ناوی "بزووتنەوەی ژنان لە ئێران‌دا" بۆ خاتوو "شەونم هەمزەیی" پێک هێنا.

سەرەتای سیمینارەکە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد و پاشان خاتوو "تریفە فاتحی" دەسپێکی سێمینارەکەی ڕاگەیاند و داوای لە خاتوو شەونم کرد باسەکەی پێشکەش بکا.

شەونم هەمزەیی، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم سێمینارەدا لە پێش‌دا لە ئاستێکی جیهانییەوە باسی لە بزووتنەوەی ژنان کرد و، بە پێی ڕای خاوەنڕایان لە بواری ماف و بزووتنەوەی ژنان‌دا، مێژووی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەی بە سەر چوار قۆناغی جیاوازی مێژوویی‌دا دابەش کردبوو، کە گرینگ‌ترینیانی دەگەڕاندەوە بۆ دوای شۆڕشی گەورەی فەڕانسە. هەروەها ئاوڕێکی لەوە دابووەوە کە ئەم بزووتنەوەیە لە ماوەی چالاکیی خۆی‌دا سێ شەپۆلی گرینگی لە خۆ گرتبوو و تایبەتمەندیی هەر کام لە شەپۆلەکانیشی بۆ بەشداربووانی سێمینارەکە شی کردەوە.

پاشان هاتە سەر بزووتنەوەی ژنان لە ئێران‌دا و مێژووی سەرهەڵدانەکەی و تایبەتمەندی و ئیمکانەکانی ئەم بزووتنەوەیەی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران لە سەردەمی قاجارەوە هەتا ئێستا لێک دایەوە و لە سەر هەر کام لەم بەشە مێژوویی‌یانە هەڵوێستەی کرد و بە وردی تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمانەی بۆ گوێگران ڕوون کردەوە.

شەونم هەمزەیی لە بەشی کۆتاییی سێمینارەکەدا بە چڕی پڕژایە سەر مێژووی خەباتی مافخوازانەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها بارودۆخی ژنان لە قۆناغە جیاوازە مێژوویی‌یەکانی ئەم ناوچەیە. ئەو پێی وا بوو ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران و دواتر شەڕی چەکداریی کوردستان بە گوێرەی هەلومەرج و تواناییی خۆیان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و لەم پێناوەدا تەنانەت گیانی خۆیشیان فیدا کردووە. لە کۆتایی‌دا بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی بە بزووتنەوەیەکی زیندوو و لەسەر خەت لە قەڵەم دا و، وێڕای باس کردن لە سەر کۆسپ و تەنگەژەکانی بەردەم بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەسکەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک هونەری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ... بە سەرکەوتوو زانی.

لە بەشی کۆتاییی سێمینارەکەدا کاک "سۆفی ئەحمەد سادق‌پوور" شێعرێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ٨ی مارس لە لایەن شانەی ژیانەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٨ی ڕەشەممە هاوکات لەگەڵ ٨ی مارس لە لایەن شانەی ژیانەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات، مەراسمێک بەڕێوەچوو.
سەرەتا بە چەند چرکە ساتێک بە بێ دەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان بە تایبەت دوو شەهیدی ژن، شەهید سۆهەیلا قادری و شەهید نەسرین حەداد دەستی پێکرد.
لە برگەی یەکەمدا پەیامی شانەی ژیانەوە لەلایەن جێگر شانە "موژگان خالید زادە" خوێندرایەوە کە بریتی بوو لە باسێک لە سەر ڕەوتی پرسی ژن لە ڕابردوو و ئێستادا و هیوا خواستن بۆ ئەوەی ٨ی مارسیش ببێ بە بیانوویەک بۆ پەرە پێدانی چالاکییەکانی ژنان لەسەر مافەکانیان و باسێکیش لە گرینگی ئەم چالاکیانە و بەردەوام بوونیان.
دواتر خاتوو " سەبا چووکەڵی" ئەندامی یەکیەتی ژنان، بابەتێکی ئامادە کراوی لەسەر بارودۆخی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.
لە درێژەدا "کەیوان بێکەس" سەرشانەی شانەی ژیانەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان شێعرێک و دەقێکی ئەدەبی پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.
لە برگەی داویی دا خاتوو تریفە فاتیحی ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە پێشکەشکردنی چەند کورتە شێعر لە سەر ژنان کۆڕەکەی ڕازاوەتر کرد.
لە درێژەدا مەراسمەکە بە شێعر و گورانی زیاتر لە لایەن مەسعوود کیمیایی و عەلی فەتحی ڕازایەوە.





## سەردانی هەیئەتێکی "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان" بۆ سکرتاریای "یەکێتی ئافرەتانی کوردستان"



سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٤ی ڕەشەممەی ٩٩ی هەتاوی، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستانی کرد و لە لایەن دەستەی بەڕێوبەریی ئەوانەوە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.
سەرەتا "خاتوو ڤیان سلێمان" سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، وێڕای بەخێرهاتنی هەیئەتی یەکیەتیی ژنان، خۆشحاڵی خۆیانی لەو سەردانە دەربڕی.
دواتر خاتوو "موژگان عەلیپوور" سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان باسێکی لە باروودۆخی دووساڵی ڕابردووی یەکیەتیی ژنان پاش شەهید بوونی دوو سکرتێری یەک لەدوای یەکی ئەو ڕێکخراوەیە شەهید "سۆهەیلاقادری" و شەهید "نەسرین حەداد"ی کرد و بە ئاماژەدان بە بەستنی "کۆنگرەی ٥" دواییـن کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان و کۆمەڵێک بڕیاراتی نوێی کۆنگرە، گوتی: یەکیەتیی ژنان پێی وایە کە پرسی ژنان و کار کردن بۆ ئەم پرسە ئەرکێکە کە لەم قۆناغە هاودەنگی و هاوهەڵوێستی پێویستە و ئەگەر لە ئەم قۆناغەدا سەرنج بەو ئەرکە نەدەین بزووتنەوەی ژنی کورد دەرفەتی گەورە لە داهاتوودا لەدەست دەدا.
لەبەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا خاتوو "ڤیان سلێمان" بە ئاماژەدان بە مێژووی کورد و ژنانی کورد دەستی بەقسەکانی کرد و پێیان وابوو کە یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان ئەو زەمینەیەی هەیە کە بتوانێ کاری هاوبەش بۆ ئامانجە هاوبەشەکان بەرێتە پێشێ.
دواتر خاتوو "گەلاوێژ پەیڕەوان" کادری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئاوڕێکی لە ڕابردووی ڕێکخراوەکە دایەوە و باسی گرینگی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیەی لەو سەردەمە و شاکارەکانی پێشەوا قازی محەممەدی کرد و گووتی کە ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لەدەووری ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان و چ لە بوواری نەتەوەیی و لەدەووری حیزبی دێموکرات ڕۆڵ و نەقشی بەرچاوی خۆیان گێراوە و ئێستاش شاهیدی گەشەی فەرهەنگی و سیاسیی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانین کە وێڕای گوشارەکان لە چالاکی ناوەستن، نموونەی بەرچاویان "زارا محەممەدی" کە خۆبەخشانە وانەی کوردی دەڵێتەوە و لەو پێناوەشدا باجی بۆ داوە.
دواتر هەیئەتی هەردوولا لەسەر بابەتە پێوەندیدارەکان و خاڵە هاوبەشەکانی ژنان، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ خاتوو عیسمەت نستانی سکرتێری پێشووی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لەبەرەبەری یادی ٧٥ساڵەی دامەزرانیدا سمینارێکی بۆ خاتوو عیسمەت نستانی، لە ماڵی ڕۆشنبیرانی کۆیە پێکهێنا.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی ڕەشەممەی ٩٩ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە بەرەبەری یادی ٧٥ساڵە دامەزرانیدا کۆڕێکی بۆ خاتوو "عیسمەت نستانی"، سکرتێری پێشووی ئەو ڕێکخراوەیە، لە ژێرناوی "ئاوڕێک لە مێژووی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان" لە ماڵی ڕۆشنبیرانی کۆیە بو بەشێک لەئەندامانی یەکیەتیی ژنان و ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی کۆیە پێکهێنا.
سەرەتای کۆڕەکە بە ساتێک ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد وپاشان خاتوو "عیسمەت نستانی" مێژووی یەکیەتیی ژنانی بەسەر سێ قۆناغ، سەردەمی دامەزرانی لە کۆماری کوردستان، ساڵی ٥٧ی هەتاوی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران وچالاکی ئێستای ئەو ڕێکخراوەیە دابەشکرد.
خاتوو عیسمەت لەسمینارەکەدا باسێکی تێروتەسەلی لە مێژووی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ڕۆڵی ژنان لەو سەردەمە، بەلەبەرچاوگرتنی ژینگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە، پێشکەش کرد و پاشان پڕژایە سەر چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە قۆناغەکانی دیکەی تێکۆشانیدا.
لەبەشێکی دیکەی سمینارەکەدا خاتوو عیسمەت، بە ئاماژە بە نەخش و دەوری ژنان لە شۆڕشدا و ئاماژە بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە و شەهیدبوونی دوو سکرتێری یەک لەدوای یەکی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان، ڕۆڵی ژنانی لە شۆڕشدا بەرزنرخاند.
خاتوو عیسمەت لە کۆتایی سمینارەکەدا ئاورێکی لە چالاکیی ژنان لە هەر ژینگەی چالاکیی یەکیەتیی ژنان لە ناوخۆ و باشوور و دەرەوەی وڵات دایەوە وهاتنە مەیدانی ژنانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کە لەوپەڕی گوشارەکاندا چالاکیی دەکەن بە جێی ڕێزو شانازی زانی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بەبوونە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن بۆ خەدیجە مەعزووری ئەندامی کومیتەی ناوەمدی حدک






یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان سمینارێکیان بۆ خۆشکە خەدیجە مەعزوور ئەندامیی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە سالۆنی کتێبخانەی حیزب پێکهێنا.
سەرەتای سمینارەکە بە ساتێک ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستپێکرد و دواتر پەیامی یەکیەتی ژنان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ٨ی مارسەوە لەلایەن خاتوو ژینا پاکدامەن ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان، وێڕای پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە ژنان و پیاوانی ئازدیخواز پێشکەش کرا.
دواتر خۆشکە خەدیجە مەعزوور باسێکی تێر و تەسەلی لەسەر ڕۆژی جیهانی ژن و دیاریکردنی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژی جیهانی ژن پێشکەش بە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرد.
لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا خۆشکە خەدیجە مەعزوور باسێکی لەسەر هاتنەمیدانی ژنان لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵات پێی ناوەتەوە قۆناغێکی گرینگ و هەستیار و ژنان لەم پێوەندییەشدا تێچووی زۆریان بۆداوە.
لەبەشێکی دیکەش قسەکانی خاتوو خەدیجە باس لە گیراوانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێویشیاندا ژنانی کرد و وتی: هەرجۆرە کارو چالاکییەکی نێوخۆی ڕۆژهەڵات تۆمەتی تەناهی نەتەوەیی لێی دەدرێ وچالاکان ڕێگایان دەکەوێتە کونجی بەندیخانەکان، ئەوە ئەرکی ڕووناکبیران وچالاکی مەدەنیی، ڕێکخراوە و حیزبە سیاسییەکانە کە پاڵپشت و دەنگی ئەوان بن.

## کۆبوونەوەی بەشی تەشکیلاتی یەکیەیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەشاری سلێمانی



ڕۆژی چوارشەممە ٨ی ڕێبەندان بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان بە مەبەستی شانەبەندی ئەندامانی لە شاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا.
سەرەتای کۆبوونەوەکە خاتوو "تامان محەممەدی" بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی باسێکی لەسەر کاروچالاکی ماوەی ڕابردووی یەکیەتیی ژنان کرد و پێی وابوو کە لە کاری ڕێکخراوەییدا پێویستە هەموو ئەندامان لە دوور و نیزیکەوە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کاری ئە ڕێکخراوەیە هاوکار و یارمەتیدەر بن.
لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە خاتوو "موژگان عەلیپوور" سکرتێری یەکیەتیی ژنان باسێکی لەسەر بزووتنەوەی ژنان لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و گووتی: دەسبەسەرکردن و ڕاوەدوونانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نشانەی ترسی ڕێژیم لە ژنی کوردە، کە لە ئێستادا ئەو ژنە بوێرە و لە مەیدانانەی گۆڕەپانی خەبات، ئەرکی زیاتر دەخەنە سەرشانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان تا بتوانن دەنگی کپکراوی ئەوان بن.
لەبەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران بە پرسیار، ڕا و تێبینییەکانیان دانیشتنەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید

هاوکات لە گەڵ ٧٥ەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣ی مارسی ٢٠٢١ی زایینی بەرانبەر بە ٢٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆنفڕانسی ساڵانەی کۆمیتەی سویدی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان، لەژێر ناوی «مێژووی هەفتا و پێنج ساڵەمان، هاندەرە بۆ بەردەوامیمان» بە ئامادە بوونی میوانان و بەشێکی زۆر لە ئەندامان و بەرپرسانی ڕێکخراوەکە بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و پاشان ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان لەلایەن بەڕێوەبەری کۆنفڕانس خاتوو ئاسکە ئەمینزادە بەخێرهاتنی ئامادەبووان کرا.

کۆنفڕانس بە فەرمی لە لایەن خاتوو شلێر حەسەنپوورەوە بەخوێندنەوەی پەیامێک کرایەوە. بەڕێزیان لە پەیامەکەیدا پاش ئاوڕدانەوەیەک لە گرینگی و پێویستیی بەشداری ژنان و هەروەها پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان و لە لایەن پێشەوای نەمرەوە، ئاماژەی بە مێژووی دەستپێکی خەباتی ژنانی کوردستان لە رۆژهەلات کرد و ئەو خەباتەی بەسەر دوو قۆناغی سەردەمی کۆماری کوردستان و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دابەش کردبوو. هەر وەها باسی لەوە کردبوو کە ڕێکخراوەی ژنان لە قۆناغی دووهەمدا و لە ماوەی زیاتر لە چووار دەیە و لە کاتی دەستپێکردنەوەی خەباتی ژنان و سەرەڕای ئاوارەیی و ئەوەی کە چەندین جار تووشی سستی و دابڕان بووە، بەڵام هەرگیز بەچۆک دا نەهاتووە، تەنانەت دوای شەهید بوونی دوو سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان شەهیدانی نەمر نەسرین حەدداد و سوهەیلا قادری، یەکیەتیی ژنان شێلگیرتر لە پێشوو هاتۆتەوە مەیدانی خەبات و درێژەی بە تێکۆشان داوە. لە بەشی کۆتایی پەیامەکەدا هاتبوو کە بە لەبەر چاوگرتنی زیاتر لە چل ساڵ خەبات، تا ئێستاش ژنان کەمتر لە بەڕێوەبەری سیاسی و ڕێکخراوەیی دا دەبیندرێن و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەرکی تاک تاکی ژنان بە گشتی و ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان بەتایبەتی ئەوەیە کە گرنگی زیاتر بەو پرسە بدەن و بە خۆێندن و خۆ پێگەیاندن ئەو کەلێنە پڕ کەنەوە.

بە دوای ئەو دا پەیامەکانی کۆمیتەی سویدی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە لایەن کاک نەبەز عەلیدووست، یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سوید لە لایەن خاتوو شەکیلا قۆیتاسی وکۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو مەحبووب ڕەحیمی و هەر وەها پەیامی نێردراوی کۆمیتەی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بۆ



کۆنفڕانس لە لایەن خاتوو شیلانساڵحی یەوە خوێندرانەوە.

پاشان ڕاپۆڕتی کار و چالاکییەکانی کۆمیتەی سویدی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە مەودای دوو کۆنفڕانسدا لە لایەن خاتوو لەتیفە جەباری بەرپرسی کۆمیتە، و هەروەها ڕاپۆڕتی ماڵی لە لایەن خاتوو کەژاڵ ئەحمەدی بەرپرسی بەشی ماڵی پێشکەش کرا. دواتر لەلایەن بەشداربووانەوە خسترایە بەر باس و پێداچوونەوە و دواتر پەسەند کرا.

بەشێکی دیکەی کۆنفڕانس تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر بەرنامە و پەیرەو و هەروەها دیاری کردنی دەستەی پێداچوونەوە و گۆڕینی بەرنامە و پەیرەو بۆ گونجاندنی خاڵە پێشنیارییەکان، کە دەنگی کۆنفڕانسی بۆ وەرگیرا.

لە بەشی کۆتایی کۆنفرانسدا خۆ بەربژێر کردنی ئەندامان بۆ کار لە کۆمیتەی داهاتوودا و هەڵبژاردنی چاودێری ماڵی و دەستەی ئامادەکاری بۆ کۆنفڕانسی داهاتوو بەڕێوە چوو و دەستەیەکی بەرێوەبەری نوێ پێکهاتوو لە ٧ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی جێگر بۆ بەرێوەبردنی ئەرکەکانی کۆمیتەی داهاتوو هەڵبژێردران.

کۆنفڕانس پاش زیاتر لە پێنج کاتژمێر بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوە چوونی سێهەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی دەرەوەی وڵات لە ڕێکەوتی ١٣٩٩/١٢/١٢ زایینی بە شێوەی ئۆنلاین لە کاتژمێر ١٢ بە کاتی ناوەندی ئوروپا

سەرەتای کۆنفرانسەکە بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان بە تایبەت دوو شەهیدی ژن نەسرین حەداد و سۆهیلا قادری دەستی پێ کرد.

لە بەشی یەکەمدا مەحبووبە ڕەحیمی بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی بەرێوەبەری ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لەژێر درووشمی

**نە شەهید کردنی ڕێبەرانمان**

**نە ڕەشبگیری ڕێبەندانی ئەوساڵەمان**

کۆڵمان پێ نادەن لە خەبات بۆ ئازادی و مافی یەکسانی بەخێر هاتنی بەشداربوانی کرد و داوای لە بەڕێزشوعلە قادری کادری بەئەزموونی ڕێکخراوەی ژنانی دێموکرات کرد تا کۆنفرانسەکە بە ڕەسمی بکەنەوە.

بەرێز شوعلە قادری لە وەتەکانیان دا دوای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنفرانس پێیان وابوو ئێمە ژنان لە سەردەمێک دا دەژین ڕەوتی نوێخوازی و گەشەی ئابووری و کولتوری، و دابین کردنی مافی نەتەوەکان و ئازادی ڕادەبرین، و داکۆکی لە مافی زەوت کراوی ژنان بۆتە دروشمی سەرەکی سازمان و ڕێکخراوەکانی ژنان لە تەواوی جیهان دا.

بەڵام بەداخەوە دەبینین کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا نە تەنیا ئازادی ڕادەڕبڕین بەڵکوو سەرجەم ماف و ئازادییەکانی دیکەی وەک مافی کەمینە ئایینیەکان، مافی ژنان، مافی خویندکاران، مافی کرێکاران و هەتا دواییی، بە پاڵپشتی یاسا و رێساکانی دەسەڵاتداران زۆر بە ئاسانی پێشێل دەکری.

هەر وەک هەموومان دەبینین و دەبیسین، لەو سەردەمە مۆدێڕنیتەی ئێستا دا کۆماری ئیسلامی ئێران هەر رۆژە و بە بیانوویەکەوە هێڕش دەکاتە سەر لاوانی کوردو بە کوڕ و کچەوە ڕادەستی بەندیخانە سامناکەکانیان دەکات.

ژنانێک کە باوەڕیان بە دیموکڕاسی هەیە و پێیان وایە ڕێگای نەجاتی گەلەکەیان لە سیستمێکی دێموکڕاتیک دایە دەبێ حەول بدەین هاووڵاتی چالاک بین و کارتێکەریمان لەسەر ئەو کۆمەڵگایانە هەبێ کە لێیان دەژین یان، لانی کەم خۆمانی لەگەڵ بگۆنجێنین, و کۆمەڵگاکەش تێبگەیەنین کە ئێمە هێندێک تایبەتمەندی خۆمان هەیەو دەبێ ئەو کۆمەڵگایە بیانخوێنێتەوە. دەنا ئەگەر قەرار بێ ئێمە بە تەواوی کوردایەتی و کورد بوونی خۆمان وەلا بنێین، نە هێج یارمەتێکی بواری نەتەوەیی خۆمان داوەو نە بۆ وانیش بەکەڵک دەبین. ئێمە دەبێ شانازی بە هۆوییەتی خۆمان بکەین و حەولی ناساندنیشی بدەین لە ڕێگەی چالاکیەکانی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و کلتوریەوە.

هەر لەو روانگەوە خاڵێکی گرینگی دیکەش کە ئاماژەیان پێ دا تێگەیشتنی دوو دنیای رۆژهەلات و رۆژئاوا بۆ مەسەلەی یەکسانی و بەرابەری مافەکانی ژنان بوو.

بەرێزیان پێیان وابووهاتنە سەر شەقامی ژنانی پێشەنگی کورد، بە جلو بەرگی کوردی، لە شارەکانی سنەو کرماشان لە رۆژی ٢ی ڕێبەندان، پەیامێکی گرینگ بوو بۆ کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەو کەسانەی دەهۆڵی لاوازی ژنان دەکوتن. لە ئاخر هیوای خواست کە بتوانین کۆمەڵێک ئەرک و بڕیار بۆ داهاتووی کاری خۆمان دیاری بکەین.

بەشی یەکەمی کۆنفرانس بە بەرێوەبەری کوێستان بابایی و شادی ویژدانی دەست بە کارەکانی خۆی کرد. پێشەکی پەیام و وەتاکانی بەرێزان بەرپرسی کۆمیتەی حدک لە دەرەوەی ولات و سکرتێری (ی.ژ.د.ک) پێشکەش کرا.



لە وتەکانی بەرێز کاک سەعید بێگزادە بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە بە نوێنەرایەتی حیزب بەشداری کۆنفرانسەکەمان بوو، بەرێزییان وێرای پیرۆزبایی لە بەستنی کۆنفرانس، کۆبوونەوەیەکی لەم چەشنەی دەم هەلومەرجە دژوارەدا کە جیهان دەگەڵ پەتایی کرۆنا هەیەتی، بە کارایی و توانایی باشی یەکیەێتی ژنان نرخاند. کاک سەعید دەباسەکانیدا ئاماژەی بە چەند خالی جێگای سرنج بۆ تێکۆشانی یەکێتی ژنان لەدەرەوەی وڵات، بەستێن و دەرەتانەکانی تێکۆشانی رێکخراوەکەمان و هەروەها پشتگری و هاوکاری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ زیاتر پەرەگرتن و شکوفایی رێکخراوەکەمان کرد. لە بەشێک لە قسەکانی نوێنەری حیزبدا پێداگری لەسەر ئەوە کرایەوەکە، دەگەڵ ئەوەی یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان دامەزراو و رێکخراوەیەکی سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە و پەیرەوی خالە بنەرەتیەکانی سیاسەتی ئەم حیزبەدەکا، بەلام لەباری چالاکی و تێکۆشان و کاری رێکخراوەیی خۆیدا سەربەخۆییە. هاوکات تەئکید لەسەر ئەم گرینگیە کرایەوە کە بە پێی هەلکەوتی جوغرافییای یەکێتی ژنان لەدەرەوەی وڵات، بەستێن و دەرەتانی باش بۆ کار و چالاکی زیاتر و بەهیزتر بوونی رێکخراوەکەمان هەیە و تەواوی ئەم سازمان و ئۆرگانانە نێونەتەوییانەی کە حیزبی دێمۆکرات دەواندا ئەندامە، وەک رێکخراوی ئەنترناسیۆناڵ و ...دەرگایان بە مافی بەرانبەر بۆ یەکێتی ژنانیش کراوەتەوە و رێکخراوەکەمان دەتوانێ کەلکی باشیان بۆ دامەزراندی زیاتری پەیوەندی و گەیاندنی ویستەکانمان بە کۆمەڵگای جیهانی،لێ وەربگرێ.

بەرێزیان لەسەر داوای کۆنفرانس هەتا کۆتایی کارەکانمان دەگەڵمان مایەوە و بە تێبینی و پێشنیارەکانیان هاوکارمان بوون.

دواتر خاتوو موژگان عەلیپور بەرپرسی گشتی ڕێکخراوەی یەکیەتی ژنانی حدک وتەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن.

پەیامی خاتوو موژگان

دوای پەیامی سکرتێری رێکخراوەکەمان

شەهین زاد ئەحمەد بەرپرسی گشتی کۆمیتەی پێشووی (ی.ژ.د.ک) لە دەرەوەی ولات باسێکی کورتی لەسەر گرینگی بزوتنەوەی ژنان هێنایە بەرباس کە بەرێزیان پێیان وابوو ئیمە ژنان بەگشتی نوێنەرایەتی پرسێکی پیرۆزدەکەین ،کە بۆ وەدیهێنانی ماف و ئامانجە رەواکانمان هەر لەحزە بە تەمەن ،لەژیانمان دا هەزینەی بۆدەدەین ، بە شێوەی جۆراوجۆرلە سێ کۆچکەی ناوخۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ولات ،باشوری کوردستان و دەرەوەی ولات چالاکیمان هەیە ،لەو پێناوەدا نە بێ حورمەتی و ئازار و ئەزیەت ،زیندان و ئەشکەنجە هاورێیانمان لە ناو خۆ و نە سەرما و سەختیەکانی شاخ و دەشت لە گەرمێنی باشوری کوردستان وە نە لە تاراوگە کە تێکەل بە دەیان زمان و فەرهەنگی بیگانە و کولتوری جیاوازە و لە ئاسودەیی و ئەمنییەت دان لە خەبات نامان وەستێنێت. یانی نە سەختیەکان دەمانبەزێنێت نە ژیانی بەقەول خۆشی تاراوگە لەخۆباییمان دەکات ،چونکە خاوەن ئیرادە و بیروباوەرین ،بەرێزیان پێیان وایە ئێمە مانان لە کەسانی بێتەفاوەت و بێ هیوا بەدوارۆژ، لە کەسانی بی ئیرادە ، بەتەواوی جیاوازین و وەک مرۆڤێکی خەمخۆر ، ئازادیخواز، پێشکەوتوخواز، دیموکرات لەمەیدان دا دەمێنینەو ،واتە ئێمەی ژن لە پرۆسەی موعتەبەرترین چەمکی بەرەنگاری و ئالوگۆرخوازی دا جێی خۆمان کردۆتەوە و لە مەسیری چالاکی خۆمان دا پێشەنگین. هەر بەو هۆیەش ،دەبێ ببین بە سەرمەشق بۆدەوروبەر بۆ نەسلی تازەکار و لاوانمان ، بەرێزیان پێیان وابوو کە ئەو ایمتیازانە دەبێ بە حورمەتەوە سەیری بکرێت ، چونکە خەبات لە پێناو کەرامەتی ئینسانی ، شعوری نەتەوەیی کردۆتە غرور و ئیرادەیەکی زاتی.

دوای باسەکەیان سیاسی لەو کەسانە کرد کە لە ماوەی کارکردنی کۆمیتەی پێشوو هاوکاریان بونەوە بەرێزەوە ناویانی هێنا و هەروەها راپۆرتی کار و چالاکیەکانی نێوان دوو کۆنفرانسی پێشکەشی بەشداران کرد هەروەها رێگە بە ئەندامان دراوە رەخنەو تێبینی و پێشنیارەکانیان سەبارەت بە راپۆرتی کاری کۆمیتە ئاراستەی بەرپرسانی بەش بکەن ، لە لایەن بەرپرسانی بەشەکان وەلامی پرسیار و تێبینیەکان درایەوە. لە بەشی کۆتایی یەکەم دا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان راپۆرتی کار و چالاکیەکان دەنگی متمانەی بۆ وەرگیرا

لە بەشی دووهەمی کاری کۆنفرانس بە بەرێوەبەری موژدە عەزیزی و شەهێن مودەرسی

بە خوێندنەوەی ئاینامە لە لایەن شەهێن زادەحەمەد دەستی پێکردە و دوای تاوتو و تێبینیەکانی ئەندامان بە هەیئەت ئەسپێردرا تا بە گونجاندنی هەموو پێشنیار و تێبینیەوە ئەینامەی تازەی کۆمیتەی بەرێوەبەری دەرەوەی ولات بنوسرێتەوە..

دواتر گەلالەی راسپاردەکان ئامادەکراوی کۆمیتەی بەرێوەبەری پێشوو لە لایەن مەحبوبە رەحیمی خوێندرایەوە کە بە کۆی دەنگ لە لایەن بەشداربوان پەسەند کرا و دەخرێتە پرۆسەی جێبەجێ کردنی کاری کۆمیتەی داهاتوو.

لە بەشی ئاخر دا کات درا بە کۆمیتەی ولاتەکان تا باس لەسەر کار و چالاکی و پێشنیار و تێبینیانن بدەن بە کۆنفرانس.

کۆمیتەکان( سوئێد. نۆروێژ. فنلاند. ئالمان.ئوتیش.سوئیس.دانمارک)

لە بەشی کۆتایی کاری کۆنفرانس بە سەرپەرەستی هەیئەتی بەرێوەبەری بەشی سێهەم سۆزان فەتحی و ئاواز خزری ، داوا لە کاندیدەکان کرا خۆیان بناسێن و پرۆسەی هەلبژاردن بە شێوەیەکی ئەسولی بەرێوە چوو و هاورێیان

ئەندامانی ئەسلی

(لەتیفە جەباری . مەحبوبە رەحیمی . پەروین شکوری . چیمەن بارام میرزا زولێیخا دیباجی )

ئەندامانی جێگر

بەهار حەمزە نژاد .نەمام زەرینفام

هەیئەتی هەلبژاردن

( حەسەن حاتمی. گولالە شەرەفکەندی . کوێستان بابایی . شۆعلە قادری . رۆژە عەزیزی )

هەیئەتی نوسینەوەی قەتعنامەی کۆنفرانس

( سومەیە خزری. لەتیفە جەباری . بێگەرد علی پوور )

## بەرێوە چوونی کۆرێکی ئۆنلاین بە بۆنە ٧٥مین ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان







رۆژی ١٤.٣.٢٠٢١ یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، لە دەرەوەی ولات بە بۆنەی ٧٥ هەمین سالاوەگەری دامەزرانی یەکیەتی ژنان، یەکەمین رێکخراوەی سەردەمیانەی ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان کۆرێکی ئۆنلاینی راستەو خۆ لە لاپەری فەیزبووکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان-دەرەوەی ولات بە بەرێزان

حەسەن حاتەمی چالاکی سیاسی و داکۆکی کاری مافی ژنان

خەدیجە پوورمەند پێشمەرگەو ئەندامی لە مێژینەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان.

مەحبوب رەحیمی بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی ولاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

پێکهێنا

سەرەتای کۆرەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و پاشان ساتێک بێ دەنگی بۆ رێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

پاشان لەلایەن بەرێوەبەری کۆر خاتوو سومەیە خزری وێرای بەخێرهاتنی کۆرگێران و پێشکەش کردنی چەند وتەیەک لە پەیوەندی ٢٤ی رەشەدا، پرسیارەکانی ئاراستەی کۆرگێران کرد.

## بەرێوە چوونی وێبینارێکی لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، دەرەوەی ولات

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی ولات بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان وێبینارێک بۆ بەرێزان خاتوو کوێستان بابایی مەستەری زانستە سیاسییەکا، سەیران بایەزید حوسەینی چالاک لە بواری مافەکانی ژنان و خاتوو فەریبا رەشیدی چالاک لە بواری مافەکانی ژنان پێکدەهێنا. رۆژی ٧ ی مارس کاتژمێر ١٣: ٠٠ بەکاتی ئورووپای ناوەندی، راستەوخۆ لەسەر لاپەرەی فەیسبووکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەرێوە چوو.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان - دەرەوەی ولات




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پیرۆزبایی ڕێکخراوی چەتر لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

بەبۆنەی ٧٥ همین ساڵیادی دامەزراندنی یەکیەتییەکەتان، پیرۆزباییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەین و ئومێدی داهاتوویەکی گەشتان بۆ دەخوازین.

ساتەوەختی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵگەی کوردی لە دۆخێکی تەواو ئاڵۆز و سخناخ بوولە نێرسالاری و بیرکردنەوەی دواکەوتوانەی پیاوان کە لەگەڵ ئەو سەردەمدا نەدەگونجا، هاتنەکایەی ڕێکخراوەکەتان داگیرساندنی چرایەک بوو بۆ ڕووناککردنەوەی شەوەزەنگی دواکەوتویی کلتوری و بێبەری کردنی ژنان لە مافەکانیان، ژنان ئاهێکیان بەبەرداهات بۆ پەناگەیەک و کەسانێک کە لەبیری ئەواندان و بەرگری دەکەن و پارێزەری مافەکانیانن، چالاکی و ئەزموونە دەوڵەمەندەکەتان لەو بوارەدا شایەدی بۆ خەمخۆری و دەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیاریتیە مەزنە دەدات کە ئێوە بە ئەرکی سەرەکی خۆتان زانیوە.

یادی ٧٥ەمین ساڵیادی ڕێکخراوەکەتان، هاوکاتە لەگەڵ دۆخی ئاڵۆسکاوی ژنان و مافەکانیان و هەمدیسان دواکەوتویی کلتوریمان، هەرچەندە بڕێک گۆڕانکاری وەدی هاتووە لە مەسەلەی مافەکانی ژنان و دۆخیان لە کۆمەڵگەکەماندا، ئەمە ئاماژەیە بۆ کارکردنی بێ ماندووبوون و بێ پسانەوە و سەخت و دژوار تا بەدیهێنانی یەکسانی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی جێندەر لە کۆمەڵگەکەمان، ئەمەش بە پەرەپێدانی تواناکانی ژنان خۆیان و هاوکاری و هەماهەنگی پیاوان دەبێت.

هیواداریـن ڕێکخـراوە بەڕێزەکەتان کاروانی بێ پسانەوەی ٧٥ ساڵەی درێژە پێ بدات و هیچ لەمپەرێک نەیوەستێنێت تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانی کە لە پێناویدا دامەزراون.

**ڕێکخراوی چەتر بۆ گەشەپێدان**
**کۆیە**
**١٤ ئازاری ٢٠٢١**




**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان – دەرەوەی وڵات بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان وێبینارێک بۆ بەڕێزان:**
**خاتوو کوێستان بابایی، سەیران بایەزید حوسەینی و خاتوو فەریبا ڕەشیدی پێکدەهێنێ.**
**ڕۆژی ٧ ی مارس سەعات ١٣:٠٠ بەکاتی ئۆروپای ناوەندی، ڕاستەوخۆ لەسەر لاپەرەی فەیسبووکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و هەروەها ژوری ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە تێلگرام بەڕێوە چوو.**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان – دەرەوەی وڵات**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆرۆنا و کێشەکانی ژنانی لەشفرۆش و گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان

وەرگێڕان و ئامادە کردن : نەسرین یوسفزادە



لەشفرۆشی زۆرجار بەزیانی کۆمەڵایەتی دادەنرێ لە هەمان کاتیشدا لەهەندێک وڵاتیش وەک کار قبوڵکراوە و لەکاتی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنادا پشتیوانی لەچالاکوانان و زیانلێکەوتوەکان کراوە، بەڵام لە ئێران کە بە کارێکی تاوان دادەنرێت و چارەسەری زۆربەزۆری پۆلیسی لەگەڵ دەکرێت، ئەگەرچی خۆیان لە ژێر سێبەری سیغە و ... بە دەیان جۆریان بنکە و شوێن بۆ ئەو کەسانە دەناوە بەڵام ئەگەر ژنێک نەیهەوێ سیغە بێ لای ئەوان تاوانبارە. زۆربەی ئەو ژنانەی کە لەشفرۆشی دەکەن لە ڕووی ناچاری و زۆر جار بە زۆرەملی کەسانی دەور و بەریان کە گیرۆدەی ماددەی هۆشبەرن و زۆربەی جارەکانیش ئەوە خۆیانن کە بۆ دەستەبەرکردنی ماددەی هۆشبەر مل بەو کارە دەدەن. لەم سەردەمەدا کە سەردەمی کۆرونایە دا لەبیرکراوە کە کاری لەشفرۆشەکان، هەم لە ناوەڕاستی شاری تاران و هەم لە نێو هەژاراندا چی بەسەر دێ، زیاتر لەبەر هۆکاری وەک هەژاری، و دەیان هۆکاری دیکە زۆریان لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، یان لە لوتکەی شارەکەدا، کە سەرقاڵی مەساژن و لە ژێر ناونیشانی "مەساژی خۆش" دان، ئەمە جگە لەوەی کڕیارەکان مەساژ دەکەن، هەروەها خزمەتگوزاری سێکسیشیان پێشکەش دەکەن هەروەها سایت و کەناڵە تەلیگرامەکان بە ناونیشانەکانی وەک " ژنی کەنیزەک " و " هاوسەرگیری کاتی " کە هەوڵی بەکەنیزەک کردنی بێوەژن و کچانی گەنجی ئەو وڵاتە دان، تووشی دابەزینی ئەندام بوون لەو سایت و کەناڵانەدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژە بە شکستی ئابووری ئەم کۆمەڵە خەڵکە دەکات ، ڕەنگە بە هۆی بە تاوانکردنیان بە یاسا هیچ پشتیوانیەکیان نەبێت. بینینی نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نێوان هەندێک ژنی ئالوودەبوودا کۆکراوە بەڕێوەبەری گشتی پێشگرتن و چارەسەری ڕێکخراوی چاودێری دەوڵەت گواستنەوەی ٥٧ ژنی ئالوودەبووی بە سەنتەری چارەسەری ئالوودەبوون ڕاگەیاند و گوتی دووان لەو ژنانە نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنایان هەیە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئیسنای، فەرید بەراتی سێدە ڕایگەیاند ، هەفتەی ڕابردوو قۆناغی یەکەمی پلانی پۆلیس بۆ کۆکردنەوەی ژنانی ئالوودە ئەنجام دراوە، هەروەها باس لە دەستگیرکردنی ٧٢ کەس کراوە و هاوکات لەگەڵ جێبەجێکردنی پلانەکە ئاشنا کراوە ڕایگەیاند کە ٩ یان تاقیکردنەوەی ئەرێنیی خۆبەخۆبوونیان نییە و بەکاربەر نین و گوتی: «وەک ڕێسایەک ئەو کەسانە ئازاد کران هەروەها هەندێکیان مەرجی چاککردنەوەیان لە سەنتەرەکانی چارەسەری ئالوودەبوون بە ئالوودەبووان نەبوو، بۆیە ٥٧ یان بە سەنتەرەکە ناسرابوون.

بەڕێوەبەری گشتی پێشگیری و چارەسەری یوئێس ڕایگەیاند: " لەمانە تا ئێستا تاقیکردنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڤایرۆس ی یی کراوە ، بەڵام هاوپیشەکانمان ڕایان گەیاندووە کە دووان لەو کەسانە نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنایان هەیە دوای گەیاندنیان، کە بە ناوەندی پزیشکیمان ناساند.

بەراتی سێدە بەم شێوەیە بەردەوامی بە قسەکانیدا: "لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ٥٥ کەس تاقیکردنەوەی کۆرۆنایان نەکردووە، وەک هاوکارانی زانکۆی زانستە پزیشکییەکان بڕیار بوو لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردووەوە بچنە تاقیکردنەوەی ئەو کەسانە، بەڵام تا دوێنێ هێشتا ئەو کارە نەکراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سەرگوڵ شەهابی

# کێشەکانی کاری ژنانی ئێران لە ساڵی ڕابردوودا و...

بابەت: نائەمنیەت شوێنی کاری ژنان و چۆنیەتی ڕووبەرو بوونەوەی کاربەدەستان لەبواری نائەمنیەتی کار و جیاوازی ڕەگەز، سیستەم چالاکی ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاوان چۆن هەڵسەنگانی بۆ دەکا.
بابەتێکی گرینگ و پڕ محتەوا تێبینی دەکرێ لەوانییە فشار و هەڕەشە و نەبوونی پاڵپشتی کاری و چۆنیەتی ڕووبەڕو بونەوەی جیاوازی ڕەگەز لە کولتوری کاری و توانای ئینسانی و سەرنجدان بە پیشە بە بناغەی ناسین و لێکۆڵینەوەکانی بەدەست گیشتووە.
جیاوازی هەرە گەورە کە ئەوە بوو کە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکیە، بەڵام سەر چاوەکانی لێکۆڵینەوە لەم ساڵانەدا ڕۆڵی ژنان لە میدانی کاری و خێزانی دا بە بەراورد ساڵانی پێشوو زۆر ڕوی لە گۆڕانکاری بووە بەڵام ئێستاش ئەمنیتی کاری ژنان پێگەی لە نێو کۆمەڵگەدا و سیستەمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی دیاری یا سەقامگیر نبووە، ئەو قسەیە کە جێ کەوتووە دەڵێن پیاوان نان هێنەری ماڵن و پێگەی ژن لە نێو ماڵ دیاری کراوە.
لە هەمان کاتدا زۆربەی ژنان هەوڵیان داوە تاکوو لە میدانی کاریدا و شەڕایەتی سەخت و پێگەی گرینگ و بەڕێوەبری و تەنانەت مزی کەمتر توانایەکانی خۆیان بە بەڵگەوە نیشان داوە.
لەلای دیکەوە بەپێی ئامارە ڕەسمیەکانەوە تاقیکردنەوەی گشتی ئازاد و دانشگاکان زیاتر لە ٦٣٪ بۆ ژنان بووە کە کار پێدان ٣ بە ١٠ بووە.
بەڵام جیاوازی دوو ڕەگەز پیشەی جۆراو جۆر سەرنج دەدرێتە شێوەی کار و ئامادە بوونی جیدی پیاو لە هەموو بەشەکانی کە مافی بەرابەر و چالاکی یەکسانیان هەبووە مەلکەج نابن.
١-ژنان بەو جۆرەی هێزی کاری بە کەمترین نرخ و چالاکانەش کار دەکەن
٢-ژنان بەو جۆرەی هێزی کاری جیا و غیرە سابت دەناسرێن
٣-هەر یەکەم ڕەگەزیشن کە زۆربەی جار دەکونە ژێر زەرەری ماڵی
٤- زۆرترین فشاری شەخسیەتیش لەم بوارانەدا تحمل دەکەن.
و زۆر جاریش بووە کە بە خاتری جیاوازی ڕەگەز کاری بە گوشاریان بە ژنان دەسپێرن، یا بە درکردن و کەم کردنەوەی مزی کار هەوڵ دەدەن کێشەیان بۆ ساز کەن. لە هەمان کات دا پێش هاتوە کە کار هایەکی ناشیاویان پێی سپاردبێتن و کە شەخسیەتی کاری ئەوانی خستووەتە ژێر پرسیار، و دەروەستی پیشەی بەهێز کە یەکێکە لە بە کۆیلە زانینی ژنان و کاتی پێدانی حەق دەستیان درێژ دەبێتەوە یان هەر وەکوو کاریان نەکردبێ و هیچ نەبووە گوێچکەی خۆیان دەخەوێنن .
نەبیری کاری ژنان نائەمنیەتی شوێنی کاری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕویی لە زیاد بوونە ژنانی کاری لە ئێران یەک بە پێنجی پیاوانن.
چاوەڕوانی ژنان ئەوەیە کە نابەرابەری لە میدانی کاری لەنێو بچی، لە کاتێکدا ژنان زۆرتر پیویستییان بە کار هەیە.
سەرچاوەخەبەریەکانی ئیلنا ، بە پێی هەواڵەکان ئاماری بێکاری بە ئابوری لە پاییز ٩٨ تاکوو ٩٩ بێکاری لە ئێران ڕویی لە زیادبوون کردوە. و ئێستاشی لەگەڵ دابێ شاهدیی بێکاری ژنانین.
بە گشتی بارودۆخی ژنان ئاراستەیەکی باشی نییە، ئامارە ڕەسمییەکان دەریدەخات کە ژنان لە پیوەندی ئابووری و میدانی کاری هەنگاوەکانیان بەرەو دوا بردۆتەوە .
هەر بەم بۆنەیەوە ڕێژەی ژنانی بێکار لە ماوەیی دوو ساڵی ڕابردوو تا ئێستا ٥٢ ،٩٨ هەزار ١٣٠ کەس کەمتر بووە.
ژنان بۆچی بەدوایی کار دەگەڕێن؟
بە لەبەر چاو گرتنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دابونەریت لە ئێران ئێستاشی لە گەڵ دابێ پیاوان بە نان هێنەری ماڵ و مودیری ماڵی دەبین، ئەو زێهنیەتە بۆتە هۆی ئەوەی کاری ژنان لە پەراویز بخرێ.
ژنانی کاری لە ئێران لە میدانی کاری نافەرمیدا چالاکن، بەو هۆیەی کە ئەوەی لە بەشە جیاکانی ڕەسمی سنوور داری هەیە، بەشێک لە ژنان خۆیان لە هەل و مەرجی نەخوازراو ڕێک دەخەن تاکوو بتوانن کار بکەن.
لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا شیاوی تێگیشتن و جیاوازی لێکدانەوەکان و سەروەت و دەرفەتی تاکەکان زۆر جار ژیان ڕێگایە کە پێناسەکردنی بایەخ، ڕوانیین هەڵسوکەوتەکان یا شوناسی تاکەکان لە نێو کۆمەڵگادا لە ڕووی کاری وەشەخسیتەکان دەناسرێن یا بایەخیان پێی دەدرێی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی شەهیدی سەرکردە سوهەیلا قادری و چەند هۆندراوەی بە یادگاری بەجێماوی

ئامادەکردنی:تریفەفاتیحی



پێشەنگبوونی ژنان لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و ژنانی پێشەنگ وەک ڕێشاندەری نەک هەر ژنان بەڵکوو زۆربەی چینی کۆمەڵگا ئەو کۆڵەکە بەهێزەیە کە وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.
کەم نین ئەو ژنانەی لە بوارەکەی خۆیاندا هەر لە "حەبسەخانی نەقیب"مەستوورە خانمی ئەردەڵان" ەوە تا دەگاتە ئەو کچە شۆڕشگێڕانەی چەکەلەشان لە هەر شوێنێک پێویست بێ بەرگری لە نیشتمان دەکەن و هەر یەکەی لە شوێن و سەردەمی خۆیدا شوێندانەر و جێ پەنجەیان دیار بووە.
یەک لەو ژنانەی کە ڕەنگە وەک پێویست نەمانتوانیبێ بیناسین یان کەندوکۆسپی ژیان ڕێگەی نەدابێ لە بواری خۆیدا دەرکەوێ شەهید «سۆهەیلا قادری»یە؛ شەهید سۆهەیلا قادری جگە لە ژیانی پێشمەرگایەتی و شۆڕش و هاوکات دیپلۆماتکارێکی کوردستان و میدیاکارێکی سەرکەوتوو، خاوەن قەڵەم و هەستێکی ناسکی ئەدەبی لە بواری شێعر دا بوو.
شەهید سۆهەیلا خاوەنی دوو نامیلکە شێعری بە ناوەکانی «تاسەکانم بۆ دایکم» کە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی چاپ و نامیلکەیەک بە ناوی «گوڵی وەڵاتی بەفر» کە بەداخەوە خۆی لە خۆشیی چاپبوونی بێبەش و لە دوای شەهید بوونی لە لایەن بنەماڵەکویەوە کۆکراوە و بە چاپ گەیەندراوو بوو بە دیارییەکی هەرمان بۆ هۆگرانی ئەدەب و خۆشەویستانی.

خاتوو سۆهیلا یەکێک لەو ژنانیە کەلە تەمەنی منداڵیەوە لەنێو شۆڕش دابووە.
هەموو بوونی ژینگە و دەوروو بەری خۆی بە خۆشی ناخۆشیەوە دەرک پێکردووە ئەو شتانەی دیتوویەتی و بیستویەتی لەمێشکی خۆی دا پەروەردەی کردوون وبەشێوەی شیعرو هەڵبەستی نوێ دەری بڕیوە.
هێندێک تاڵی وشیرینی پێکەوە هێناوە زۆبەی کات ئەوین بە نیشتمان و پێشمەرگەی ڕزگاری کەری گەل ،لەدیڵی وکۆیەتی داوە.
خەبات و جوانیەکانی سروشت وژینگەی شۆڕشگێڕانە دەکاتە کاکڵێک ولە گەڵ شەربەتی ئەویندار ی پاک و بێگەرد بەگەرووی خوێنەری دادەکا.
ئەو لە شیعرەکانی دا گەلێک تەشبیهی جوان دێنێ خوێنەر زۆر بەسادەیی دەرکی دەکاودەیان خاتەوە سەر یەک وچێژی لێ وەردەگرێ.
سۆهیلا ئەوەندە بەهەڵوێست بوولەهەموو بوارەکانی ژیانی دا کە لەهیچ شتێک نەپرینگاوەتەو هەرشتێک کەبەسەری هاتووە کاریگەری لەسەر هەستی ناسکی داناوەوشیعری بۆ نوسیوەو بەهۆنراوە دڵی خۆیی و نیشتمانەکەی لاواندۆتەوە

بۆ نموونە لە شیعری سایەدا دەڵێ:

ئەی ئاشنا
لەسایەی شەو
لە ئەدنێشە
دوور لەخەیاڵ دەر بکەوە

سۆهیلا هەر بەتەنیا پێشمەرگە نەبوو ،هاوکات لەگەڵ ئەرکی پێشمەرگایەتی بەردەوام لەسەر ئەرکی پیرۆزی دایکایەتی بوو،ئەوەتا کاتێ خۆی هەست بە دایک بوونی دەکا ،لەهۆنراوەی ڕۆژ لەسیمای دایک دا دەڵێ:
کەتۆ هاتی
گوڵەکانی سەر سینەی خاک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەشئە دەگرن
لە بۆنی فێنکی هەناسەت
لە خەندەو بزەی شیرینت
درەختی ژیان چرۆ دەگرێ
هەروەها لە بەستەی ڕەمزی ماندا هیوا دەبەخشێ
وهانت دەدا...
ڕەمزی هەر مانی ژیانی
شەوقی ڕێگای تێکۆشانی
ئاسۆی ڕوونی بەر بەیانی
ڕێبواری ڕێگەی هەرمانی

کاریگەریەکانی شۆڕش و ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو هەستەی لەسەر سۆهیلای پێشەنگ و پێشمەرگە دانا کە ئاوا بۆ پێشمەرگە بنووسێ:

ئەی تەتەری مەردایەتی
کە ئێواران ئاسمان
خوێنی خۆرەتاوی مژی و
نوقمی ئاوا بوونی خۆی کرد
تۆ پاسەوانی بەیانی
خۆر هەڵاتنی ئازادی
تۆ هێمای بەهێزی نیشتمانی..

تەواره بەرزە فڕەکەی سەودا سەری ئازادی بەهەستە جوان و ژنانەکەی لەغەمی غوربەت و تاراوگە دا ئاوا دەدوێ:

تاراوگەیەو
تادێ دڵم توند تردەکا
لە هەناسەی ساردی پاییز
گەڵاڕێزانی تەمەنی شیعرێکی نوێ
شوێنەواری خۆزگەکانمی
گرتە بەر
لەچاوی تەڕی ئاسمان
لەهەورێکی پڕو ئاوس
فرمێسکی ڕێژنەرەکی کپ
بەسەر کوڵمی
کیژە خامبارەکەی پاییز
لە خوڕ ڕژا.....



کاتێک دەچیە ناخی شیعرەکانی سۆهیلا بۆساتێکیش ڕۆحی ماندو و هەراسانی ژن لەنێو دەریای ئارامی پێڤەکانی ئۆقرە دەگرێ وئۆخژنێک بەگیانت دەبەخشێ ....

لەگەردەلوولی بسکی من ترست نەبێ
بەڕەشەباکەی هەناسەت داپۆشراوە
بسکی شێواوم
لەسەر ڕوو ، لامەدە
با دەرنەکەوێ شڵەژانی باغی ڕووم
با شەرارەی ماچەکانی بێ ئەوینت
گەردەلوولی هەوەسی تۆ هەڵنەکات و
لەو دیو سنووری دڵی من
کفنی سپی ، بێ ناز
بەسەر خۆی دا هەڵنەکێشێ و
لەناو گۆڕی پەشیمانی ،
هەوری ئەوین
شین بۆ نامرادیم
نەگێڕێ....

دوژمنانی بیری ئازادی و سەربەستی نەیانهێشت سۆهیلای وشە زێڕین و هەست ناسک بەخولیاو ئاواتەکانی بگا، بەداخەوە لە ١٧خەرمانانی ١٣٩٧هەتاوی لە پەلاماری موشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دیموکرات لە گەڵ پۆلێک لە هاورێیانی شەهید بوو و بوو بە ئەستێرەی سوهەیلی هەمیشە درەوشاوە لە ئاسمانی کوردستان ،ڕوحی شادو یاد و ناوی هەرمان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پشتیوانیی لە مافی دەسبەسەرکراوانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ئەندام پارلمانێکی فینلەندەوە




ئەندام پارلمانێکی فینلەند باسی پشتیوانیی لە مافی مرۆڤ بە تایبەت مافی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکا.

لە دوای دیداری بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات، کە ڕۆژی ٤ی ڕەشەمەی ٩٩ی هەتاوی، لەگەڵ داکۆکیکار لە مافی کوردان لە پارلەمانی ئەو وڵاتە، خاتوو "سارا سۆفیا سیرێن"، ناوبراو لە پۆستێکی ئەکاونتی ئینستاگرامی خۆی، بەم جۆرەی خوارەوە باس لە کۆبوونەوەکە دەکا: ئەم حەوتوویە کوردەکانم بینی باسی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانمان کرد کە جێگای نیگەرانییە کوردەکان لە ئێران کەمینەن و بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی لە پەراوێز هاویشتن و جیاوازی و چەوسانەوە بونەتەوە.

لەم دوایانەدا بەپێی ڕاپۆرتەکان، چالاکانی کورد کە زۆربەیان بەبێ‌هۆ دەسبەسەرکراون و بە دیل گیراون لە دۆخێکی دژوار و خراپی مرۆییدا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕاگیراون، وەکوو جێگری گروپی دۆستانی خەڵکی کورد، لە پارلمانی فینلەندا دەمهەوێ بارودۆخی کورد لە ناوەندی سیاسەتی نێونەتەوەییدا بێنمە بەرباس.

هەموو کات پارێزگاریی لە مافی مرۆڤ دەکەم بۆ نموونە لەکاتی ڕێکەوتنی چەکی ناوکیشدا ئەوان دەبێ لەبەر چاو بگیردرێن.

## کیمیا عەلیزادە لە گرووپی پەنابەران لە ئولەمپیکی تۆکیۆ ئامادە دەبی



کیمیا عەلیزادە لە گرووپی پەنابەران لە ئولەمپیکی تۆکیۆ ئامادە دەبی، و تەنیا وەرزشکاری ژن خاوەنی میداڵی ئێرانی کە لە وڵاتی ئاڵمانیا داخوازی پەنابەری قەبووڵ کراوە و بە نیازە وەکوو ئەندامێک لە گرووپی وەرزشکارانی پەنابەر لە ژێر ئاڵای سپی لە ئولەمپیکی توکیو ئامادە بێت.

خانمی عەلیزادە کە لە ئولەمپیکی ٢٠١٦ی ڕیو بەرەندەی میداڵی برونزی تێکواندوو بۆ و ساڵی ڕابردوو ڕویشت بۆ ئاڵمانیا و داوای پەنابەری کرد. و پێشنیاری زۆری بو وێک کەوتن بە گرووپە کانی مێللی، هۆڵەندا، کەنەدا، بەلجیکا، هەنگاریا وەرگرتبوو.

کیمیا عەلیزادە بە ڕویترزی ووتبوو کە تێکواندوو ژیانی منی گۆڕی، ئەمن یەکەمین وەرزشکاری ئێرانی بووم کە میداڵی ئولەمپیکی وەرگرت و دوای ئەو ڕووداوە ناوبانگم دەرکرد و هەموو ئەمن دەناسن، بارودۆخێکی زۆر دژوار بوو.

کیمیا عەلیزادە ٢٢ ساڵە، ئێستا لە گەڵ مێردەکەی لە باێیرنی ئاڵمانیا دەژی، بۆ ئامادە بوون لە ئولەمپیکی تۆکیۆ، ئەو دەبێ لە پێشدا لە کێبەرکێ قارەمانی ئورووپا لە مانگی مەی لە سووفیا قان وەرگرێت، ئەو بە نیازە بە گرووپی ئولەمپیکی پەنابەران پەیوەست بێ، ٥٥ نەفەر لە ئەوان لە ١٢ ڕشتەی وەرزشی لە حوزەیرانی ئەوساڵ هەڵدەبژێردرین، فیدراسیۆنی تێکواندووی ئاڵمانیا وتی کە سەرۆکی فیدراسیۆنی تێکواندووی ئاڵمانیا هاوینی ڕابردوو لە گەڵ وەزیری وڵاتی ئاڵمانیا سەبارەت بە داخوازی پەنابەری کیمیاعەلیزادەپیوەندی گرت و ئەو سێیەمین وەرزشکاری پەنابەر لە فیدراسیۆنی تێکواندووی ئاڵمانیایە.

**دایە شەریفە دایکی ڕامینی حوسێن پناهی زیندانی سیاسی کورد کە هاوکات لەگەڵ موشەکبارانی قەڵای دێموکرات لەگەڵ دوو لاوی دیکە لە سێدارە دران لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ چالاکی مافی ژنان نەرگیسی موحەممەدی لە تاران؛**

**بریا زانیبام لە کوێی ئەو شارە کورەکەم ناشتراوە...**
**کورەکم تەنانەت گۆڕێکی نیە تا بچمە سەری شینی بۆ بکەم...**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە بۆنەی ٣ی ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

زمان، سەرەکیترین ئامرازی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و یەکێک لە سەرەکیترین کۆڵەکە پێکهێنەرەکانی کەسایەتی و شۆناسی مرۆڤەو ئاخاوتن و فێربوون بە زمانی دایکیش یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانی هەر تاکێک لە کۆمەڵگای مرۆییدا.

هەروەها زمان، یەکێکە لە بناغەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و گەورەترین سەرمایەی کەلەپووری و کلتووری و پردی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی هەر نەتەوەیەک و هێڵی جیاکەرەوەی لە نەتەوەکانی دیکەیە.

لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە: "هەموو مرۆڤێک لەو کاتەوە کە لە دایک دەبێ مافی ئەوەی هەیە کە بەشێوەیەکی سروشتی بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، بیر بکاتەوە و پەروەردە ببێت".

بە پێی لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش، خوێندن بە زمانی دایکی یارمەتیدەری منداڵە بۆ تێگەیشتنی ئاسانتر لە وانەکانی خوێندن و راستەوخۆ بیرکردنەوە. منداڵێک کە پەروەردەی بە زمانی دایکی خۆی بێت، خێراتر بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ دەبێ، زیاتر هەست بە کەسایەتی و کەرامەتی خۆی دەکا و بەپێچەوانەوە ئەگەر منداڵ بە زمانی دایکی نەخوێنێ، لەگەڵ زمانێکی دیکەدا ڕوبەڕوە کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بۆی نامۆیە و کاتی زیاتری دەوێ تا گوێی بە بیستنی دەنگەکانەوە خوو بگرێت، مێشکی بۆ وەرگرتن و زمانی بۆ وتن ئامادە بکات و دەستەکانی بۆ نووسین ڕابێنێ. سەرەڕای ئەم هەموو کۆششە تێگەیشتن لە وانەکان بۆی دژوار دەبێ، بیری پڕش و بڵاوە و کاتی زۆری بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن پێویستە بۆ ئەوەی لە مێشکی خۆیدا وشەکان وەرگێڕێ و ڕستەکان دروست بکات.

بەداخەوە لە یەک سەدەی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی حاکمی ئێران، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و سەرکوت و لەنێوبردنی زمانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانیان بەڕێوە بردووە. لەوانە قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایکی لە قوتابخانەکاندا، قەدەغەکردنی ئاخاوتن بە زمانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ڕەوتی کاری خوێندنگا و ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا، بەرتەسککردنەوەی ڕۆڵی ئەو زمانانە لە کاری ڕۆژانەی خەڵکدا.

سیاسەتی قەدەغەی فێرکردن بە زمانی دایکی، نموونەی بەرچاوی پێشێلکاری مافی مرۆڤ، زوڵمی چەندقات و نابەرابەری فێرکارییە لە وڵاتێکدا. یەک دەستکردنی زمانی و فەرهەنگی بەو هۆیە نموونەی بەرچاوی پێشێلکاری مافی مرۆڤە، چونکە بە قەدەغەی فێرکردن و برەودانی زمانێک، نەتەنیا زمان و فەرهەنگی نەتەوەیەک لەناو دەچێت، بەڵکوو تاکەکانی ئەو نەتەوەیە بە زمان و کلتووری بێگانە دەبەسرێنەوە، ئەمەش واتە توانەوەی نەتەوەیەک.

"زارا محەممەدی" مامۆستا زمانی کوردی نموونەیەکی زیندووە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەتاوانی گوتنەوەی زمانی کوردی بە ٥ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

هەروەها "موژگان کاوسی" زیندانی سیاسی، ئەو توێژەرەی بواری زمانی کوردی و نووسەرەیە کە بەهۆی چالاکییەکانی لەو بوارەدا، لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی خەریکی تێپەڕاندنی حوکمی زیاتر لە ٧٦ مانگە.

ئەم سەرکوت و زەبر و زەنگە، ڕێگری و ئاسمیلەکردنی زمانی کوردی نەتەنیا نەیتوانیوە ڕێگر بێ بۆ پاراستنی بەها نەتەوەییەکانمان، بەڵکو پشتیگری خەڵک لە چالاکانی ئەو بوارەو گرنگیدانی زیاتریان بە زمانی دایکی نیشانیداوە بە گرنگیەوە دەڕوانە پاراستنی شۆناسە نەتەوەیەکان و بەرپرسایەتی سەر شانیان لەو بوارەدا.

ئێمە "ناوەندی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات" لەو ڕۆژەدا، وێڕای مەحکووم کردنی پێشێلکردنی ئەو مافە سەرەتاییەمان لە چوارچێوەی حکوومەتی ئێراندا، دوپاتی دەکەینەوە، پێداگری لەسەر ئەو مافە بە ئەرکی بزوتنەوەو خەباتی خۆمان دەزانین و لەو ڕێگەیەشدا لە هیچ هەوڵێک درێغی ناکەین.

**ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات**
**٢١فوریەی ٢٠٢١ زایینی**
**٣ی رەشەممەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاگەیاندراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی حوکمی پێنج ساڵ زیندان بۆ زارا محەممەدی، مامۆستای زمانی کوردی




**کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستە جیهانییەکان!**
**بیر و رای گشتیی ئازادیخوازی و مافتەوەری!**
**کۆمەڵانی فرەلایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**ژنان و کچانی ڕێکخراوە مەدنی و سینفییەکان!**

زۆر بەداخەوە، خاتوو زارا محەممەدی، مامۆستای زمانی کوردی، لە لایەن لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی سنە، ٢ ڕۆژ لەمەوبەر، پێنج ساڵ زیندانی کردنی، ئەو چالاک و دڵسۆزەی گەلەکەمانی پشتراست کردەوەتەوە.

زارا محەممەدی، کەسێکی چالاک و نەسرەوتوو، ماوەی ١٠ ساڵ بوو، لە پارێزگای سنە، بە گوند و شارەوە، خۆبەخشانە مامۆستای زمانی کوردی بوو. منداڵان و میرمنداڵان لە قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو ئێران ئەو مافە سەرەتایی و گرینگەیان کە بەشێکە لە پێناسە و هۆویەتی گەلانی نافارس، لێی قەدەغە و قۆرغ کردوون. لە حاڵێکدا، لە ماددەی پازادەی (١٥) یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، نووسراوە، کە زمانەکانی نافارسیش خوێندیان لە قوتابخانەکاندا، ئازادە. بەڵام پتر لە ٤٢ ساڵە بەشێوەی فەرمیی خوێندنی بە زمانی دایک لەوگەلانە و یەکێک لەوان گەلی کورد چ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و چ ئەو شوێنانەی کوردیان تێدا دەژین و ناوچەی کوردستان نین ئیزنی خوێندنیان پێنەدراوە

هەروەها، لە ئەسڵی ٢٦ی ئەو یاسا بنچینەییەدا، دامەزرانی کۆڕ و کۆمەڵیی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی نووسراوە، ئازادە، بەڵام ئیزنی فەرمیی بۆ دامەزراویی یاسایی نەدراوە.

زارا محەممەدی تێکۆشەر، کە بڕوانامەی کارناسی بەرزی ژێئۆپۆلیتیکی لە زانستگەی بیرجەند وەرگرتوو، ٦ ساڵ لەوەپێش، لەگەڵ هاوبیرانی ڕێکخراوی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی نۆژینیان دامەزراند، زارا محەممەدی کاتی گیرانی بەرپرسیی ئەو ڕێکخراوە بوو.

دادگای دژی گەلیی سنە، ئەو چالاکی‌یانەی زارا محەممەدی، بە پێچەوانەی یاسای بنچینەیی نووسراوی خۆی، بە تاوان "دژی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران" لە قەڵەم داوە و ئەو سزا ناڕوا و دژی مرۆڤایەتی، مەدنییەتەی بەسەردا، سەپاندوە. ئەو سزا پڕشوورەییە لە دەستپێکی دەیەی سێیەمی سەدەی بیست و یەکەم (٢١)دا، سەپێندراوە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، وێڕای مەحکووم کردنی ئەو ماوە زیندانی داسەپاندنەی زارا محەممەدی بە تواندی مەحکووم دەکا، و بە بێڕێزیی بە نەتەوەی کورد و مافە سەرتاییەکانی شوناس لە رۆژهەڵاتی کوردستانی دەزانێ.

بۆیە داوا لە هەموو کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و ئازایخواز، وڵاتانی پێشکەوتوو مافتەورە، لایەنگرانی مافی ئینسانی و هەموو ئۆگران و دڵسۆزانی نەتەوەکەمان لە هەر جوغرافییایەکی نێوخۆیی و دەرەوەیی دەژین، دەکا، ئەو ئاکارە دزێوە مەحکووم بکەن.

داوای ئازادی زیندانییە سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگیی، ژینگەپارێزی، کۆمەڵایەتیی و بەتایبەتیی زارا محەممەدی بکەن. کردەوە بەجێ، دروست و بوێرانەکانی خاتوو زارا محەممەدی بەرز بنرخێنن.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٢٦ ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ (١٤ ی فێوریەی ٢٠٢١)**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی نۆژین
# بە بۆنەی حوکمی ٥ ساڵ بەندکران بۆ زارا محەممەدی




ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی نۆژین بەبۆنەی حوکمی داسەپاو بەسەر زارا موحەممەدی"دا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

**لە ڕاگەیەندراوەکەی ئەنجومەنی نۆژیندا هاتووە کە:**

**ئەندامان و لایەنگرانی ئەنجومەنی نۆژین**

**کۆمەڵگای مەدەنیی خۆڕاگر و بە هەڵوێست**

**نەتەوەی مافویستی کورد**

**ڕێکخراوە مافی مرۆڤی و بەرپرسیارەکانی جیهان**

ئەنجومەنی نۆژین هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە هەستکردن بە شەڕێکی گوتاری لە نێوان کورد و ناوەندد و لێکدانەوەی ئامانجەکان و شیکاریی ستراتژییەکان و شرۆڤەی زمانی ئەو گوتارە، دەستی بە بەرەنگارییێکی گوتاری کردووە و هەوڵی بۆ خستنەڕووی ستراتژی و زمانی گوتاری زاڵ داوە و هەنگاوی بۆ داهێنانی دژەزمان و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەو ستراتژییانە هاوێشتووە.

هەوڵدانی گوتاری زاڵ بۆ دابەشکردنی زمانی کوردی بە سەر دوو ڕوانینی زمانی فەرهەنگی و زمانی سیاسی و ڕێگا خۆشکردن بۆ پەرەگرتنی ڕوانینی زمانی فەرهەنگی و داماڵینی زمانی کوردی لە نێوەرۆکی سیاسی و کانتێکستی باڵای خۆی واتا کانتێکستی نەتەوەیی هەوڵدانێکی گوتارییە بۆ ڕاگرتنی کورد لە دەرەوەی کات-شوێنی مودێڕندا. هەروەها نکۆڵی کردن لە گشتایەتیی زمانی کوردی و بە زاراوە و زمانی ناوچەیی ناولێبردنی لە لایێکەوە و پارچەکردنی ئەو زمانە بە سەر چەندین زماندا و ڕێگەدان بە تۆمارکردنی زاراوەکانی زمانی کوردی وەکوو زمان لە بەناومیراتی فەرهەنگیی ناوەنددا، بەشێک لە ستراتژیی زمانی گوتاری زاڵن کە لە نێوخۆی کوردستانیش کۆمەڵێک سووژەی ناوشیار و نەزانی دۆزیوەتەوە و کۆمەڵێک کەسیش بوونەتە بێژەری ئەو گوتارە وجێبەجێکاری ستراتژی و پلانەکانی.

بەهێماکردنی ئەم خوێندنەوەیە و لەبەرگرتنی ڕێبازێک لە چالاکیدا کە توانای داهێنانی زمان و ڕێچکەییێکی نوێی هەبێت، ئەنجومەنی نۆژینی کرد بە مەکۆیێک بۆ پێشکەش کردنی هێماییێکی نوێ لە چالاکی کە توانای خزمەت بە مافە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی هەبێت. بۆیە هەر لە سەرەتاوە پەروەردە بە زمانی کوردی و تێکۆشان بۆ کۆمەڵگاییێکی مودێڕنی کوردی کرد بە سەرچەشنی چالاکییەکانی و تائێستاش درێژەی پێداوە.

سەپاندنی حوکمی دە ساڵ زیندان بە سەر هێمای زمانی کوردی، خاتوو زارا موحەممەدی لە لایەن دادگای شۆڕش و پشتڕاست کردنەوەی ٥ ساڵی ئەم حوکمە لە دادگای پێداچوونەوە نیشانەی ئاشکرای دژایەتیکردنی گوتاری زاڵ و دامودەزگاکانی ئەو گوتارە لە گەڵ زمان و بوونی نەتەوەی کوردە.

هەر بۆیە ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی نۆژین وێڕای شەرمەزارکردنی توندی ئەم حوکمە سەپاوە ڕایدەگەیێنین کە ئەگەر تێکۆشان بۆ پەروەردە بە زمانی کوردی و پاراستنی مافە نەتەوەییەکانمان تاوان بێت، ئێمەش هەموومان لەگەڵ خاتوو زارای پێشەنگمان هاوتاوانین و تا چەسپاندنی مافەکانمان لە تێکۆشان ناوەستین و هەنگاوی کردەییمان ئەبێت.

**ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی نۆژین**

**٢٥ی ١١ی ٢٧٢٠ی کوردی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سووژە ئاوڕێک لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستان*

شەونم هەمزەیی



بزووتنەوەی ژنان هەوڵێک لە پێناو سەلماندن و بە دەست هێنانی مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییە یەکسانەکان لەگەڵ پیاوان‌دایە. ئەمە داخوازییەکانی ژنانە بە کورتی. دەسپێکی هەوڵی ژنان بۆ وەدی هێنانی ئەم مافانە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ مێژوونووسان لەم پێوەندییەدا ڕایان جیاوازە، من لێرەدا هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی ئاماژەیەک بە چوار بۆچوونی هەرە سەرەکی لەم بارەیەوە بکەم:

١) هەندێک پێیان وایە بزووتنەوەی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش لە مێژوو، دوو کتێبی "ژنان و سروشت" لە نووسینی "سووزان گریفین" و "فێمینیزم" نووسراوەی "ئاندرێ میشێل" لە سەر ئەم باوەڕەن کە بزووتنەوەی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن و پێش لە مێژوو.

٢) دەسپێکی سەدەی پازدەهەم. لەم بارەیەوە کتێبێک هەیە بە ناوی "شاری خاتوونەکان" لە نووسینی "کریستیان دووبینران".

**٣) سەدەی حەڤدەیەم.**

**٤) کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و لە دوای شۆڕشی گەورەی فەڕانسە.**

دیارترین و بەناوبانگ‌ترینی ئەم بۆچوونانە لە سەر ئەمەی چوارەم واتە سەدەی هەژدە کۆکن و ئەم سەردەمە بە ناونیشانی سەرەکیی بزووتنەوەی ژنان دەزانن. لە دوای شۆڕشی فەڕانسە بزووتنەوەی ژنان سێ شەپۆلی گرینگی بە خۆوە بینیوە.

### شەپۆلی یەکەم:

بیچم گرتنی ئەم شەپۆلە بۆ ساڵی ١٧٣٠ دەگەڕێننەوە. "مێری وێلستۆن کرافت" بە نووسینی کتێبی "ڕەواییی حقووقیی ژنان" لە ساڵی ١٧٩٢ کاریگەریی تەواوی لەسەر ئەم شەپۆلە دانا. لە دوای ئەو "جان ستوارت میل" بە هاوکاریی هاوسەری یەکەمی خۆی بە ناوی "هێری تەیلۆر" کتێبێکی لە ژێر ناوی "ملکەچیی ژنان"دا بڵاو کردەوە کە دووهەم کاریگەریی گرینگی لە سەر ئەم شەپۆلە دانا. ئەمە لە کاتێک‌دا بوو کە ژنان لەو سەردەمەدا (ڤیکتۆریا)، لەو پەڕی سەرکوت‌دا بە سەریان دەبرد. دەتوانین بڵێین بیرۆکەی مافە لیبێرالییە کلاسیکییەکان کە سەرچاوەگرتوو لە هزری جان لاک بوو، بەستێنی سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەم شەپۆلە بە ئەژمار دێ. پەرە و گەشەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و بە تایبەت مافی دەنگ دانی ژنان وەک ئامانجی سەرەکی دیاری کرابوون. ئەڵبەت لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکان کۆمەڵێک ئامانجی لاوەکییش هان‌دەر بوون لەم پێوەندییەدا، ئامانجەکانی وەک دەست ڕاگەیشتنی ژنان بە کاروباری پێوەندی‌دار لەگەڵ پەروەردە، کار و پیشە، باش‌تر بوونی پێگەی ژنانی خێزان‌دار لە یاسادا، مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بۆ بابەتی وەک جیابوونەوە و ... ژنان دواتر لە دەیەی بیستی سەدەی بیست‌دا (١٩٢٠) بە مافی دەنگ دان گەیشتن و لەم سەردەمەدا چالاکییەکانیان تەنیا بە بواری ئاشتی‌خوازانە بەرتەسک بووەوە. ئەم بەرتەسک بوونەوە و ناچالاکییانە تەنیا بە هۆی ئەوەوە نەبوو کە بە مافی دەنگ دان گەیشتبوون، بەڵکوو دۆخی زاڵی ئەو سەردەمە – وەک سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم و دوو شەڕی ماڵوێران‌کەری جیهانیی یەک و دوو - هەر ئەوەی دەخواست.

### شەپۆلی دووەم:

شەپۆلی دووەم لە دەیەی ٦٠ـی زایینییەوە دەست پێ دەکا. کتێبی "ڕەگەزی دووەم" لە نووسینی سیمۆن دۆبوار لە هەڵخڕاندنی هەستی ماف‌خوازیی ژنان لەم سەروبەندەدا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. ئامانجی ئەم شەپۆلە زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕادیکاڵ بوو و دەیانویست لە ڕێگەی شۆڕشێکی هەموو لایەنەوە ژنان لە دەستی پیاوان بە تەواوی "ڕزگار" بکەن.

**شەپۆلی سێهەم:**

لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ی زایینییەوە دەستی پێکرد و زیاتر بۆ بەرپەرچ دانەوەی شەپۆلی سێهەم – کە ڕادیکاڵی بوو – هاتبووە ئاراوە. بە جۆرێک دەکرێ بڵێین شەپۆلی سێهەم نەرم کردنەوەی شەپۆلی دووەم بوو. لەم شەپۆلەدا گرینگییەکی زیاتر بە بنەماڵە و ژنانێک درا کە لە دامەزراوەی بنەماڵەدا منداڵیان دەبێ و لە پاڵ ئەوەدا بە کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییش ڕا دەگەن.

**بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا:**

بەم پێشەکییە کورتەوە دەمەوێ باس لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستان بکەم، بەڵام لە پێشدا ئێران. هێنانی ئەم پێشەکییەم هەرچەند بە کورتییش بووبێ بە پێویست زانی و ناکرێ باس لە بزووتنەوەی ژنان بکەین و ئاوڕێک لە سەرچاوەی سەرهەڵدانەکەی نەدەینەوە. لە پێوەندەی لەگەڵ ئێران، هەندێک لە زانایانی بواری مێژوو، چاپ و بڵاو بوونەوەی یەکەم گۆڤاری تایبەت بە ژنان لە ساڵی ١٢٨٩ لە تاران بە دەسپێکی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان لە ئێران دەزانن. ئەم گۆڤارە لە ڕاستیدا حەوتوونامەیەک بوو بە ناوی "دانش" و ئامانجە سەرەکییەکەی هاندانی ژنان بوو بۆ فێربوونی زانست و خوێندن. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا ژنان لە خوێندن بێبەش بوون و جێگای ئەوان سووچی ئاشپەزخانەکان بوو، لەو دەورەیەدا ژنان تەنانەت لە ماڵەکانیشیاندا ژووری تایبەتیان بۆ دروست کرابوو، لە شارێکی وەک تاران پیادەڕەوەکانی ژنان و پیاوان لێک جیا بوو و لەم بەر و لەو بەری شەقامەوە هاتوچۆیان دەکرد.

لەم نێوەدا کەسانی بەناوبانگ و نووسەر و ڕووناکبیر هەر کام لە ڕێگەی بەرهەم و نووسراوەکانیانەوە هەوڵیان داوە کە کەموکوورییەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژنان دەر ببڕن. گرینگترینیان بریتین لە: تاهیرە قوڕڕەتولعەین ژنە شاعیری بەناوبانگ کە لە ساڵی ١٢٣١دا لە سێدارە درا و لە یەکەم کەسانێک بوو کە دژایەتیی لەگەڵ حیجابی زۆرەملی کرد. میرزا ئاقاخانی کرمانی لە ڕووناکبیرانی بەناوبانگی ئەو سەردەمە؛ فرەژنی، سیغە و حیجاب، توندوتیژی دژ بە ژنان و پەراوێز خستنیان، بە هۆکاری سەرەکیی بڵاو بوونەوەی گەندەڵی و فەساد لە کۆمەڵگەدا ناو دەبا. میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە کە دژ بە حیجابی زۆرەملیی ژنان بوو. عەلی‌ئەکبەری دێهخودا، کە نەخوێندەواریی ژنانی بە گرینگترین هۆکاری کێشەکانی ئێران دەزانی. بێجگە لەو کەسایەتییانە ڕۆژنامەگەلی وەک "ئەختەر"، "قانوون"، "حەبلولمەتین"، "حیکمەت"، "سورەییا"، "عیدالەت" و ... گرینگییەکی زۆریان بە پەروەردەی ژنان دەدا.

لەم پێوەندییەدا دوو خاڵی وەرچەرخانی گرینگ هەیە، کە یەکیان قوتابخانەی کچانە و ئەوی تریش بڵاڤۆکی ژنانە بوو، مریەم عەمید سمنانی لە پێشڕەوانی هەر دوو بوارەکە بوو و لە ساڵی ١٢٩٢دا بڵاڤۆکێکی بە ناوی "شکووفە" دەر کرد.

ساڵانێک دوای مەشرووتە و شەڕی یەکەمی جیهانی بابەتی سەرەکیی بزووتنەوەی ژنان هەمان پەروەردە بوو. ژنێک بە ناوی سدیقە دەوڵەتئابادی لە ساڵی ١٢٩٨ گۆڤارێکی بە ناوی "زبان زنان" لە ئیسفەهان بڵاو کردەوە کە لەوێدا پارێزگاریی لە مافی دەنگدانی ژنان دەکرد. هەر لەم پێوەندییەدا ساڵێک دواتر هەم ئافاق پارسا گۆڤارێکی بە ناوی "جهان زنان" لە مەشهەد بڵاو کردەوە کە دواتر بە بۆنەی بڵاو کردنەوەی بابەتی ڕەخنەگرانە لە پێوەندی لەگەڵ نایەکسانیی ژن و پیاودا لە مەشهەد دوور خرایەوە.

پێویستە ئاماژە بکرێ کە بزووتنەوەی ژنانی ئێران کاریگەریی ئیدە و بیری سۆسیالیستییشی بە سەرەوە بوو. "جمعیت پیک سعادت نسوان" لەو ڕێکخراوە چەپانە بوو کە ساڵی ١٣٠٠ لە ڕەشت دامەزرا و ساڵانە ڕۆژی جیهانیی ژنان (٨ی مارس)ی بەرز ڕا دەگرت. ڕێکخراوێکی دیکەش بە ناوی "جمعیت نسوان وطن‌خواه" لە تاران و لە سەر دەستی ژنێک بە ناوی موحتەرەم ئیسکەندەری دامەزرا. لەگەڵ سەرکوتی چاپەمەنی و حیزبە سیاسییەکان لە سەردەمی ڕەزاشادا ئەم ڕێکخراوەیەش نەیتوانی درێژە بە کارەکانی خۆی بدا، کۆتاییی چالاکیی ئەم ڕێکخراوەیە بە کۆتاییی بزووتنەوەی سەربەخۆیانەی ژنان لە ئێراندا دەزانن.

خوێندنی گۆرانی بەبێ حیجاب لە لایەن قەمەرولملووکی وەزیرییەوە کە شێعری گۆرانییەکانیشی هی شاعیرانی ڕەخنەگر و سیاسیی وەک شەیدا، عیشقی، عارف، ئیرەج‌میرزا و بەهار بوو، یەکێک لە گرینگترین هەنگاوەکانی ژنان بە تایبەت لە بواری هونەری و کولتووریدا بە ئەژمار دێ کە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ کەسانی دوای خۆی.

کۆی ئەم هەوڵانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی پێش لە پەهلەوی و یا تازە هاتنە سەر کاری ئەو بنەماڵەیە؛ لەم بەشەدا بە وردی و بە گوێرەی پێویست دەچمە سەر باسی ئەم بزووتنەوەیە لە سەردەمی پەهلەوییەکاندا.

**سەردەمی پەهلەوی:**

کەشفی حیجاب بە دەستووری ڕەزاشا لە ١٧ی بەفرانباری ١٣١٤ کە کاریگەریی وڵاتانی دراوسێی وەک ئەفغانستان و تورکیەی بە سەرەوە بوو، قۆناغێکی گرینگ و مێژوویی دیکەیە. ئەڵبەت لەم ڕوانگەیەوە گرینگە کە چون ئەم کەشفی حیجابە بە دەستوورێکی پۆلیسی بەڕێوە دەچوو، کچان و ژنانی زۆر یەک لە بنەماڵە سونەتییەکان تا ساڵانێک لە سووچی ماڵدا مانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆحانییەتی شێعە – وەک لەمپەرێکی سەرەکیی بەردەمی بزووتنەوەی مافخوازانەی ئێران – لەم دەورانەدا دەست و باڵی بەسترابوو، بەڵام چاکسازیی یاساییی بەرچاو لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژنان نەهاتە ئاراوە. بەڵام بە گشتی پێداویستیی پەروەردە، کار و هاتنە نێو کۆمەڵگە بۆ ژنان هەتا ڕادەیەک دەستەبەر بوو. لە ساڵەکانی نێوان ١٣٠٥ هەتا ١٣١٥، ٤٩ هەزار قوتابیی کچ لە ئێراندا بوو، کە ژمارەیەکی بەرچاوە بە نیسبەتی ئەو ساڵانە.

ئەو ڕێکخراوی ژنانەی وا لە دوای نەمانی ڕەزاشا پێک هاتن، زیاتر ڕێکخراوی چەتریی حیزبە سیاسییەکان بوون. ڕێکخراوی ژنانی حیزبی توودە هەتا کوودتای ٢٨ی گەلاوێژی ٣٢ چالاکترین ڕێکخراو بوو کە دامەزرێنەرەکەی مریەم فیرووز فەرمانفەرما بوو. هەر لەم چوارچێوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دامەزراند و بۆ یەکەم جار ژنانی کورد – هەرچەند لە ئاستێکی کەمدا – بەڵام هاتنە نێو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە. حیزبی توودە لە ساڵی ١٣٢٦ گەڵاڵەی دانی مافی دەنگی ژنانی بە پارلمان دا، کە ئەڵبەت خواستەکەی بێ‌وڵام مایەوە.

لە دەیەی ٣٠دا و بە تایبەتی ساڵی ٣٥ ناوەندێکی هاوکاریی ژنان کە لە ١٢ دامەزراوەی جیاواز بوو، پێک هات. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە لە لایەن دەوڵەتەوە و بە ڕێبەرایەتیی ئەشرەفی پەهلەوی دەستی بە سەردا گیرا و چەند ڕێکخراوێکی دیکەی لێ زیاد کرا و کرایە "ڕێکخراوی ژنان". ئەمەش بەو مەبەستە کرا کە سەربەخۆیی ئەو ناوەندانە نەمێنێ. ئەم ڕێکخراوەیە دەسکەوتی باشی بە تایبەت لە بواری دانانی یاساگەلی جیاواز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە قازانجی ژنان هەبوو، بەڵام هەر ئەوەی کە دەوڵەتی بوو بووە هۆی ئەوەی کە ژنانێکی زۆر لێی بتاکێنەوە.

چالاکیی ژنان بۆ بەدەست هێنانی مافی دەنگ دان لە ئێراندا لە دەیەی ٣٠ زۆر بەربڵاو بوو، ڕۆحانییەتی شیعە و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی داوای لە ژنان کردبوو کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار نەبن. بەڵام سەرەڕای دژایەتیی کەسانی وەک خومەینی و ئایەتوڵڵا فەلسەفی لە ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٤١دا و لە درێژەی شۆڕشی سپیی شادا و بە مەبەستی مودێرنیزاسیۆنی ئێران، مافی دەنگ دان بە ژنان درا.

دواتر یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە لە ساڵی ٤٦دا پەسەند کرا کە لەوێدا جیابوونەوە و فرەژنی لە گرێوی ئیزنی دادگادا بوو، لە تەنزیمی ئەم یاسایەدا ژنێک بە ناوی مێهرەنگیزی مەنووچێهریان ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو، ئەو یەکەم ژنە پارێزەر و سێناتۆری ئێران بوو. فەڕڕوخڕوو پارسا و مەهناز ئەفخەمی دوو ژنە وەزیری دەورانی پەهلەوی بوون. فەڕڕوخڕوو لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە سێدارە درا. لەو دەورانەدا کەسانی چالاک لە بواری هونەریدا لە گەشەی هزریی ژناندا ڕۆڵی گرینگیان گێڕا، لەو کەسە دیارانە لەم بوارەدا فرووغ فەرروخزاد شاعیری بەناوبانگ و ڕچەشکێن بوو کە بەشێکی هەرە زۆر لە شێعرەکانی تەرخانی هەست و ئێحساسی ژنی پەراوێز خراوی ئەو کۆمەڵگەیە بوو؛ کە توانی لەم ڕێگەیەوە بوێرییەکی زۆر بە ژنان بدا.

**سەردەمی شۆڕش و دوای شۆڕش:**

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە، لە ساڵی ٥٧دا شۆڕشی ئێران بە ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی کۆتاییی پێ هات. ویستی زۆرینەی ئینقلابییەکان یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئازادیی سیاسی بوو کە ئەمەشیان لە نەمانی حکوومەتی شادا بەدی دەکرد. کۆمەڵگەیەک کە ئەزموونی ئازادیی سیاسی و تەمرینی دیموکراسیی نەبوو، ڕێگەی بۆ چوونە قۆناغێک خۆش کرد کە دەسکەوتەکانی پێشووشی دەبردە ژێر پرسیار.

٢٤ ڕۆژ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، خومەینی دەستووری دا ژنان بە حیجابەوە بچنە دامودەزگا فەرمییەکان، ژنانی دژبەری ئەم فەرمانە چەندین ڕۆژ ناڕەزایەتییان دەر بڕی و خوازیاری ئازادی لە پۆشیندا بوون و توانیان بە شێوەی کاتی ئەم بڕیارە دوا بخەن. بەڵام لە ئاکامدا و لە ٥ی ڕەزبەری ١٣٦٠ مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی یاسایەکی پەسەند کرد، کە لەودا ژنان ناچار کرابوون بە حیجابەوە بچنە سەر کار و لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایەدا سزای تایبەت دیاری کرابوو.

ئەمە دوایین هەوڵەکانی ژنان بوو لەم سەردەمەدا و لە دوای ئەوە کۆتایی بە چالاکییەکانیان هات و هاوکات لەگەڵ لایەنە سیاسی و مەدەنییە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دەرفەتی چالاکییان لێ زەوت کرا و سەرکوت کران. تەنیا هەندێک لە ژنانی سیاسی و ڕزگاربوو لە زیندان و ئێعدامەکانی ئەو سەردەمە بوون کە بە نهێنی لە ماڵان کۆ دەبوونەوە و لەوێ درێژەیان بە چالاکییە بەرتەسکەکانیان لە بواری ژنان و ئاگایی بەخشین بەوان دەدا. لەم قۆناغەدا ژنانی پێشتر زیندانی و بنەماڵەی ئێعدامییەکان لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ١٠- ١٥ کەسییدا خەریک بە خوێندنەوەی کتێب و شێعر و ... دەبوون. ئەم کۆڕە نهێنییانە وردە وردە ساڵڕۆژی ٨ی مارسیان بەرز ڕا دەگرت و لە ساڵانی دواتردا دوو- دوو و سێ- سێ لەم ڕۆژەدا کۆ دەبوونەوە و بەم شێوەیە و لەم ڕێگەیەوە، بەشداربووانی ئەم کۆڕانە یەکتریان ناسی کە بناغەیەک بوو بۆ هەوڵەکانی دواتریان.

لە دەیەی حەفتادا و بە دوای کۆتاییی شەڕی ئێران و عێراق و کرانەوەی ڕێژەییی کەشی سیاسیی وڵات و دەرچوونی چاپەمەنیی ئازادتری وەک "ئادینە"، "دنیای سخن"، "جامعەی سالم" و مانگنامەی "زنان" جارجارە دەنگی ژنانی سێکۆلاری وەک "مهرانگیز کار" بەرز دەبووەوە و ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە ئاگایی بەخشین بە ژنانی ئێران.

لە ساڵی ٧٤ بەم لاوە لە کاتێکدا کە دۆخەکە ئامادەییی پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی ژنانی نەبوو، هەندێک ڕێکخراوی نادەوڵەتی لە بواری منداڵان و ژینگەدا هاتنە مەیدان کە هەستیارییەکی کەمتریان لە لایەن دەسەڵاتەوە لە سەر بوو. دیارترینی ئەم ڕێکخراوانە کە زۆر یەک لە ژنانی کۆڕ و کۆبوونەوە نهێنییەکانی ساڵەکانی شەست تێیدا چالاک بوون بریتی بوون لە: "ئەنجومەنی پشتیوانی لە مافی منداڵان" و "کۆمەڵەی ژنانی دژبەری پیسیی ژینگە". دامەزرێنەر و بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێکخراوانە ژنان بوون و لەم ڕێگەیەوە دەیانتوانی لە دەرەوەی چوارچێوەی تەسک و دیاریکراوی دەسەڵاتدا پەرە بە هەوڵەکانیان بدەن.

لە نیوەی دووهەمی دەیەی حەفتادا یەکەمین هەنگاوی هاتنە مەیدانی ژنان، پێکهێنانی کۆمەڵەیەک بوو بە ناوی "جمع زنان ناشر" کە لە لایەن هەندێک لە ژنانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتەوە دامەزرا بوو. ئەم کۆمەڵە ژنە پێشانگای کتێبێکیان لە ڕەشەمەی ٧٦دا دانا کە بێجگە لە خۆیان ژنانی چالاک لە بواری ژینگە و ئەنجومەنی خێرخوازی و منداڵان و ... تێیدا بەشدار بوون. ئەمە یەکەمین هەنگاوێک بوو بۆ لێک نزیک بوونەوەی ژنانی ڕیفۆرمیستی حکوومەتی و ژنانی جیابیری دەرەوەی بازنەی دەسەڵات. هەر لە درێژەی ئەم جووڵانەوەیەدا بوو کە لە ڕەشەمەی ساڵی ٧٨دا و لە دوای نزیک بە دوو دەیە، ژنان توانیان بە شێوەی ئاشکرا ڕۆژی جیهانیی ژنان لە ئێران بەرز ڕا بگرن. ئەم چالاکییە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ چالاکیی ئاشکرا و، لێرەوە بوو کە ستارتی دامەزرانی "ناوەندی کولتووریی ژنان" لە یەکەمین گرووپە سەربەخۆکانی ژنان لەم دەورەیەدا لێ درا.

یەکەمین کاری هاوبەشی بزووتنەوەی ژنان، هەوڵ دان بۆ پەیوەست بوونی ئێران بە "کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی دژی ژنان" بوو، لەم پێوەندییەدا ژنان بە بەڕێوە بردنی سێمینار و کۆکردنەوەی ئیمزا بە دوای نیشان دانی گرینگیی ئەم پەیوەست بوونەوە بوون. دەوڵەت ئەم کۆنڤانسیۆنەی لە ساڵی ٨٠دا بە شێوەی مەشرووت پەسەند کرد و بۆ پەسەندی کۆتایی ناردیە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی. لە هەشتی مارسی ساڵێک دواتریشدا کە لە شوێنە گشتییەکانی شارەکاندا لە لایەن ژنانی سەر بە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە بەڕێوە چوو، لەوێشدا ویستی سەرەکی هەمان پەیوەست بوون بە کۆنڤانسیۆنەکە بوو، ئەم جار ژنانی ڕیفۆرمیستیش خوازیاری پەسەند کردنی ئەم کۆنڤانسیۆنە بوون و هەوڵی زۆریشیان دا.

لە ئاکامدا لە ساڵی ٨٢ نێردرایەوە مەجلیس و پەسەند کرا، بەڵام شۆڕای نگابان ڕەدی کردەوە و بە دوای ناڕەزایەتی دەربڕینی مەجلیس ئەم بابەتە چووە بەر دەستی کۆڕی دیاری کردنی بەرژەوەندییەکان، کە هەتا ئێستا بە بێدەنگی ماوەتەوە. هەرچەندە ئەم یەکدەنگییەش ناکۆکیی زۆری تێدا بوو، بەڵام بۆ یەکەم جار بوو کە هاودەنگییەکی لەم ئاستەدا لە نێوان ژنانی سەر بە بیری جۆراوجۆرەوە لە ئێران شکڵی گرتبوو.

دواتر و هەر لە ڕێگەی ناوەندی کولتووریی ژنانەوە لە ساڵی ٨٢ "کەمپەینی ژنان و پیاوانی دژ بە توندوتیژی، تا ٨ی مارس"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاگەیەندرا. ئەم کەمپەینە خوازیاری ئاگایی بەخشین بە ژنان لە ڕێگەی میدیاکانەوە بوو کە کەمتر بکەونە بەر توندوتیژیی پیاوان، بڕیار وا بوو ئەم کەمپەینە بە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە ڕۆژی هەشتی مارس و لە پارکی لالەی تاران کۆتایی بە کارەکانی بێنێ و بۆ ئەم مەبەستەش ئیجازەی وەر گرتبوو. هەرچەندە لە دوایین ساتەکانی کۆبوونەوەکەدا ئیجازەکەیان لێ وەر گیراوە و پۆلیس لە شوێنی مەبەست سەقامگیر کران و پێشیان بە بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە گرت، بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەمە دوایین جارێک بوو هەتا ئێستا کە ئیزنی کۆبوونەوەی لەم چەشنە دەدرا و؛ ساڵانی دواتر کۆبوونەوەکان بە توندی سەرکوت کران.

"کۆمەڵەی هاوبیریی ژنان" کۆمەڵەیەک بوو کە لە ژنانی سێکۆلار و ڕیفۆرمیست بە دوای پێدانی خەڵاتی نۆبێل بە شیرین عیبادی پێک هاتبوو، ئەم کۆمەڵەیە خوازیاری نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە بەرنامەی گەشەی دەوڵەت، چاکسازی لە یاسای بنەڕەتیی وڵات و ڕێگە دان بە چوونە ستادیۆمی ژنان و ... بوو.

چەند ڕۆژ پێش لە بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ساڵی ٨٤ کە ژنان مافی خۆکاندید کردنیان نەبوو، دوو کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەڕێوە چوو. یەکەمیان لە لایەن "کۆمەڵگەی ژنانی شۆڕشی ئیسلامی"یەوە و لە ١١ی جۆزەردان و لە ئاستێکی سەدکەسییدا بەڕێوە چوو، بەڵام پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە ژێر ناوی "نارەزایەتی دەربڕین بە یاسای هەڵاواردن لە قانوونی ئەساسییدا" خۆپیشاندانێکی گەورەی لێ کەوتەوە کە تەنیا لە تاران نەبوو و بەڵکوو پارێزگاکانی تەورێز، سنە، ئیسفەهان، خوراسان، لوڕستان، کرماشان، سیستان و بەلووچستان و چوارمەحاڵی بەختیارییشی گرتەوە. نزیک بە ٩٠ گرووپ و ٣٥٠ چالاکی سیاسی و مەدەنی بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بانگەوازیان کرد، کە بووە گەورەترین کۆبوونەوەی نارەزایەتیی دوای ڕەشەمەی ساڵی ٥٨.

ژنان لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە ساڵی دواتریش هەر لە خۆپیشاندان‌دا هاتنە مەیدان و کۆبوونەوەکەیان بە توندی سەرکوت کرا و، بۆ یەکەم جار کەمپەینی سکاڵا لە پۆلیسیان وەڕێ خست.

ژنان کە لە دەورەی ئیسلاحات‌دا دەرفەتی دامەزرانی ڕێکخراویان بۆ ڕەخسابوو، لە دوای هاتنە سەر کاری دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد پێش بە چالاکییەکانیان گیرا و زەبر و زەنگەکان توندتر بوون. بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم سەرکوتەی ڕێژیم ڕوویان لە کەمپەین و کۆکردنەوەی ئیمزا کرد. لە گرینگترین کارەکانیان دەکرێ ئاماژە بە کۆکردنەوەی یەک میلیۆن ئیمزا بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانە کە هەڵاواردنیان تێدا بوو و هەروەها یاسای بێبەردەباران بکەین. ئەم هەوڵانە هەرچەندە تێچووی زۆری بۆ ژنان هەبوو بەڵام زیندانی بوون و لە نزیکەوە بینینی زیندانییانی سیاسیی دیکە، یارمەتیی باشی بەو ژنانە دا. بێجگە لەوەش لە ئاکامی ئەم هەوڵانەدا بوو کە "وێژمانی یەکسانیی حقووقی و ڕەگەزی" بووە یەکێک لە گرینگترین وێژمانەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران، هێشتا کاریگەریی هەوڵەکانیان بە سەر هەستیاریی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران و میدیاکان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی بەرچاو دەکەوێ. ئەو هەستیارییەی کە بەستێنێکی لەبارە بۆ گۆڕانی یاسای نایەکسان لە داهاتوودا.

هەر لەم ساڵانەدا یانی ساڵی ٨٥ کەمپەینێکی دیکەش دەستی بە کار کرد و ئەویش کەمپەینێک بوو بە دژی یاسای بەردەباران. بەڵام بەداخەوە ئەم کەمپەینە نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکێ و جارێکی دیکەش لە یاسای سزای ئیسلامییدا (١٣٩٢) هاتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوە ژنان دژکردەوەیەکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەدا و دیسانیش شایەدی لە دەست چوونی دەسکەوتی هەوڵەکانیان لە پێناو گۆڕینی یاسا نایەکسان و نامرۆڤییەکان بوونن.

لە دوای ساڵی ٨٨ و سەرکوت و بگرە و بەردەی ئەو ساڵانە، کەشەکە بۆ چالاکیی مەدەنی داخراوتر بوو و لە هەمان کات‌دا بێمتمانەیی بەرامبەر بە دەسەڵات و دامەزراوەکانی کەمتر بووەوە و بڕوا بە مەجلیسیش کە خەمێک لە خواستەکانیان بخوا هەروەتر. بەڵام لە هەمان کات‌دا و سەرەڕای نەگەیشتن بە ویستەکانیان بەڵام دەنگی نارەزایەتی و مافخوازییان بەرزتر لە بەرز بووەوە و، دەتوانین بڵێین ئەم دەورەیە پڕچالاکیترین و پڕدەسکەوتترین دەورەی چالاکیی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بوو.

لە دوای ئەوانە لە ساڵی ٩٣ـدا دوو کەمپەین بە ناوەکانی "آزادی‌های یواشکی" و "چهارشنبه‌های سفید" دەستیان بە کار کرد، کە دژایەتی لەگەڵ حیجابی زۆرەملی بوو. ساڵی ٩٦ "ویدا موحد" و بە دوای ئەویش‌دا ژنانێکی تر و ئەوانیش بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ حیجابی زۆرەملییدا لەچکیان لە سەر داماڵی و بە کچانی شەقامی ئینقلاب ناسران. هەروەها لە نارەزایەتییە گشتییەکانی ٩٦ و ٩٨ـدا ژنان بەشداریی بەرچاویان هەبوو و تەنانەت لە زۆر شوێن ڕۆڵی پێشەنگایەتییان گێڕا.

بە کورتی دەتوانین بڵێین لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە بزووتنەوەی ژنان بەرزی و نزمیی زۆری بە خۆوە بینی و هەندێک جار هەوڵەکانیان هەر نەدەچووە پێش و هەندێک جار سەرکوتی ڕووت کراون، هەندێک جار ڕاوەستاوە و هەندێک جاریش زیندوو بووەتەوە و دەنگی لێ بەرز بووەتەوە؛ بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە لەم وڵاتەدا پرسی ژنان بووەتە پرسێکی گرینگ و بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێتەوە سەر خانەی یەکەمی و لە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامییش‌دا ئەم پرسە ناکرێ لە بەرچاو نەگیرێ.

**خەباتی ژنان لە کوردستان:**

کۆمەڵگەی کوردستان ساڵانێکی زۆرە لە ژێر زوڵم و ستەمی جۆراوجۆردایە، لە ستەمی چینایەتییەوە بگرە هەتا نەتەوەیی و ئایینی. لەگەڵ ئەمانەش ستەمی ڕەگەزییش دەبێ زیاد بکەین. بە درێژاییی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد گرینگیی زیاتر بە لایەنە نەتەوەیی‌یەکەی خەبات دراوە. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە ستەمی ڕەگەزی ڕیشەیەکی سەدان ساڵەی لە کوردستان هەیە و خەبات لەم پێناوەدا وەدوا خراوە و خستوویانەتە دوای گەیشتن بە دەوڵەتی نیشتمانی. بەڵام ئێستا هەر ئەم خەباتە لایەنی نوێتری بە خۆوە گرتووە کە مافی بێبەشان و نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی یەک لەوانەن.

ئێستا بە خۆشحاڵییەوە ویستەکانی بزووتنەوەی ژنان بە شێوەی هاوتەریب و هاوکات لەگەڵ ویستی بزووتنەوە نەتەوەیی و ئایینییەکان بە گوێی خەڵک و دەسەڵات دەگا. ئێمە دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە بەبێ دابین بوونی مافەکانی ژنان هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ دێموکراتیک بێ.

مێژووی دوور لێرەدا زۆر پێویست نییە ئاوڕدانەوەی لێ بدرێ بەڵام دەبێ ئەم ڕاستییەش باس بکرێ کە زۆر یەک لە چالاکییەکانی ژنان لەو سەردەمانەدا وەک بەربەرەکانی لەگەڵ ژیانی دژوار، ئاگاداری لە منداڵ، پەروەردە کردنی کوڕانی شۆڕشگێڕ، دەسدرێژیی سێکسیی داگیرکەران، سووتانی جەرگ و ... نەخراونەتە خانەی خەباتەوە. ئەمەش دەتوانێ یەک هۆکاری ڕوونی هەبێ و ئەوەش ئەوەیە کە پیاوان مێژوویان نووسیوەتەوە و قارەمانییەتییەکانیان لەگەڵ ژنان‌دا بەش نەکردووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پێویسته لەم بارەیەوە خەم بخورێ و لێکۆڵەرانی بواری مێژوو بە ئینسافێکی زیاترەوە ئاوڕ لەو گیانبازییانە بدەنەوە.

### لە سەردەمی پەهلەویی‌دا:

لەم سەردەمەدا بە ڕاشکاوی دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد بکەین، کە بۆ یەکەم جار ژنانی هێنایە مەیدانی چالاکیی سیاسییەوە لە بەشێک لە کوردستان. دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات یەکەم هەنگاوی مودێرن و ماف‌ویستانە بوو کە لەم پێوەندییەدا هەڵهێندراوە. بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و زاڵبوونی کەشی سەرکوت، ژنانی کورد لە باری فیزیکییەوە چوونەوە خانەی یەکەمیان واتە نێو ماڵەکانیان، بەڵام بناغەی فکرییەک کە دامەزرابوو لانیکەم بەشێکی لە خەڵک و ژنانی کوردستانی ئاگادار کردبووەوە. بە دوای هەڵاتنی شا بۆ بەغدا و ساز بوونی ڕێپێوانێکی جەماوەری لە شارەکانی ئێران و کوردستان و بە دیاری‌کراوی لە مەهاباد کە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕێک خرابوو، ژنان بەشدارییەکی بەرچاویان لە خۆیان نیشان دا، ئەم حەرەکەتە لەم ڕووەوە گرینگە کە دەنگی نارەزایەتیی تێدایە. ژنانی کورد لە دەیەی چل و پەنجاش‌دا بە نهێنی و وردە وردە - هەرچەند لە ئاستێکی کەمدا - لەگەڵ تێکۆشانە سیاسییەکان بوون. لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦- ٤٧ ژنانی لادێیی بە ئاگایی‌یەوە خزمەتی زۆریان لە ماوەی ئەو ١٨ مانگەدا بە پێشمەرگەکانی ئەم ڕاپەڕینە کرد.

### شۆڕشی ئێران:

لەگەڵ نزیکبوونەوەی شەپۆلەکانی شۆڕش، بە بەراورد لەگەڵ جەماوەر و ئاستی تێگەیشتنی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردستان، ژمارێکی بەرچاو لە ژنانی کوردستان تێکەڵ بە حیزبە سیاسییەکان بە تایبەت حیزبە چەپەکانی ئەو سەردەمە بوون. لە دوای ڕووخانی سەڵتەنەتی شاهەنشاهی، ژنان بە ئاشکرا چوونە نێو ڕیزی حیزبە سیاسییەکانەوە، ساڵی ٥٨ و بۆ کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات ژنێک بووە ئەندامی ئەسڵیی کومیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە، کە بەداخەوە ئەم ڕەوتە لەو ئاستەدا درێژەی نەبوو و تا کۆنگرەی یازدەهەمی ئەم حیزبە ئێمە نەماندی ژنێکی تر ببێتە ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات، کە پێویستە لە کاتێکی تردا خەسارناسیی بۆ بکرێ؛ ڕەنگە گوازرانەوەی خەبات لە شارەوە بۆ شاخ لە هۆکارە سەرەکییەکانی بێ، هەرچەندە ناتوانێ تەنیا هۆکار بێ.
لە ئێران، کۆماری ئیسلامی وردە وردە جێگیر دەبوو و لە ئاستی کوردستانیش‌دا هەر لە هەمان دەسپێکی شۆڕشەوە دوو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە دەستی باڵایان هەبوو لە ئیدارەی ئەم ناوچەیەدا، لە نارەزایەتی دەربڕین بە حیجابی زۆرەملی کوردستانیش ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا و لە ئاستێکی بەرین‌دا خۆپیشاندان بەڕێوە چوو. لەگەڵ داسەپانی شەڕ بە سەر کوردستان‌دا، ژنان لە نەخۆشخانەکان و بەرەکانی شەڕ و دابین کردنی پێویستییەکانی خەڵک لە ڕێگەی بنکە و تەشکیلاتەکان، ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا. نموونەی خوشکانی کەعبی کە پەرستار بوون و بە دەستووری خەڵخاڵی ئێعدام کران، شایەدێکە بۆ چالاکیی ژنان لەم بارەیەوە.
یەکەمین دەسکەوتی ژنان لەم دەورەیەدا ڕێکخستنی ئاشکرا بوو و لە ژێر ناوی یەکیەتیی ژنان و کۆڕی ئافرەتان و ... لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دەستیان بە چالاکی کرد. ئامانجی ئەم ژنانە ئاگایی بەخشین بە ژنانی دانیشتووی قەراغ شارەکان، گوندەکان و ... بە مەبەستی خەبات لە پێناوی بە دەست هێنانی مافەکانی ژنان‌دا بوو. بە دوای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و سەرکوت و ئێعدامەکان، ژنان لە نارەزایەتی دەربڕین بەو ئێعدامانە لە مەیدان‌دا بوون، دواتریش کە هێزی پێشمەرگە بە ناچار چووە نێو گوندەکان، ژنانیش ڕێکخستنە نهێنییەکانیان لە نێو شارەکان چالاک کردەوە و بوونە پردی پێوەندیی نێوان خەڵک و هێزی پێشمەرگە و لە کۆکردنەوەی یارمەتی و چاپ و بڵاو کردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە سەر حیزبەکان و هەروەها گواستنەوەی خەباتکاران و چارەسەری برینندارەکان و شاردنەوەی پێشمەرگەکان لە ماڵان‌دا چالاکیی زۆریان بەڕێوە برد. ژنان هاوشان لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان هەوڵی زۆریان دا کە باوەڕە کۆنەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان وەک ژن‌بەژنە و خوێن‌بایی و گەورە بە چووکە و ... بەرنە ژێر پرسیار و بیانسڕنەوە و لەم ڕێیەش‌دا لە ئاستی ئێران‌دا هەم پێشەنگ بوون و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بوون.
لە ساڵی ٦٠ و هێرشی دڕندانەی ڕێژیم ڕێکخستنەکان ئاشکرا بوون و کەسانێکی زۆر دەسبەسەر و ئەشکەنجە و ئێعدام کران، ژمارێکی زۆر لە ژنانیش پاش ئەو سەرکوتانە چوونە ڕیزی ئاشکرای حیزبە سیاسییەکانەوە.
چەک هەڵگرتنی ژنان دیاردەیەکی نوێ بوو بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، هەرچەندە ئەم ژنانە یەکەم ژنانی چەکداری کوردستان نەبوون بەڵام لە مێژوودا خەباتی چەکداری تایبەت بە پیاوان بووە. ئەم دەورەیە تایبەت بوو، بۆ یەکەم جار بوو کە ژنان نەک وەک تاک و هێزی یارمەتی‌دەر بەڵکوو بە شێوەی کۆیەکی خەباتکار و بە ئەرک و بەرپرسایەتیی هاوشانی پیاوان خۆیان پێناسە دەکرد. ژنانی کورد هەر زوو بە شێوەی هاوکات لە پێناو کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی ڕەگەزی هەنگاویان ناوەتەوە و کەم‌تێچووش نەبووە بۆیان.
ژنانی کورد لە پێناو خەباتی ڕەوای خۆیان‌دا زیندانی کراون، ئەشکەنجە دراون و تەنانەت ئێعدامیش کراون، لە سەنگەری شۆڕش‌دا برینیان هەڵگرتووە و شەهید بوون. ئێستاش زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ژنی سیاسیی کوردیان تێدایە، لە مێژووی هاوچەرخی ئێران‌دا کۆن‌ترین ژنە زیندانیی سیاسی ژنێکی کوردە بە ناوی زێنەب جەلالیان. سەحەر کازمی، سیما مورادی، ڕازییە حەکیمی، فاتمە دادوەند و ... لەو دەیان ژنە سیاسییە کوردەن کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی‌دا توند کراون. ئامارەکان نیشان دەدەن ٦١ ژنی سیاسیی کورد لە ساڵەکانی ٥٨- ٦٧ ئێعدام کراون کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ بۆ ٢٥ ساڵ‌دا بووە، ئەمەش نیشان دەدا کە ژووڕە فکرییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ژنانی لاو و چالاک ترساون و بە بەرنامەوە ئەم ئێعدامانەیان بەڕێوە بردووە.

### خەباتی ئەمڕۆی ژنانی کورد بە لە بەرچاو گرتنی ئەو بەستێنە مێژوویی‌یەی کە باس کرا:

هەر وەک باس کرا خەباتی ژنانی کورد لە دوو ڕەهەندی نەتەوەیی و ڕەگەزیی‌دا بوو. چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ گوندەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە بردنە سەری ئاگاییی ژنانی لادێیی‌دا هەبوو. کۆمەڵگەی کوردستانیش وەک زۆربەی کۆمەڵگەکانی دەوروبەری بە ئازاری دواکەوتوویی‌یەوە دەی‌ناڵاند، حیزبە پێشەنگەکان لەو ساڵانەدا ڕۆڵی گرینگیان هەبوو. ئەوەی کە زۆر یەک لە ڕەخنەگران پێیان وایە زۆربەی ئەو ژنە شۆڕشگێڕانە لە کەشی بەرتەسکی بنەماڵە و کۆمەڵگە هەڵاتوون و پەنایان بۆ ئەم حیزبانە هێناوە زۆر ڕاست نییە. چونکە ئێمە دەزانین کۆمەڵگەی حیزبەکانیش هەر پیاوسالارە و کەواتە جیاوازییەکی بۆ ئەوان نییە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵکوو دەبێ باوەڕ بێنین بەوەی کە ژنانی کوردستان کەڵکەڵەی سیاسییان هەیە. لەگەڵ ئەوەش‌دا ئێمە دەبێ ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو ژنانەدا هەیە وا لە ترسی بنەماڵە پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و شەقامی شارە گەورەکان، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەنا دەبەن بۆ حیزبە سیاسییەکان بۆ درێژە دان بە ژیانێکی سەربەرزانە و شۆڕشگێڕانە.

شتێکی تریش کە لێرەدا گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە نابێ پێمان وا بێ هەوڵدان بۆ بە دەست هێنانی مافەکانی ژنان، دەبێتە هۆی لاوازیی خەباتی نەتەوایەتی و هێزەکە لێک بڵاو دەکاتەوە؛ ئەم خەباتانە دەتوانن هاوکات و هاوهەنگاو بە یەکەوە بچنە پێش و هەروەها دەتوانن بەردەوام یەکتر بەهێز بکەن. کەواتە خەبات بۆ مافەکانی ژنان هیچ زەبرێک لە خەباتی نەتەوایەتی نادا، بەڵکوو دەبێتە هۆی بەهێزتربوونیشی.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەهەندی کولتووری پێشکەوتنێکی باشی بە خۆوە بینیوە. لە ساڵانی ڕابردوودا ژنان لە مەیدانی کولتووریی‌دا خۆیان تاقی کردووەتەوە و سەرکەوتووش بوون لەم بوارەدا. بە تایبەتی لە کوردستان شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی باش و ڕچەشکێن سەریان هەڵداوە و بەشێکی هەرە زۆر لە ئازار و ڕەنجەکانی ژنی کوردیان هێناوەتە سەر لاپەڕە و خەمیان لێ خواردووە. دەتوانین ژیلا حوسێنی بە فرووغی کورد بزانین و نەک بە تەواوی بەڵام ئەو ڕۆڵەی فرووغی لە نێو ئەدەبیات و کولتووری کورددا گێڕاوە. دیارە نموونەکان زۆرن و پێویست بە ئاماژە کردن بە ناوەکانیان ناکا. بەڵلام گرینگ ئەوەیە کە ئێمە لە بیرمان بێ ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆربەی بوارەکان‌دا چالاکییەکانیان بەردەوامە و ڕوو لە گەشەیە.

بە خۆشحاڵییەوە ئێستا خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپە بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کە هەیەتی، خەباتێکی زیندووە و تەنیا لە شاخ‌دا قەتیس نەماوە و هەموو جومگەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کولتووری و هتدی لە خۆ گرتووە. هیچ دژایەتییەک لە نێوان چالاکوانانی ژن لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات‌دا نییە و هەموو بۆ یەک ئامانج کە نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزییە هەنگاو دەنێن. بە واتایەکی دیکە مامۆستا هەژار گوتەنی: "دەسکەوتەکە هەر یەکە بە هەر دووک ڕێ‌دا".

**ئاستەنگەکانی بەر دەم خەباتی ژنان:**

ژنان لە کوردستان‌دا سەرەڕای بە دەست هێنانی زۆر دەرفەتی گەورە، بەڵام هێشتاکەش ئاستەنگی زۆریان لە بەردەم‌دایە. ئەم ئاستەنگانە دەتوانێ لە هەنگاوی یەکەم‌دا یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، سوننەت و باوەڕە کۆنەکانی کۆمەڵگە و هەروەها ناسەربەخۆیی ئابووری، سەرکوتی بنەماڵە، ڕوانگەی سێکسیستیی پیاوان، پیاوسالاریی کۆمەڵگەی کوردستان، دان پێ‌دا نەنان بە توانای ژنان، بێ‌متمانەییی ژنان بە توانای خۆیان، دژایەتیی ژنان لەگەڵ یەکتر، قەبووڵی ژیانی کۆیلایەتی لە لایەن هەندێک لە ژنانەوە و ... بێ.

**ڕێگە چارە:**

ئەگەر سادەترین وڵاممان بۆ ئەم بەشە پێ شک بێ، پێش لە هەموو شتێک دەتوانین بڵێین نەمانی ئەم ئاستەنگانەی کە باس کران خۆیان باش‌ترین و گونجاوترین ڕێگەچارەن.

لێرەدا گرینگ‌ترین ڕێگەچارەکان دێنم:

– خوێندن و خوێندنەوە و لەم سۆنگەیەشەوە بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری و ئاگاییی ژنان بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانیان.

– فەرهەنگ‌سازی و دروست کردنی بەستێنی لەبار بۆ پەرە پێ‌دان بە بیر و هزری سەردەمییانە و بە دوور لە هەڵاواردن.

– سەربەخۆییی ئابووریی ژنان.

– ڕچەشکێنی و هاتنە مەیدان لە لایەن ژنانەوە.

– جێ‌گیر کردنی باوەڕبەخۆییی ژنان لە لایەن خۆیانەوە.

– دان پێ‌دا نان بە تواناییی ژنان لە لایەن پیاوانەوە.

– بە ڕێکخراو کردنی چالاکییەکانی ژنان.

– چێ بوونی خواست و ئامانجی دیاری‌کراو و پلانمەند.

– دارشتنی بەرنامە و پلان و پلاتفۆرمی ڕوون بە خواستی مافەکانی ژنان.

– ویستی هاوبەش و هەنگاو نان لە پێناو بە دەست هێنانی ئەم ویستانەدا.

– پێوسیتیی هاوهەنگاویی بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتی و حیزبە نیشتمانییەکان.

*ئەم وتارە پێش‌تر بە شێوەی سێمینار لە لایەن خاتوو شەونم هەمزەییەوە پێشکەش کراوە و لە کوردکاناڵ بڵاو بووەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ئامادەبوانی بەڕێز
هاوڕێیانی خۆشەویست
ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
ژنانی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
سڵاوێکی گەرمی خەباتکارانەتان پێشکەش

بە بۆنەی تێپەڕینی ٧٥ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوادارم لە ئەرک و کارەکانتاندا سەرکەوتوو بن و بەو ئامانجە، کە وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادە و یەکسانە، بگەین.

- دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، دەسکەوتی قۆناغی سەروەریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی کۆماری کوردستانە.

کۆماری کوردستان بە مانای تایبەتی وشە، «ڕووداوە»؛ دابڕانی لە ڕەوتی مێژوودا دروست کرد و بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان، بوو بە نوقتە عەتف. کۆماری کوردستان «مێژوویی»شە، کاریگەریی درێژماوە و ماندگاری لەسەر بزاڤی کوردستان و کۆی پرۆسەی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد دانا؛ ڕێیڵگوزاریەکی کرد کە تا ئێستاش ئێمە لەم چوارچێوەدا هەنگاو دەنێین. دەسپێک و بناغەیەک بوو کە ئێمە لەسەری دەڕۆین و لەسەری هەڵدەچنین تا ئەم ساختومانە نەتەوەییە تەواو دەکەین، خاکی کوردستان ڕزگار دەکەین، کە ساختومانەکەشمان تەواو کرد، دەست دەکەین بە ڕێکخستنی نێوماڵی کوردستان و جوان و جوانتری دەکەین. کار دەکەین بۆ چارەسەر کردنی پرسە کۆمەڵایەتیەکان. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە، پێبەپێی هەوڵدان بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی و گرینگیدان بەم پرسە،گرینگی بە پرسی ژن و مافەکانی داوە، لە ڕۆشنگەری و هەنگاوی بەکردەیی دریغی نەکردوە. دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ٧٥ ساڵ لەوە پێشدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. ئەم کارە، کە لە زەمانی خۆیشی لەپێشتر بوو، ڕادەی پێشکەوتوویی بیری سەرۆککۆماری کوردستان، قازی محەمەد و بەڕێوەبەرانی دیکەی کۆمار و حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشان دەدا. ئەوە زۆر گرنگ و مانادارە لە کۆمەڵگەی ٧٥ ساڵ لەمەوبەردا ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان دامەزرێ؛ ئەمە ڕچەشکێنییەکی گەورە بوو؛ ئەمە وەرچەرخانێک بوو.

ئامانجی حیزب تەنیا چارەسەر پرسی نەتەوەیی و ڕزگاریی خاک نیە، بەڵکوو ئەمانە زیاتر وەک بەستێنێک دەبینێ بۆ دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی مافتەوەر، کە تێیدا ئازادیی تاک و کەرامەتی مرۆڤەکان بە ژن و پیاوەوە بپارێزرێ و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە مافەکانیان بەهرەمەند بن.

- ئەو تەبعیزەی لەهەمبەر پێگە و مافی ژنان لە کۆمەڵگەکانی مرۆییدا هەبووە و هەنووکەش بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، ڕیشەیەکی کۆنی مێژوویی هەیە؛ بە چەشنێک کە ئەم تەبعیز و جیاوازیدانانە نەهادینە بووە و لە هەموو بوارەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا خۆی دەرخستوە. بە دەربڕینێکی ڕوونتر تەبعیز بە نیسبەت ژنان پێکهاتەیی بووە و لە پێکهاتەی زمان، ئەندیشە و پێکهاتە کۆمەڵاتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا ڕەنگی داوەتەوە. لەڕاستیدا لەجیاتی ئەوەی ئەو جیاوازییە فیزیۆلۆژیکی و سروشتیانەی لەنێوان ژن و پیاودا هەن، ببنە مایە فرەچەشنی و جوانترکردنی ژیان، کراونە ئامرازی ناحەز کردن و دیفۆڕم کردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژیان؛ کراونە بنەمای دروست بوونی هاوکێشە و دوانەییەک، کە وەک پێشگریمانەی هەموو پێکهاتە مرۆییەکان ڕۆڵی بینیوە؛ هاوکێشە و دوانەیی باڵادەست و ژێردەست، ناوەند و پەراوێز. کاتێک باسی پێکهاتەکان دەکەین، باسی ناوەند و پەراوێز و ئەو یارییەش دەکەین کە لەنێو خۆیان و لە چوارچێوەی خۆیاندا ڕێکی دەخەن.

کۆمەڵگەی ئازاد بەوە بەدی نایە کە ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە بکرێتەوە، کۆمەڵگەی ئازاد بەوە وەدی نایە کە ژێردەستی ئەمڕۆ ببێتە سەردەستی سبەی، کۆیلەی ئەمڕۆ، ببێتە ئاغای سبەی، بەڵکوو کاتێک وەدی دێ کە هەموو ئەو پێکهاتانەی لەسەر بنەمای دوانەیی شکڵیان گرتوە، بشکێندرێن و لەبنەڕتدا دوانەی ناوەند و پەراوێز نەمێنێ و یاریی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و پێوەندییەکی ئاسۆیی ڕێک بخرێتەوە.

ئازادی چەمکێکە کە لەنێو کۆمەڵگەدا و لەپێوەندی لەگەڵ ئەوی دیدا مانا دەدا؛ بە واتایەکی تر ئازادی یارییەکە کە لەنێوان مرۆڤە ئازادەکان و چین و توێژە ئازادەکاندا مانا دەدا. ئەم یارییە کاتێک مانا دەدا کە ئوسوول و یاسا و ڕێسای وەک یەک هەر دوو لایەن بگرێتەوە. ئازادی کۆمەڵگە بە ئازادیی هەموو چین و توێژەکاندا تێپەڕ دەبێ. ئازادی کۆمەڵگە بە ئازادیی ژندا تێپەڕ دەبێ. پیاوان ئازاد نابن تا ئەوکاتەی ژنانیش ئازاد نەبن و تا ژنی کۆیلە و ژێردەست هەبێ، ئازادیی پیاو لە ناوێکی بێ نێوەرۆک زیاتر نیە. لێرەدا دەمەوێ بێژم خەبات بۆ مافی ژن، تەنیا ئەرکی ژنان نیە، بەڵکوو ئەرکی پیاوانیشە. ئازادیی ژن زەروورەتێک نیە کە تەنیا بۆ ژنان لە ئارادا بێ، بەڵکوو بە هەمان ڕادە بۆ پیاوانیش لە ئارادایە. ئەگەر پیاو دەیەوێ ئازاد بێ، دەبێ هەوڵ بدا وێڕای ژنان، بۆ ئازدیی ژن تێبکۆشێ. ئەگەر پیاو دەیەوێ بەهێز بنوێنێ، دەبێ یاری و تەعامولیشی لەگەڵ ژنی بەهێز بێ و ژنانیش وەک وی، لە هەلومەرجی یەکسان بەهرەمەند بن. ئەگەر ژیان بە واتایەک بریتی بێ لە ململانێ و ڕەقابەت، ئەوە کاتێک ئەم دوو چەمکەی دوایی مانا دەدەن کە لەنێوان کەسانی بە هەلومەرج و دەرفەتی وەک یەک، لە ئارادا بێ. تا ژن کۆیلە بێ، پیاو لە کۆیلەیەکی بەدەسەڵاتتر، زیاتر نیە.

- ئەگەر ئاوڕێک لە پێگە و پرسی ژن لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە، دەتوانین ئاوا وێنای بکەین: پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی گۆڕاوە، پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، نۆرم و بایەخەکانی کۆمەڵگەش گۆڕاوە. یەکەم: کۆمەڵگاکان دەگۆڕێن لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگە سروشتێکی بگۆڕی هەیە و ستاتیک و نەگۆڕ نیە، کۆمەڵگەی ئێرانیش لەم قاعیدەیە بەدەر نیە ئەویش وەک هەموو کۆمەڵگەکانی دیکە گۆڕانی تێدا پێک دێ؛ دووهەم: کۆمەڵگەی ئێران لەژێر تەوژمی دیاردەی بەجیهانیبوون و تەقینەوەی زانیاریدا و لەژێر کاریگەریی تۆڕی پێوەندییەکانی ئینترنێت، گۆڕاوە. زمان و وێژمانی کۆمەڵگەی ئێران گۆڕاوە و لەبەر ئەوەی کە زمان و وێژمانی دەسەڵاتی زاڵ، لە ڕابردوودا چەقیوە و لە کۆمەڵگە بەجێ ماوە، کەلێنێان لەنێواندا دروست بووە، بە چەشنێک کە ئەو متمانە و پردی پێوەندییەی کە مەفروزە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتی زاڵدا هەبێ، لەگەڵ تەنگەشە بەرەوڕوو بووە. یەکێک لەو بەشانەی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە گۆڕاوە، ڕوانینی ژنان بۆ خۆیانە، ڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنانە، ئەو پێناسەیە کە بۆ ژن و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا دەکرێ. ئەمڕۆ ژنان لە بواری خوێندندا وێڕای پیاوان و تەنانەت زیاتر لەوانیش خۆیان پێش خستووە و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ خودئاگایی ژنان و چاوکراوەییان لە کۆمەڵگەدا. ئەمڕۆکە ژنان وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی چالاک لە بواری جۆراجۆری کولتووری، زمانی دایک، ژینگەیی و سیاسیدا ڕۆڵیان هەیە و دیارن؛ مافەکانی خۆیان دەزانن و هۆکاری بنپێ کردنی مافەکانی خۆیشیان دەزانن، بۆیە ڕووبەڕووی ئەو سیستمە دەبنەوە کە دەیەوێ لە خانەیەکی دیکەدا پێناسەیان بکا و بەپێچەوانەی مەیل و داخوازییەکانیان بجووڵێتەوە.

ئەگەر بەتایبەتی سەیری شانۆی کۆمەڵایەتیی کوردستان بکەین دەبینین کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان وەک ژن، لە ئاستی مافە نەتەوەییەکانیشاندا لەسەر هەست و لەسەر پێن. چالاک بوونی ژنان لە بواری پەروەردە بە زمانی دایک و نیشتمان خۆشەویستییان لە فۆرمی پاراستنی ژینگەی کوردستاندا، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە مەیدانی پێشمەرگایەتیشدا شانبەشانی پیاوان خەبات دەکەن. هەموو داتا و زانیارییەکان پێمان دەڵێن ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بکەری هەرە چالاکی جڤاکن و خاوەنی وزە و پۆتانسیەلێکی زۆرن بۆ گۆڕانکاری. و لەبەر ئەوەی دووقات دەچەسێندرێنەوە، زیاتر لە پیاوانیش دەغدەغەی گۆڕانکارییان هەیە و خوازیاری گۆڕانی ڕادیکاڵن لەو سیستمە سیاسییەی کە لەگەڵ سروشتی ماف و داخوازییەکانیان ناتەبایە.

- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی چالاکی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی ٧٥ ساڵ خەباتی بێپسانەوەیدا، لەدژی نەریت و یاسا کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵگە خەباتی کردوە، فەرهەنگسازی کردوە، ڕۆشنگەری کردوە بۆ ئاشنا کردنی ژنان بە مافەکانیان و شکاندنی ئەو بەربەستانەی لەبەردەم ژناندان. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ڕێکخراوێکە بۆ ڕێکخستنی ژنانی ڕۆژهەڵات. فەلسەفەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان ئەوەیە کە ژنان بەبێ ڕێکخستن و خۆ سازماندان ناتوانن بە مافەکانیان بگەن. لەم ڕاستایەدا نەک پشتیوانی و هاوکاری، بەڵکوو هاوخەباتی پیاوان، پێویستییە. خەباتی ژنان بۆ مافەکانیان مەرجێکی پێویستە بەڵام کافی نیە، بۆیە پیاوانیش لەم پێناوەدا بەرپرسیارن؛ هەروەک پێشتر وتمان، لەڕاستیدا خەباتی ئەوان، بۆ ئازادبوونی خۆیشیانە، چونکە بەبێ ئازادیی ژن، ئازادیی پیاویش مسۆگەر نابێ.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا، چالاک بوون و چالاکیی جۆراوجۆریان هەبوو، هەم هەوڵیان داوە لەگەڵ ژنانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات لە پێوەندیدا بن و ڕۆڵێکی دوولایەنە و تەواوکەری یەکتریان هەبێ، هەمیش لێرە بە کۆڕ و سمینار و کلاسی پەروەردەیی، قورساییەکی زۆریان بە پێگەیاندن و ئامادەکردنی ئەندامان و لایەنگرانیان بۆ خەبات و فەرهەنگسازی داوە. هیواداریین بتوانن زیاتر لە پێشووش کاریگەر بن و ئەمەش بێگومان بە پلان و بەرنامەی تۆکمە و بە هەبوونی پێوەندییەکی ئۆرگانیک لەگەڵ ژنانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات و بەیەکەوە هەوڵدان بۆ مافەکان، دەکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەک پێشوو لە هیچ هاوکاری و پشتیوانییەک دریغ ناکا و خەبات بۆ پرسی ژن بە ڕەسالەتی خۆی دەزانێ و پێبەپێ و هاوتەریب لەگەڵ پرسە فەراگیرە نەتەوەییەکە، بۆ پرسی ژنیش تێدەکۆشێ.

جارێکی دیکە پیرۆز بێ ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

تا وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان لە خەبات کردن بەردەوامین.

سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان  لیژنەی کۆیە




**پیرۆزبایی**

**هاوڕێیانمان لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی  کوردستان**

بەبۆنەی٧٥ ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوە  تێکۆشەرەکەتان،جوانترین و ڕازاوەترین چەپکە  گوڵی بەهار و نەورۆزتان بێشکەش دەکەین ئێمە لە کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان شانازی بە پەیوەندیی نیوان هەردوو ڕێکخراومان دەکەین لە  مێژووی خەباتمان بۆ بەدیهێنانی مافی ئافرەتان  لە هەر کوێیەک بویبن نوێنەری پر متمانەی یەک بوین داخوازیی ئافرتانی گەلەکەمان ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوە کانمان بوون ئێوەیەی تێکۆشەر و ڕێبواری ئازادی نیشتیمانی  زەوتکراو ڕێگەتان سەخت و دژوارە قوربانی زۆرتان داوە لەلایەک تێکۆشان بۆ نەتەوە و لەلایەکی تر تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەتان  نزیکترین قوربانی شەهید بوونی هاوڕێیان (سۆهیلا قادری،نەسرین حداد) هەردوو سکرتێری یەک لە دوایەکی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان کە هەرگیز لە بیر ناکرێن لە مێژووی تێکۆشانی  ئافرەتانی کورد،وەک چرایەکی درەوشاوە رووناکی  بە خەباتی ئافرەتان دەدەن

**بەرزوو پیرۆز بێت یادی دامەزراندنی ڕێکخراوە  تێکۆشەرەکەتان**
**نەمری بۆ شەهیدان و بەردەوامی وسەرکەوتن بۆ  ئێوە**

---

# پەیامی پیرۆزبایی دێدەوانی یەعقوب ڕۆژنامەنووس



**بۆئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان**
**بابەت /پیرۆزبایی**

بەبۆنەی ٧٥ساڵەی دەمەزراندنی یەکیەتیەکەتان یەکیەتیی ژنانی دیمۆ کراتی کوردستان هەر وەک پیرۆزبایی یادەپێشەنگیەتان لیدەکەین وهەمیش سلاوی ئەمەک ئامێزبۆ میناخانمی قازی و تەواوی ژنانی خەباتکاری کاروانی درێژی خەباتی ئەویەکیەتیەدەنێرین  کەبوونە ڕەچەشکێنی ڕێی خەباتی وەدەست هێنانی  مافی ژنان و مافی کوردبوون.
ئەگەر ڕێکخراوەکانی ژنان تەنیا ئەرکیان کارکردن بووبێ بۆ مافەکانی ژنان ،ئەوا یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان هەم ئەرکی وەدی هێنانی مافی نەتەوایەتی و هەم مافی ژنانی لەئەستۆبووە .
لەکۆتایشدا نابێ بەسەر مەرگ و شەهیدبوونی سکرتێرو ئەندامانی کاروانی پڕلەهەورازو لێژی دوورمەودای ئەو یەکیەتیە لەبیربکەین بەتایبەتی هەردوو شەهیدی قەڵا سۆهەیلەی قادری و نەسرین حەداد .
هەزار چەپکەگوڵی ئەمەکداری  و هومێدی ئەوەش دەخوازین یادەکانی داهاتوو لەڕۆژهەلاتی ئازاددا بکەنەوە .

**لەگەڵ ڕێزدا**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی پیرۆزبایی بۆ یادی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



**بەڕێزان کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان**

سەرەتا بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی ڕیکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوە بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان و کادر و ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەتان دەکەم و هیوادارم کە هەردەم لە گەشە و لە پێشکەوتن دابن. دامەزرانی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە دەسکەوتە گرینگ و دیارەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ڕۆژی ٢٤ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ ی هەتاوی پێش ئەوەی بەهاری ڕەنگینی کوردستان دەست پێ بکات، بەهاری کوردان لە ٢ی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا جوانی و سەوزایی و بۆن و بەرامی تازەی لە کوردستان دا بڵاو کردبۆوە و گوڵێکی جوان و ڕازەوەی بە ناوی " حیزبی ژنانی دیموکراتی کوردستان " لە بەرۆکی ژنانی کورد و مرۆڤە یەکسانیخوازەکان دابوو، ئەو دەسکەوتە گرینگە بوو بە چەخماخەی شۆڕشێکی نوێ بۆ ژنان و بە تایبەت ئەوانەی خولیای کاری ڕێکخراوەیی بوون. لە ٧٥ ساڵ پێش ئێستا دا دامەزرانی ڕێکخراوەی ژنان وێڕای تابۆ شکاندنی کۆمەڵگای کوردستان لە هەمان کاتدا بیری پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستان و شەخسی شەهید پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی نیشان دەدا. هەر لەم کات و ساتەدا ناکرێ ڕۆڵی پێشەنگی و بوێری نەمر زیندەیاد خاتوو مینا قازی و بەشێک لە ژنانی بوێری ئەو سەردەم نەبینن، هاتنە مەیدانی پۆلێک ژنی یەکسانیخواز نیشانەی هەست بە بەرپرسایەتی کردن بوو لە ئاست کۆمەڵێک پێشێلکاری لە کۆمەلگای داخراوی ئەو کاتدا و لە هەمانکاتدا بەشداری کردن لە کایەی سیاسی و مەدەنی و ڕێکخراوەیی دا بوو. حەفتاو و پێنج ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوەی ژنان نیشانەی بەردەوامی خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، وێڕای ئەوە کە لە ماوەی ٧٥ ساڵ دا ڕێکخراوەی ژنان سەرکەوتن و دەسکەوتی مەعنەوی و سیاسی تایبەت بە خۆی هەبووە، لە هەمان کاتدا ڕێکخراوەی ژنان تووشی نسکۆ و پاشەکشە و وەستانی کاتیش بووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بۆ ساتێک لە ئامانجەکانی خۆی دەستبەردار نەبووە و پاشەکشەی لە ویست و داخوازییەکانی نەکردووە و لە پێناو ئامانج و درووشمەکانی دا خەباتێکی سەخت و خوێناوی و بەرحەقی بەرێوەبردووە. لە درێژەی ئەو خەباتە سەختەدا، شەهید بوونی دوو سکرتێری یەک بە دوای یەکی ئەو ڕێکخراوەیە لە مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان دا شەهیدان خاتوو نەسرین حەدداد و خاتوو سوهەیلا قادری ئەگەرچی ئازارێکی بەژان بوو، بەڵام درێژەدانی ڕێگای پڕ سەروەری و هەستانەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ئەو بارە قورسەدا، هیوا و ئومێدی زیاتری بە ژنان و بە یەکسانیخوازان بەخشی و ئەو ڕێکخراوەیە کە یادگاری کۆماری کوردستانە زیاتر خۆشەویست کرد و بە خۆشیەوە هەر ئێستا بە هەزاران ژن و پیاوی یەکسانیخواز لە دەوری بازنەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دا کۆبوونەوە و خەباتی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان درێژە دەدەن. لەو یادە پیرۆزەدا سەری ڕێز بۆ هەموو ئەو ژنە خەباتکارانە دادەنوێنم کە لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و لە سەنگەری ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان دا خەبات دەکەن و لەو ڕیگایەدا شەهید بوون، سەری ڕێز بۆ ئەو ژنە بوێر و خەباتکارانەی کورد دادەنوێنم کە لە سەر بیری سیاسی و ئازادیخوازی ، یەکسانی ، کاری ڕێکخراوەیی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات دا لە ژێر هەڕەشەی گیران و زیندان دا خەباتی خۆیان درێژە دەدەن و ئێستا بە تاوانی کاری خۆبەخشانە لە گرتووخانەکانی ڕژیمی ئێران دان.

**سڵاو لە ژنانی خەباتکاری کورد**
**سڵاو لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

جارێکی دیکەش ئەم ڕۆژە لە گشت لایەک پیرۆز دەکەم و بە هیوای ئەو کە ژنی کورد بە ئامانجەکانی خۆی کە ئازادی و یەکسانییە بگات.

**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

**٢٤ ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ ی هەتاوی**

**بەرامبەر بە ١٤ ـ ٠٣ ـ ٢٠٢١ ی زائینی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پیرۆزبایی و پشتیوانی بە بۆنەی ٧٥ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات

## عیسمەت نستانی



حەفتاو پێنج ساڵ لەمەوبەر یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ئەنجامی بیری پێشکەوتنخوازانەی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و ژنانی ئازادیخوازی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە شەهید پێشەوا قازی محەممەد و مەرحووم مینا خانمی خێزانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی نایە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان. بەو بۆنەیەوە وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش بۆ ڕوحی پاکی شەهیدانی کوردستان، بەتایبەت دوو سکرتێری شەهیدی ئەو ڕێکخراوەیە شەهیدان نەسرین حەداد و سۆهەیلا قادری، پرۆزبایی لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوەیە دەکەم.

لە کاتێکدا یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکڕاتی کوردستان بەرز ڕادەگرین کە شەپۆلێکی گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی و شاخەوانیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردوە کە لە دیارترینیان سەپاندنی حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بە سەر زارا محەممەدی چالاکی فەرهەنگی و مامۆستای زمانی کوردی و هەروەها بەندکردنی دەیان ژنی چالاکوانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. هەر بۆیە لێرەوە داواکارم لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کە لە بەرامبەر ئەو ناعەداڵەتییەی دژی چالاکانی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچێ، بێدەنگ نەبن.

جارێکی دیکە حەفتا و پێنجەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پیرۆز بێت.

---

# پەیامی پیرۆزبایی دانا حاجی عەبدواڵڵە بەرپرسی بنکەی توندووتیژی دژ بە ژنان لە کۆیە



**هاوڕێیان وخۆشەویستانم لەیەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان ، ئەویادەتان باش**

سەرەتای پەیامەکەم لەیادی٧٥ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان درودو سڵاو دەنێرم بۆدامەزرینەری ڕێکخراوەکەتان خاتوو مینای قازی هەرلەو یادەدا درود و سڵاو بۆ هەردوو سکرتێری شەهید خاتوو نەسرین حەداد و هاوڕێی ئازیزم خاتوو سۆهەیلا قادری دەنێرم.

هەرلەویادەدا چڵەنێرگزی بەهەری ئەمساڵ ئەکەم بەیەخەی یەکەیەکەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەتان و یادەکەتان لێ پیرۆزدەکەم وەهیوادارم هەموولایەکمان ماندونەبین لەداکۆکیکردن لەمافەڕەواکانی ژنان وەهەرلێرەوەبەڵێنتان پێدەدەین کەچۆن لەڕابردو پشتیوان وهاوکارتان بووین لەداهاتوشدا بەهەمان گڕوتین لەخزمەتتان دادەبین بۆئەوەی بەهەموولایەکمان بەیەکەوەهەنگاوبنێین بۆبەدیهاتنی خەونەگەورەکانمان کەسەربەخۆی وولات ویەکسانی ژن وپیاو عەدالەتی کۆمەڵایەتی .

جارێکی تریش بەرزوپیرۆز بێت ٧٥ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتی **ژنانی دیموکڕاتی کوردستان**

**لەگەڵ ڕێزم**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وەفا بۆ ٧٥ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی و یەکسانیدا



**تێکۆشەرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!**

حەفتاو پێنج ساڵ لەمەبەر لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستان دا بۆ یەکەم جار ڕێکخراوێکی ژنان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دامەزراو تا ئێستا بە گوێرەی هەل و مەرجی ناوچەکە, کەم و زۆر چالاکیەکانی بۆ دەستەبەر کردنی یەکسانی و مافی نەتەوەیی لە کۆمەڵگا دا بەرێوە بردوە. هەربەو بۆنە پیرۆزەوە لە پێشدا ڕێزو ئەمەگناسی خۆم پێشکەشی بنیاتنەرو دامەزرێنەری یەکیەتی ژنان، قازی محەممەدی نەمر دەکەم، کە هەر ٢ مانگ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان مزگێنی ئەو ڕووداوە ی لە هەلو مەرجی عەشیرەتی و دواکەوتوویی ئەو کاتی کوردستان دا ڕاگەیاند.

دواتر پیرۆزبایی گەرمی خۆم پێشکەشی هەموو ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەکەمو سەری ڕێز و وەفا دادەنوێنم بوشەهیدانی سورخەلات، بەتایبەتی دوو سکرتێری یەک لە دوای یەکی ڕێکخراوەکەمان، شەهیدان نەسرین حەددادو سۆهەیلا قادری. بەو هیوایە ڕێگای خەباتیان تا وەدی هاتنی ئامانجەکانیان کە یەکسانی کۆمەلگایە ئاوەدان بێت.

ڕێکخراوەکەمان لە کاتێک دا یادی حەفتاو پێنج ساڵەی خۆی دەکاتەوە کە لە وڵاتەکەماندا ژن خاوەنی سەرەتاییترین مافی ئینسانی نیە. هەموو دەنگو بزووتنەوەیەکی ژنان لە لایەن دەسەلاتدارانی ڕێژیم کپ دەکرێ. زۆربەی ژنان لە ژێر ئەو هەموو فشارەی کە لەسەریانە، بێ هیوا لە داهاتوو، کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. بەلام لە بەرامبەر دا هەشە کە بە خۆشیەوە بەشێکی زۆر لە ژنان ڕۆڵێکی باش و سەرکەوتوو دەگێرن و لە ڕێگای هەموار کردنی خەبات دەبنە ڕێنیشاندەر و لە زۆر بوار دا شان بە شان پیاوەکان و بگرە زیاتر لەوانیش تێدەکۆشن.

هەر بۆیە دەبێ یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان حەول بدا هەلە زێرینەکان بقۆزێتەوە و پەل و پۆ بهاوێژێت و حەولی بە ئاکام گەیاندنی خەباتی یەکسانی لە پاڵ خەباتی نەتەوەیی بدا.

لە کۆتایی دا هیوادارم بە هەوڵی هەمە لایەنە چالاکیەکانی ژنان بەرینتر ببێتەوە و ژنان لەسەر داواکانیان شێلگیرتر لە ڕابردوو بن.

جارێکی دیکە ٢٤ی ڕەشەمە حەفتاو پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە هەموو لایەک پیرۆز بێت.

**شوعلە قادری**

**٢٠٢١/٠٣/١٢ سوئێد**

# پەیامی پیرۆز بایی "یەکێتی ئافرەتانی کوردستان " مەکتەبی سکرتاریەت ، بەبۆنەی ٧٥مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
مەکتەبی سکرتاریەت

ژمارە: ١٨٦
ڕێکەوت: ٢٠٢١/٣/١٦

"ئێوە شەر بۆ ئازادی و مافی خۆتان بکەن بەڵێتان پێدەدەین وەکو سەربازێک لەژێر بەرپرسیارێتیی ئێوەدابین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانتان" (سەرۆک بارزانی)

هاوڕێیانمان سکرتێر و دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان

سڵاوی یەکسانی:

حەفتا و پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان پیرۆز بێ و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازین.

یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوێکی دێرین و خاوەن شانازی بەشدارییە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەو پێناوەشدا قوربانی زۆری داوە.

ڕێکخراوەکەتان جێ پەنجەی لە خەباتی یەکسانخوازی ئافرەتانی کوردستان و هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بە مافە مرۆڤایەتییەکانیان وەک ئافرەت و مافە نەتەوەییەکان وەک نەتەوەی کورد و پێویستی بەشداری و ڕۆڵبینینی کاریگەرانەی ئافرەت لە بزاڤە ئازادیخوازەکەی گەلی کورد هەیە و هەر ئەوەشە وایکردووە دوای دەیان ساڵ هەر بەردەوام بێ و توانای بەرەنگاری بارودۆخە سەختەکان و ڕاگەیشتن بە گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەبێ و ئامانجەکانی ڕوو لە پێشکەوتن ئاراستە بکا.

بەو بۆنە شکۆدارە جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هەمیشە خوازیاری پەیوەندی بەهێز و هیواداری سەرکەوتن و پێشکەوتنتانین.

وێڕای ڕێز

www. helinmedia.org
E-mail: women.union@helinmedia.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی پیرۆزبایی قادر وریا
# ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**پیرۆزبایی وپشتیوانی بە بۆنەی**

**٧٥ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات**

**بەڕێز کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!**

**سڵاو و ڕێز**

بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە گەرمی پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و لە ڕێگای ئێوەوە پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی ئەندامی ئەو یەکیەتییە دەکەم و، بۆ کۆمیتەی بەڕیوەبەری و هەر وەها بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە گشتی سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا بە ئاوات دەخوازم.
یەکیەتییەکەتان دەبێ شانازی بە خۆیەوە بکا کە یادگاری کۆماری کوردستانە و، وەک بە تەمەنترین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە کوردستان، لە هێنانە مەیدان ژنانی خەباتگێڕی کورد بۆ بەشداری لە خەباتی ڕەوای نەتەوە بندەستەکەیان و، داواکردنی مافی یەکسانی بۆ ژناندا پێشەنگ و ڕچەشکێن بووە. ئەوەش کە لە سەر پێشنیار و پشتیوانیی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان دامەزراوە و، مینا خانم، هاوسەری سەرکۆماری کوردستان، یەکەم بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە بووە، ڕێز و ئیعتیباری یەکیەتییەکەتانی ئەوەندەی دیکە زیاد کردوە.
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەی پتر لە ٤ دەیەی ڕابردووشدا، زۆر لاپەڕەی پڕشنگداری لە بواری تێکۆشانی جۆراوجۆر، لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کردوە. بە سەدان ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی ئەندامەتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، تێکەڵ بە خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بوون؛ بە دەیان کادری لێهاتووی ژنان لە ڕیزەوی تێکۆشان لە ڕیزەکانی ئەو یەکیەتییەدا، پەروەردە بوون. یەکیەتیی ژنان سەرچاوەی زۆر چالاکی و کۆڕ و کۆبوونەوە و بەرنامەی فەرهەنگی و فێرکاری وخەباتکارانە بووە. ژنانێکی لێهاتوو و شوێندانەریش لە ڕەوتی خەبات بۆ ئامانجە بەرزەکانی ئەو یەکیەتییەدا، گیانیان لە دەست داوە. لەم بۆنەیەدا وێڕای یادکردنەوە لە مینا خانم، یەکەم بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات و هاوسەری سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، سڵاویش دەنێرم بۆ گیانی دوو خانمی خەباتکار، دوو لە سکرتێرەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، نەسرین حەدداد و سوهەیلا قادری کە لە تاوانی گەورەی ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامی دژی حیزبی دیموکرات، لە مووشەکبارانی قەڵای دیموکراتدا، شەهید بوون.
لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستاندا، ئارەزوو دەکەم یەکیەتییەکەتان دڵگەرم بەو ڕابردووە لەمێژینەیە و ئەزموونەکانی چەند دەیەی ڕابردوو، هەر وەها پشت ئەستوور بە ئیرادەی ژنانی یەکسانیخواز و، پشتیوانیی پیاوانی دیموکرات و پێشکەوتنخواز، بە گوڕ وەک ڕابردوو، بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی تێ بکۆشێ. بە ئەرکی خۆشمی دەزانم کە پشتیوانی وهاوپێوەندیی خۆم لە گەڵ یەکیەتییەکەتان بە تایبەتی و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستان بە گشتی دووپات بکەمەوە.

**پیرۆز بێ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان،**

**سەرکەوێ خەباتی یەکسانیخوازی لە کوردستان و سەرانسەری جیهان.**

**قادر وریا**

**٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ (١٤ی مارسی ٢٠٢١)**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ کتێبخانەی گشتی کۆیە



سەردانی کتێبخانەی گشتی کۆیەی کردو لە نزیکەوە چاوی بە بەڕێوەبەری کتێبخانە بەرێز ماموستا ئارام سالح کەوت.
لەدرێژەی ئەو دیدارەدا هەیئەتی یەکیەتیی ژنان رێزو سپاسی خۆی پێشکەش بە بەڕێز ئارام سالح کرد کە لە پێناو ڕۆشنبیر کردنی خەڵکی شاری کۆیە کە بە ئامانجەوە کارەکانیان دەکەن کرد.
لەکۆتاییدا هەدوولا جەختیان لەسەرهاوئاهەنگی و کاری هاوبەشدا کرد.

## دەسبەسەرکران و بانگهێشت‌کردنی ١٢ چالاک و هونەرمەندی ژنی کورد لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوو دا



بە پێی ڕاپۆرتی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوو شەپۆلی نوێی دەستبەسەرکردن و بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان و چالاکانی کورد دەستی پێ کردووە، لەناو دەستبەسەرکراوەکاندا کە ژمارەیان زیاتر لە ١٠٠ کەسە، شەس ژنەچالاک بەناوەکانی دەریا تاڵەبانی، ئەسرین محەممەدی، عەزیمە ناسری، ڕۆژین محەممەدپوور، فەریبا ئەحمەدی و ڕۆئیا جەلالی تا ئێستاش لە دەسبەسەرگەکانی ئیتلاعات لە ژێر لێپێچینەوەی ناەودە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمدا چارەنوسیان نادیارە.
هەر لەم ماوەیەدا پێنج هونەرمەندی ژن بەناوەکانی ئیلهام یەزدانیپوور، سەمیرا فەرەحناکی، نەستەرەن یەزدانیپوور، نازەنین ئەتابەکی و مەلیحە مورادی، لەئەندامانی گرووپی مۆسیقای گلاریس، دوای بانگهێشت کردنیان بۆ دادگای کرماشان، هەروەها ئارەزوو موستەفایی، کچە شاعێری ١٧ ساڵانی خەڵکی مەریوان، دوای بانگهێشت کرانی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان، خراونەتەژێر لێپرسینەوە و دواتر بەوەرگرتنی بەڵێننامەئازاد کراون.

## سەردانی بەڕێز مستەفا مەولودی جێگری سکرتێری حیزبی دێموکرات بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ١٤ی ڕێبەندان بەڕیز "مستەفا مەمولودی" جێگری سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ "حەسەن شێخانی" ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان و "کەریم فەرخە پوور" کادری حیزب، سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرییەوە پێشوزیان لێکرا.
لەو سەردانەدا بەڕێز مەولودی باسی لە گرینگی پێوەندی و هاوئاهەنگی ڕێکخراوی ژنان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان و هەروەها کرد و باسێکی لە دۆخی ئێستای ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و پێی وابوو کە ئەوەی کۆمەڵێک ژنان لە ناو ڕەشبگیرییەکانی ڕێبەندانی ئەوساڵ دەبینێرن، نشانە چالاکی و دیاربوونی ژنان و ترسی ئەو ڕێژیمە لە ژنان و حزوورییانە.
خاتوو "موژگان عەلیپوور"سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئاوڕێکی لە چالاکیی چەند مانگی ڕابردووی ڕێکخراوەکە دایەوە و پێی وابوو کە بزووتنەوەی ژنان ئێستا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیندووترین بزووتنەوەیە کە تێیدا خواستی ژنان وێڕای خواستە سیاسییەکان دەچێتە پێشێ کە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی هەوڵی داوە لە نێوخۆ و لە باشوور و لە دەرەوەی وڵاتیش، ئاراستەی کارو چالاکییەکانی بۆ هاوتەریب و تێکەڵ کردنی ئەو ویست و داخوازییانە، بەڕێتە پێش.
لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا بەڕێز "حەسەن شێخانی" ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان بە ئاوڕدانەوەیەک لە کارو تێکۆشانی چەند مانگی ڕابردووی یەکیەتیی ژنان، گوتی: یەکیەتیی ژنان لەو ماوەیەدا چالاک بووە و بەتایبەت گرنگیدانیان بە بواری پەروەردە بەرز نرخاند. ناوبراو هیوای خواست کە وێڕای بەردەوامی لە کار و بەرپرسیارێتی، هەوڵ بدەن ئاستی چۆنایەتیی کارەکانیان ببەنە سەرتر و بە کەڵکوەرگرتن لە عەقڵی گشتی و ڕێکخستنی وزە و توانای توێژی ژنان، کاری بەرجەستە و شوێندانەر لە کارنامەی داهاتوویداندا تۆمار بکەن و لە ئەجێندای کاریاندا ژنانی نێوخۆی وڵات، خەمی سەرەکییان بێ.

لە کۆتاییدا بەشدارانی ئەو دانیشتنە هەرکام و را و تێبینیەکانی خۆیان لەسەر باسە پێوەندیدارەکان هێنایە بەرباس.



# بزوتنەوەی ژنان هاوشان و هاوکاتە لەگەڵ ویستەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی و ئایینی و...

نووسەر: مەسعوود کیمیایی
وەرگێران لە فارسییەوە: کەیوان بێکەس

کۆمەڵگای کوردستان ساڵانێکە لە ژێر کاریگەری زۆڵمگەلێکی جوراوجور دایە لە چەشنی، زولمگەلی چینایەتی، نەتەوەیی و ئایینی و..هتد.

سەرباری ئەم زوڵمانە شتێ کە لە ڕادەبەدەر بەرۆکی کۆمەڵگای گرتووە کێشەی ڕەگەزایەتییە و زولمگەلێکی زۆر لەم بوارە دا دەکرێ، کە دەبێ زیاتر بایەخی پێ بدرێ و خەم خواردووتر بە پیرییەوە بچین.

بەرنگاربوونەوە بۆ لەناو بردنی ئەم بابەتانە هەردەم سەرەکی ترین کاری ئەم گەلە بووە و شەڕ و بە گژ داچوونەوە بەرامبەر بەم بابەت و زوڵمانە وەک دوانەیەکی لێک دانەبڕاو بووە بۆ کۆمەڵگا. ئەگەر تا ئێستا تەواوی چینە جیاجیاکانی ئەم گەلە بۆ لەناو بردنی ئەم سیستمە دیکتاتۆرە و لەناو بردنی ئەم زوڵمانە شەڕیان کردووە، لەم سەردەمەدە ئەم شەڕ و بەرەنگار بوونەوەیە چەند ڕەهەندی نوێی وەک مافی زوڵم لێکراوان، نەهێشتنی زولمی نەتەوەیی و نەهێشتنی زوڵمی ڕەگەزایەتی بەخۆوە گرتووە.

زوڵم و کێشەی ڕەگەزایەتی لە کوردستاندا کێشەیەکی لەمێژینە و مێژووییە و شەڕ کردن لەگەڵ ئەم ڕەهەندە پڕ زوڵمە دەگەڕێتەوە بۆ دوای پێکهاتن و گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی، ئێستاش داخوازییەکانی بزوتنەوەی ژنان هاوشان و هاوکاتە لەگەڵ ویستەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی، چیناتەتی و ئایینی و..هتد

مێژووی بزوتنەوەی ژنانی کوردستان و هەوڵدەرانی ئەم ڕێیە، سەلماندوویانە کە بە بێ ڕەچاو کردنی مافی ژنان هیچ حوکمەتێکی دیموکڕات لە ئێران و کوردستان بە حوکمەتێک فەرمی ناناسرێ.

ئاماژەیەکی کورت و پوخت بە مێژووی خەبات و خواستەکانی ژنان، ئەم بابەتە بە باشی ڕوون دەکاتەوە. مێژووی خەباتی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێک کە مەستوورەی ئەردەڵان واتە یەکەم مێژوو نووسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تێدا بەرهەم هاتووە. دەگەیتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە ژنان لە خەباتتدا شان بە شانی پیاوان و بە جل و بەرگی پیاوانەوە لە سەنگەرەکاندا بوونیان هەبووە. دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ژنانی هاوشێوەی قەدەم خێر کە بە ڕێبەری ڕاپەڕینی "پشت کوە" گەیشت.

یان ژنگەلێک کە مێردەکانیان لە بەرەی شەڕ بوون و بوێرانە مانەوە و منالّیان پەروەردە کردن و دەردی بێکاری، شەڕ، دەسدرێژی، برسێتی و ئاوارەییان کێشا. هەر چەند ئەم بابەتە کەمتر لە لایەن مێژوو نووسان و قەڵەم بە دەستان نووسراون و کەمتر بە هۆیەک بۆ براوە بوون لە شەڕەکاندا و درێژەدار بوونی ژیان و مانەوەی کۆمەڵگا هاتوونە هەژمار، بەڵام زۆربەی مێژوو نووسانمان پیاوانن و هەر دەم شەڕ و خەباتی چەکدارانەی خۆیان تۆمار دەکەن و شۆڕش و خەباتی ژنان لەبەر چاو ناگرن. هەر بۆیە جێی ئاماژەیە تیشکێک بخەینەوە سەر کەسانێکی دڵسۆز و بە ورە لە چەشنی حەفسەخانی نەقیب و مینا خانم و دەیان ژنی تر کە جگە لە هاوکار بوونی بزووتنەوە و شۆڕشەکانی گەل، هاوکاری ژنان بوونە بۆ چارەسەر کردنی




کێشەکانیان و هەروەها لە دانانی قوتابخانە بۆ کچان و هان دانیان بۆ چوونە بەرخوێندن و بایەخ دان بە خۆ پەروەردە کردنی ژنان ڕۆڵیان هەبوو و شۆڕش و خەباتیان نەخشاندووە. یان دەتوانین بڵێن ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێک کە ژنان هەوڵیان داوە لە بوارەکانی، ڕۆژنامەوانی، نووسەری، شاعیری و هونەرەکانی تردا، ڕێچکە شکێنی بکەن و خۆیان بسەلمێنن، وەک ژنانێکی لە چشنی "ڕۆشن بەدرخان" بە شاعیری و ڕۆژنامە نووسی و "مریەم خان" گۆرانیبێژ و دەنگ خۆش و خۆشەویستی خەڵک و هەروەها ژنی نەناسراو بیرمەندی ئەم چاخە "ڕووناک یاسین" (٢٠٠٢_١٩٢٠) لێکۆلەر، کەونینە ناس، مێژووکار، ڕەخنەگر و مامۆستای زانکۆکانی هارڤارد و دووبلین بووە. ئەم بابەت و ڕاستییە مێژوویانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێک کە ژنانی کوردستان وێڕای ژنانی دنیا بۆ وەدەست هێنانی ماف و ویستە ڕەواکانی خۆیان، ڕاپەڕیون و شۆڕش و خەباتیان کردووە و بۆ یەک بوونی ژن و پیاو و گەشەی هزر و عەقڵی فیمینیستی لە کوردستان و ناساندنیان بە خەڵک هەوڵیان داوە.

لە کۆتایی دا ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە سەر ئەم دەور و چاخە و ژنانێک لە چەشنی شەهید سۆهەیلا قادری و شەهید نەسرین حەدادما بووە و ڕێگایان ئێستاش کە ئێستایە درێژەی هەیە و پۆل بە پۆل کچان و ژنانی گەل دێنە ڕیزی تەوارەکانی شۆڕشگێری ئەم ڕێ و ڕێبازە و بۆ ویست و مافە رەواکانی خۆیان شان بە شانی پیاوان جل و بەرگی پیرۆژی پێشمەرگەیان پۆشیوە و خەبات دەکەن و چ باشە و چ شانازییەکە کە بیر و هزری ژنان و ویستەکانیان کەوتۆتە چوارچێوەی ئەدەب، سیاسەت و کۆمەڵگاو ئابووری کوردستان و بەردەوام بەردەوامن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فارسی



شهاب کاکەخزری

# تجاوز در بستر زناشوویی

قسمت سوم

موضوع مقاله :
بررسی تطبیقی خشونت و تجاوزهای جنسی در ازدواجهای مشروع از لحاظ حقوقی و پیامدهای روان شناسی در رابطه به موضوع مورد بررسی :
چکیده :
تجاوز زناشویی به هر فعالیت جنسی که توسط یک فرد ازدواج کرده یا ازدواج نکرده که با دیگری رابطه همزیستی دارد ، بدون رضایت فرد دیگر انجام گیرد، اطلاق می گردد. شامل نوازش کردن، رابطه جنسی دهانی ، آمیزش مقعدی یا سایر فعالیت های ناخواسته یا اجباری می باشد ، این تعریف همچنین اعمال جنسی را که فرد قصد دارد بر خلاف میل فرد مقابلش انجام دهد را شامل می شود.
زنان بصورت بالقوه نه تنها در عرصه ی عمومی مورد تجاوز قرار می گیرند بلکه درخانه در بستر زناشویی هم از این گزینه در امان نیستند به گونه هایی که می توان گفت این شکل از تجاوز شایع ترین فرم تجاوز حتی بیشتر از هر دو شکل تجاوز توسط آشنا و بیگانه است .تجاوز جنسی زناشویی در تمام حد مرزهای اجتماعی ، اقتصادی ،سن ، نژاد،تومیت ها ،سطوح آموزشی می تواند اتفاق افتد و همین باعث شده که در بسیاری از کشورهای جهان ازلحاظ حقوقی قوانینی برای حفظ و کاهش این موارد انجام گیرد .

بررسی تطبیقی خشونت و تجاوزهای جنسی در ازدواجهای مشروع از لحاظ حقوقی و پیامدهای روان شناسی در رابطه به موضوع مورد بررسی :

لغو مصونیت قانونی تجاوز زناشویی:

در سال ١٩٩١ در پرونده ی RvR دادگاه استیناف و به دنبال آن مجلس اعیان انگلیس برای اولین بار امکان تجاوز مرد به همسر خود را به رسمیت شناخت. در این پرونده زن و مرد در ماه آگست ازدواج کرده بودند در ١١ نوامبر به مدت چند روز جدا شدند و در ٢١ اکتبر که در حال طلاق گرفتن بودن چند روز که زن و مرد جدا شده بود و درخواست طلاق کرده بود مرد چند روز بعد از این درخواست هنگامی که کسی خونه نبوده است وارد خانه مادر همسر شده و به زور با زن رابطه ی جنسی برقرار کرده در این راستا زن مورد ضرب و شتم قرار گرفته است. مرد توسط پلیس دستگیر شده و به ٣ سال حبس بابت تجاوز و ١٨ ماه ضرب و شتم محکوم شد.

در بسیاری از کشورهای جهان همچون کانادا – دانمارک – سوئد، نروژ ، استرالیا و... مرد نمی تواند بدون رضایت زنش با او رابطه جنسی داشته باشد و اگر این اتفاق علی رغم فی لفت زن رخ بدهد عمل مرد تجاوز محسوب می شود و دارای مجازات کیفری است. در آمریکا نخستین حکم تعقیب به علت تجاوز جنسی در زندگی زناشویی علیه جمیز کرتین در سال ١٩٧٩ صادر گردید قوانین و کشورهایی که تجاوز جنسی زناشویی را غیر قانونی و جرم کیفری دانستند با تغییر و رشد دیدگاه های اجتماعی و محکومیت بین المللی خشونت جنسی در ازدواج و خانواده دادگاه ها قوانین حقوقی تجاوز جنسی را در داخل ازدواج نیز اعمال کردند. در حال حاضر در کشورهای بسیاری وضعیت این قانون شفاف نیست زیرا این قوانین در دادگاه های بسیاری از کشورها محک زده نشده اند. حقوق جزایی ١٨٦٠ هندیکه در کشورهای منطقه مشتق شده است می گوید که « رابطه ی جنسی یک مرد با همسرش تجاوز جنسی نیست».(١٦)

اتحاد شوروی (١٩٢٢ تا ١٩٦٠)، لهستان (١٩٣٢)، چکسلواکی(١٩٥٠)، برخی دیگر از اعضا بلوک کمونیست شرق، سوئد (١٩٦٥)، نروژ (١٩٧١)، اسلونی، سپس جمهوری سوسیالیست اسلوونی در یوگوسلاوی فدرال ١١٩٧٧ کشورهای پیشرو در اروپا بودند که تجاوز جنسی زناشویی را غیر قانونی و جرم کیفری اعلام کردند. دیوان عالی اسرائیل در حکم سال ١٩٨٠ تجاوز زناشویی را در قانونی براساس تلمود به عنوان تجاوز جنسی تأیید کرد(٣٧) در استرالیا فرایند غیر قانونی شدن با دولت نیوساوت ولز در ١٩٨١ آغاز شد. در اتریش (١٩٨٣) (٣٩) تجاوز زناشویی غیر قانونی شد ( در ٢٠٠٤ به عنوان جرم ایالتی و دولتی شناخته شده بدان معنی که حتی در صورت غیاب شاکی (همسر) همچنان توسط دولت قابل پیگرد قانونی است (٤١) در اسپانیا حکم دیوان عالی در ١٩٩٢ اعلام کرد که آمیزش جنسی درون ازدواج باید با رضایت باشد وضعیت در ازدواج می بایست در چشم انداز اصل آزادی شخص برای گیری درباره ی خودش با احترم به تحرک جنسی او فهمیده شود، از این رو مردی که مرتکب تجاوز شده باشد محکومیت در توسط

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فارسی

بررسی تطبیقی خشونت و تجاوزهای جنسی در ازدواجهای مشروع از لحاظ حقوقی و پیامدهای روان شناسی در رابطه به موضوع مورد بررسی :

لغو مصونیت قانونی تجاوز زناشویی:

در سال ۱۹۹۱ در پرونده ی RvR دادگاه استیناف و به دنبال آن مجلس اعیان انگلیس برای اولین بار امکان تجاوز مرد به همسر خود را به رسمیت شناخت. در این پرونده زن و مرد در ماه آگست ازدواج کرده بودند در ۱۱ نوامبر به مدت چند روز جدا شدند و در ۲۱ اکتبر که در حال طلاق گرفتن بودن چند روز که زن و مرد جدا شده بود و درخواست طلاق کرده بود مرد چند روز بعد از این درخواست هنگامی که کسی خونه نبوده است وارد خانه مادر همسر شده و به زور با زن رابطه ی جنسی برقرار کرده در این راستا زن مورد ضرب و شتم قرار گرفته است. مرد توسط پلیس دستگیر شده و به ۳ سال حبس بابت تجاوز و ۱۸ ماه ضرب و شتم محکوم شد.

در بسیاری از کشورهای جهان همچون کانادا – دانمارک – سوئد، نروژ ، استرالیا و... مرد نمی تواند بدون رضایت زنش با او رابطه جنسی داشته باشد و اگر این اتفاق علی رغم فی لفت زن رخ بدهد عمل مرد تجاوز محسوب می شود و دارای مجازات کیفری است. در آمریکا نخستین حکم تعقیب به علت تجاوز جنسی در زندگی زناشویی علیه جمیز کرتین در سال ۱۹۷۹ صادر گردید قوانین و کشورهایی که تجاوز جنسی زناشویی را غیر قانونی و جرم کیفری دانستند با تغییر و رشد دیدگاه های اجتماعی و محکومیت بین المللی خشونت جنسی در ازدواج و خانواده دادگاه ها قوانین حقوقی تجاوز جنسی را در داخل ازدواج نیز اعمال کردند. در حال حاضر در کشورهای بسیاری وضعیت این قانون شفاف نیست زیرا این قوانین در دادگاه های بسیاری از کشورها محک زده نشده اند. حقوق جزایی ۱۸٦۰ هندیکه در کشورهای منطقه مشتق شده است می گوید که « رابطه ی جنسی یک مرد با همسرش تجاوز جنسی نیست».(١٦)

اتحاد شوروی (۱۹۲۲ تا ۱۹٦۰)، لهستان (۱۹۳۲)، چکسلواکی(۱۹٥۰)، برخی دیگر از اعضا بلوک کمونیست شرق، سوئد (۱۹٦٥)، نروژ (۱۹۷۱)، اسلونی، سپس جمهوری سوسیالیست اسلوونی در یوگوسلاوی فدرال ۱۱۹۷۷ کشورهای پیشرو در اروپا بودند که تجاوز جنسی زناشویی را غیر قانونی و جرم کیفری اعلام کردند. دیوان عالی اسرائیل در حکم سال ۱۹۸۰ تجاوز زناشویی را در قانونی براساس تلمود به عنوان تجاوز جنسی تأیید کرد(۳۷) در استرالیا فرایند غیر قانونی شدن با دولت نیوساوت ولز در ۱۹۸۱ آغاز شد. در اتریش (۱۹۸۳) (۳۹) تجاوز زناشویی غیر قانونی شد ( در ۲۰۰٤ به عنوان جرم ایالتی و دولتی شناخته شده بدان معنی که حتی در صورت غیاب شاکی (همسر) همچنان توسط دولت قابل پیگرد قانونی است (٤۱) در اسپانیا حکم دیوان عالی در ۱۹۹۲ اعلام کرد که آمیزش جنسی درون ازدواج باید با رضایت باشد وضعیت در ازدواج می بایست در چشم انداز اصل آزادی شخص برای گیری درباره ی خودش با احترم به تحرک جنسی او فهمیده شود، از این رو مردی که مرتکب تجاوز شده باشد محکومیت در توسط دادگاه بدوی تعیین خواهد شد(٤٤) بررسی تطبیقی خشونت و تجاوزهای جنسی در ازدواجهای مشروع از لحاظ حقوقی و پیامدهای روان شناسی در رابطه به موضوع مورد بررسی :

در فرانسه در سال ۱۹۹۰ در فرانسه در پی یک پرونده که مردی به همسرش تجاوز کرده بود دادگاه فرجام فرانسه موضوع همسران برای تعرض جنسی تحت پیگرد قانونی قرار داد در سال ۱۹۹٤ قانون ۹٤-۸۹ تجاوز زناشویی را غیر قانونی اعلام کرد (٥٦) قانون درم در ٤ آوریل ۲۰۰٦ تجاوز شرکت جنسی زناشویی به عنوان وضعیتی بدتر از تجاوز معمولی تحت پیگرد قانونی قرار داد(٥۷)

در سال ۱۹٤ در دادرسی ۲۲۳/۹٤۷ دادگاه استیناف ...

ادامه‌ی مقاله در شماره‌های دیگر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاڵبۆمێک لە جوانترین وێنەکانی میوانداری لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان











کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# ئاڵبۆمێک لە جوانترین وێنەکانی میوانداری لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan
No : 52 Date: April 2021

٧٥ ساڵەی دامەزرانی
یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستان

Celebration of the 75th anniversary of establishment
of Kurdistan Democratic Womens Union

## تا وەدیهاتنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان، نەسرەوتووانە خەبات دەکەین.

بەرز و پیرۆز بێ ٧٥ ساڵەی دامەزرانی
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

Kurdistan Democratic Women's Union
1945
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org